2015

# دروست کردنی سایتی بازرگانی ئەلیکترۆنی E-Commerce و کەسی و کۆمپانیاو..... بە بەکارهێنانی CMS




Instructor: Hemn Mk. Barznji
www.hemnbarznji.co
1/1/2015

# نەخشە سازی و درووست کردنی سایت، بە بەکارهێنانی

# جوومله

# Design and Development Website, Using Joomla 3.x

نووسینی:

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

کۆلێژی ئینفۆرماتیك – بەشی ئای تی، پەیمانگەی زانستی کۆمپیوتەر – بەشی ئای تی

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : نەخشەسازی و دروستکردنی سایت ، بە بەکارهێنانی ((جوومله))

نوسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

پیتچنین و نەخشەسازی : هێمن کەریم ئەحمەد

تیراژ : 2000 دانە

نۆبەتی چاپ : یەکەم

ساڵی چاپ : 2014 - 2015

**Mobile: 07701515582**

**E-Mail:dr.hemn@yahoo.com**

**Website:**

**www.hemnbarznji.co**

**Personal Website(Weblog):**

**www.hemn82.blogspot.com**

**Facebook:**

**facebook.com/hemn.barznji**

هەموو مافێکی لە چاپدانەوە و کۆپی کردنی پارێزراوە بۆ نوسەر

# نەخشە سازی و دروست کردنی سایت، بە بەکارهێنانی

# جوومله

## Design and Development Website, Using CMS of Joomla 3

نووسینی:

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

کۆلێژی ئینفۆرماتیك – بەشی ئای تی

**پێشکەشە بە:-**

- **رۆحی پاکی باوکی کۆچکردووم (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت)، ئەوی فیری کردم قەت رانەوەستم و، هەمیشە هەولبدەم و بۆ بەرزی بڕۆم.**
- **زانکۆی کۆمار، بەشی بازرگانی ئەلکترۆنیکی E-Commerce، کە پێموابێت لە هەموو ئێراقدا، تەنها لەو زانکۆیەئەم بەشە هەیە.**
- **دایکم و هەردوو براکەم.**
- **هەموو ئەو مرۆڤانەی بێوچان و بەردەوام لە هەولّی فێربوون و، بەخشـینی زانسـت دان.**
- **هەموو ئەو مامۆستایانەی لە حوجرەو قوتابخانەکانەوە، تا ئەمڕۆ، تـەنها وشـەیەك چییە لێیانەوە فێر بووبم.**
- **ئەو مرۆڤەی دەبێتە بە شێك لە ژیانم و خۆشم دەویّ و خۆشی دەوێم. ئەگەرچی نازانم کیّ یە و، چۆن و، کەی ؟!!**

## پێشەكی :

نەخشەسازی و دروست كردنی سایت، بۆ تە پێویستی یەكی گرنگ و، هەنووكەیی و، وەك یەكێك لە وانەكانی بەشەكانی زانستی كۆمپیوتەر و، ئایتی، و ...... لە زانكۆ و پەیمانگاكاندا، دەخوێندرێ و، زۆریش پێویست و گرنگە فێرخواز فێری درووست كردنی سایتێكی پرۆفیشناڵ و ئەكادیمی ببێت، دیارە لەو بەشانەی گونجاوە و، وانەی بەرنامە سازی ویب Web Programming– یان هەیە، لە سەرەتاوە تا كۆتای درووست كردنی سایت دەخوێنن، بەلام درووست كردنی سایت بەوەی هەموو كۆدەكە بنووسیت و، خۆت لە سفرەوە سایت درووست بكەیت، زۆر ماندووكەرەو، بۆ بواری بازرگانی ناشێت، ناكرێت درووست كردنی سایت وەكو بزنس بۆ خۆمان بەكاربهێنین، بەلام ئەگەر ماڵپەر Site بە سی ئێم ئیس (سیستەمی بەرێوەبردنی ناوەرۆك – Content Management System) درووست بكەین، ئەوا جوانترین ماڵپەریش پێشكەش دەكەین، بە كوالتی بەرز و، دیزاینی نایاب و، ئاسایشی باش، بەلام ماندووبوونی كەم و، تێچوونی كەم، هەم لەرووی كات و، هەم لە رووی مادییەوە. هەربۆیە بریارمدا كتێبی تایبەت بە نەخشە سازی و درووست كردنی سایت بە جوومله، ۆرد پرێس، درۆپاڵ، ئۆ ئیس كۆمێرس و ......، بخەمە بەردەست و، هەولیش بدەم لە زانكۆ و پەیمانگە دا بیلێمەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو كۆلێژ و، بەشانەی دەستی كار و، كەسی پرۆفیشناڵ بۆ بازار و، كار بەرهەم دەهێنن، وەكو بەشەكانی (داتابەیس، نێتۆرك، ئای تی، .......) لە زانكۆ و پەیمانگە حكومییەكان و، بەشی بازرگانی ئەلیكترۆنی E-Commerce و، كارگێری كار لە زانكۆتایبەتەكان دا.

بە دڵنیاییەوە تا ئەو كاتەی رەوتی فێربوون لە زانكۆكان دا، نەگۆرین بەرەو كرداریی و گرنگی بە راهێنانی پیشەی كرداریی Practical Vocational Training نەدەین، ناتوانین كاربكەین بۆ بەرهەم هێنانی كارمەندی بازار و، هەر دەبێت كۆمپانیا بیانییەكان بەگشتی و، ئیرانی و توركییەكان بەتایبەتی كارەكانمان بۆ بكەن، كە ئەمەش زانكۆ و پەیمانگاكان دەخاتە ژێر پرسیارەوە؟؟هەروەها كوالتی نزمیش پیشكەش بە فەرمانگە حوكومییەكان دەكەین.

هەر بۆیە لای خۆمەوە بریارم داوە زۆرترین كارەكانم تایبەت بكەم بە بواری كرداریی ئەكادیمی بۆ زانكۆ و پەیمانگەكان، هیوادارم خوای گەورە تەندرووستییەكی باشم پێببەخشێت و هیمەتم پێبدات تابتوانم زۆرترین خزمەت بە ولاتەكەم و نەتەوەكەم بكەم، تا بتوانم هەولی گۆرینی رەوتی فێركردن و شێوازەكەی لە كوردستان

بدەم و، کاریك بکەم مایەی شانازی بێت بۆ خۆم و نەتەوەکەم و، لانی کەم ئەوەندە گۆرانکاری بکەم، کە پێویستمان بە کۆمپانیا بیانییەکانی بواری ئای تی نەبێت، کە بە دڵنیاییەوە گەنجانی وڵاتەکەم زۆر لەوە بەهرەمەند تر و، بەتوانا ترن کە نەتوانن کاربکەن و، دەست بکەن بە درووست کردنی سایت ، دانانی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر ، درووستکردن و دانانی سیستەمی ئاسایشی ، درووست کردنی بنکەی زانیاری _داتابەیس_ ، درووست کردنی سیستەمی ژمێریاری و، درووستکردنی سیستەمی بانقەکان و درووستکردنی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن.

بەڵێنیش بە فێرخوازان دەدەم کە ئەم بەرهەمانەتان دەخەینە بەر دەست:

1. بەرنامە سازی کۆمپیوتەر Computer Programming.
2. بنەماکانی بەرنامە سازی بە زمانی جاڤا.Computer Fundamentals using Java .
3. ئۆ ئۆ پی بە زمانی جاڤا. OOP Using Java
4. نەخشەسازی ژێربێژی ژمارەیی Digital Logic Design. (هەنووکە لە نووسینی تەواو بووم)
5. ئاسایشی زانیاری Information Security. (هەنووکە لە نووسینی تەواو بووم)
6. پی ئێچ پیPHP. (هەنووکە لە نووسینی تەواو بووم)
7. نەخشەسازی و درووستکردنی سایت بە بەکارهێنانی وۆرد پرێس.
8. بنەماکانی بنکەی زانیاری Database Fundamentals.
9. پێکهاتەی زانیاری Data Structure.
10. گەیاندنی زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر Data Communications & Computer Networks.

# هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

کۆلێژی ئینفۆرماتیك – بەشی ئایتی

پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەر – بەشی ئای سی تی

2014/3/11

# بەشی یەکەم

## ناساندن

1.بەرنامە سازی و بەرنامە سازی وێب.

2.هەنگاوەکانی درووستکردنی سایت

# ناساندن

# Introduction

## وانەی یەکەم:

# ناساندنی بەرنامەسازی

# و

# بەرنامەسازی وێب

# بەرنامەكانی كۆمپیوتەر


# Computer Programs

كۆمەڵێك لە ڕێنووێنی و فرمانە Instructions كە كۆمپیوتەر ئاراستە دەكات بۆ جێبەجێكردن و ئەنجامدانی كارێك یان كۆمەڵە كارێك بە گوێرەی پێویست و ئەو كۆدەی نووسراوە بۆ دروست كردنی بەرنامەكە.

# زمانی بەرنامە سازی (زمانی بەرنامە داڕشتن)

# Programming Language

زمانەكانی بەرنامە سازی (بەرنامە داڕشتن) بەكاردێن بۆ دارشتن و دروست كردنی بەرنامە، كە ڕستەسازی و داڕشتن Syntax و، یاساكان Rules و كۆدی پێویست Code دابین دەكات بۆ نووسینی ڕێنووێنی و فرمانەكان Instructions ی ئەنجامدانی كردارەكان لە بەرنامەی كۆمپیوتەر.




# جۆرەكانی زمانەكان

# Types of Languages


لە بواری بەرنامە سازی و زمانەكانی كۆمپیوتەر دا، دوو جۆر زمان بەدی دەكرێت، بە مانایەكی تر زمانەكان دابەش دەكرێت بۆ دوو جۆر زمان، كە لێرەدا زۆر بە كورتی باسیان دەكەین.

# زمانە ئاست نزمەكان

# Low-Level Languages

زمانەكانی ئەم جۆرە پشت دەبەستێت بە ئامێر Machine – Dependent و، لەسەر يەك جۆری كۆمپيوتەر جێ بە جێ دەبێت، زمانەكانی ئامێر Machine Languge و زمانەكانی ئەسيمبلی Assembly Languages ، ئاست نزمن Low Level.

هەرچی زمانی ئامێريشە Machine Language تەنها زمانە ، كە ڕاستەوخۆ كۆمپيوتەر دەيناسێتەوەو، زنجيرەيەك ژمارەی دووانی Binary Digit بەكاردەهێنێت ، كە سفر (0) و يەكە (1)، لەگەڵ يەكپێكرتنی ژمارەكان و پيتەكان كە پيشاندانی ژمارەيی دوانی يە.



```
                                                00090
000090   50E0   30B2                            010B4
000094   1B44
000096   1B77
000099   1B55
00009A   F273   3006   2C91   01009             00C93
0000A0   4F50   3006                            01009
0000A4   F275   3006   2C7B   01009             00C70
0000AA   4F70   3006                            01009
0000AE   5070   304A                            0104C
0000B2   1C47
0000B4   5050   304E                            01050
0000B9   59E0   30B2                            010B4
0000BC   07FE
                                                000BE
0000BE   50E0   30B6                            010B9
0000C2   95F1   2C95          00C97
0000C6   4770   2002          00004
0000CA   1B55
0000CC   5A50   35A6                            01549
0000D0   47F0   2100          00102
0000D4   95F2   2C95          00C97
0000D9   4770   20E4          000E6
0000DC   1B55
0000DE   5A50   35AA                            0154C
0000E2   47F0   2100          00102
000102   1B77
000104   5970   304E                            01050
000109   1C47
00010A   4E50   3006                            01009
00010E   F075   3006   003E   01009             0003E
000114   4F50   3006                            01009
000119   5050   3052                            01054
00011C   59E0   30B6                            010B9
000120   07FE
                                                00122
000122   50E0   30BA                            010BC
000126   1B55
000129   5A50   304E                            01050
00012C   5B50   3052                            01054
000130   5050   305A                            0105C
000134   59E0   30BA                            010BC
000139   07FE
```

زمانی ئەسیمبڵیش Assembly Language ، ڕێنوێنی و فرمانەکانی Instructions ڕێکخراوە و ئامادەکراوە لە کۆدەکانی فرمانی و ڕێنمایی هێماییەوە، کۆدەکان و کورتکراوەکان گرنگ و مانا بەخشن، بەرنامەی سەرچاوەش Source Code کۆدی تێدایە بۆ گۆرینی بۆ زمانی ئامێر.

```
*          THIS MODULE CALCULATES THE REGULAR TIME PAY
CALCSTPY  EQU    *
          ST     14,SAVERTPY
          SR     4,4
          SR     7,7
          SR     5,5
          PACK   DOUBLE,RTHRSIN
          CVB    4,DOUBLE
          PACK   DOUBLE,RATEIN
          CVB    7,DOUBLE
          ST     7,RATE
          MR     4,7
          ST     5,RTPAY
          L      14,SAVERTPY
          BR     14
*          THIS MODULE CALCULATES THE OVERTIME PAY
CALCOTPY  EQU    *
          ST     14,SAVEOTPY
TEST1     CLI    CODEIN,C'O'
          BH     TEST2
          SR     5,5
          A      5,=F'0'
          ST     5,OTPAY
          B      AROUND
TEST2     SR     4,4
          SR     7,7
          SR     5,5
          PACK   DOUBLE,OTHRSIN
          CVB    4,DOUBLE
          PACK   DOUBLE,RATEIN
          CVB    7,RATE
          MR     4,7
          MR     4,=F'1.5'
          ST     5,OTPAY
AROUND    L      14,SAVEOTPY
          BR     14
*          THIS MODULE CALCULATES THE GROSS PAY
CALCGPAY  EQU    *
          ST     14,SAVEGPAY
          SR     5,5
          A      5,RTPAY
          A      5,OTPAY
          ST     5,GRPAY
          L      14,SAVEGPAY
          BR     14
```

## زمانە ئاست بەرزەکان

## High – Level Language

هەرچی زمانە ئاست بەرزەکانە، پشت بە ئامێر نابەستن و، دەتوانن لەسەر جۆری جیاوازی کۆمپیوتەر جێبەجێ بن، ئەمانیش دەکرێن بە 2 بەشی سەرەکییەوە، یەکەم: زمانەکانی تایبەت بە پەیرەو و جێبەجێکردنی کارو بارێك Procedural Languages. دووەم: زمانەکانی تایبەت بە تەنی ئاراستەکراو (زمانەکانی دارِشتنی تەن خوازیی) Object Oriented Languages:

***<u>Procedural Languages:</u>***


- **BASIC, BASICA, GWBASIC, QBASIC**
- **COBOL**
- **FORTRAN**

- **PASCAL**

***<u>Object Oriented Languages</u>***

- **JAVA** ➔ **Object Oriented**
- **C++** ➔ **Object Oriented**
- **SMALLTALK** ➔ **Object Oriented**
- **Alice (game programming)** ➔ **Object Oriented**
**(based on Java)**

- **VISUAL BASIC .NET** ➔ **Object *<u>Based</u>***




## جیاوازی نێوانی زمانی ئاست نزم و زمانی ئاست بەرز

## difference between low level language and High level Language

زمانەکانی بەرنامەسازی (بەرنامە دارشتن) ی ئاست بەرز، زیاتر پێکهێنرا و بنیات نراون و، نزیکن لە زمانی گفتوگۆ کردن و قسەکردنی مرۆڤەوە، هەروەها زیاتر ژیرانە و زرنگانەیە بە بەراورد بە زمانی بەرنامە سازی ئاست نزم.

زمانی بەرنامە سازی ئاست بەرز، ئاسانترە بۆ نووسین وخوێندنەوەو، هەروەها زۆرکات کاردەکات لەسەر سیستەمی کارپێکردنی جیاواز.نمونەی زمانە ئاست بەرزەکان، وەکو جاڤا، ڤیژوەڵ بەیسك، سی شارپ، سی ++، بەیسك، کۆبۆڵ و پاسکاڵ. زمانە ئاست نزمەکان، زمانەکانی ئەسیمبلێیە Assembly ، کە تایبەتی ئامێرە Machine.

کۆمپیوتەر ڕێنوێنی و فرمانەکان جێ بەجێ دەکات لە ئاستی باینەری Binaryدا، باینەریش بتەکانBits، کەیان سفر(0) یان یەکە(1)، رینووێنی فرمانە نووسراوەکان بە زمانی ئاست بەرز وەردەگێردرێت بۆ سفر و یەك، واتە بۆ زمانی ئاست نزم، بەهۆی وەرگێرەکانەوە Compiler، و ئەم شێوەیە زۆر بەهێزە و کۆمپیوتەر لێی تێدەگات.

## ئینتەرنێت چی یە ؟

## What is Internet?

ئینتەرنێت تۆرێکی گەورە و گشتی جیهانییە و، لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر و فراوانی ئامێر و تۆرەکان پێکهاتووە و، پێکەوە کاردەکەن بۆ گەیاندنی زانیارییەکان، وە دەتوانین بلێین : تۆڕەکانە و لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆلی گەیاندنی TCP/IP کاردەکات ، هەروەها هەندێك کات بەوە پێناسەدەکرێت: کۆمەڵگەی خەڵکە، کە تۆرەکان بەکاردەهێنن و، گەشەی پێدەدەن.

## خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت

## Internet Service

ئینتەرنێت توانیوویەتی ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری دابین بکات و، بەردەوامیش ەم خزمەتگوزارییانە لە زیابووندان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، باوترین و زۆرترین خزمەتگوزارییەکان ئەمانەن:

1- نامە و پەیامی ئەلکترۆنی ، ئیمەیڵ – E-Mail.
2- تیلْ نێت.
3- پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایل FTP.
4- خزمەت گوزاری تۆری هەواڵ و گفتوگۆکردن Usenetnews.
5- تۆڕی فراوانی جیهانی یان تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی (World Wide Web (WWW.

## ئێچ تی تی پی چییە؟

## What is HTTP?

ستانداری Hyper Text Transfer Protocol ـــــە و، بەمانای (پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی سەرو دەق)دێت، بەکاردێت بۆ گواستنەوەی دۆکۆمێنتەکانی سەرو دەق، کە تۆری جاڵجاڵۆکەی جیهانی (World WideWeb (WWW ی گونجاو دروست دەکات.

## یو ئارڕ ئیڵ چییە ؟

## What is URL?

یو ئارڕ ئیڵ، ستانداره بۆ Uniform Resource Locator و، بەمانای شوێن دیاری کەری (شوێندۆزی) سەرچاوەی جیهانی) دێت و، بەکاردێت بۆ دیاری کردنی ناونیشانەکان Addressess لە تۆڕی جالجالۆکەیی (فراوانی) جیهانی World Wide Webدا، ناسینەوەی بنەماکانی تۆڕە بۆ هەر سەرچاوەیەك کە گرێدرابێت بە وییەوە ( بۆنمونە: فایلی دەنگی، لاپەرەکانی سەرو دەق، وینەکان).

## ماڵپەر چییە؟

## What is Website?

کۆکراوەی لاپەرەی جیاوازە کەبە ئێچ تی ئێم ئێڵ HTML نووسراون، کە زمانێکی مارکەپە Markup Language ، شوێنێکە لەسەر تۆڕی ویب و، خەڵك دەتوانن بیدۆزنەوە و سەردانی بکەن.

هەر لاپەرەیەکی ئامادە و چالاك لە سایت (ماڵپەڕ)دا، پیی دەڵێن لاپەرەی وێب Web Page و، بەیەکەم لاپەرەی هەر ویب سایتێکیش دەوترێت لاپەرەی ماڵەوە (یان لاپەرەی سەرەکی) Home Page بۆ ئەو ویب سایتە.

## ڕاژەکاری ویب چییە؟

## What is Web Server?

هەر ویب سایتێك لەسەر کۆمپیوتەرێکە، کە ناسراوە بە راژەکاری وێب، ئەم راژەکارە هەمیشە گرێدراوە و پەیوەندە بە ئینتەرنێتەوە، هەر ویب سێرڤەرێك کە گرێدراوە و بەستراوە بە ئینتەرنێتەوە و پەیوەندە پێوەی بەهۆی ناونیشانێکی تاك و تەنهاوەیە و، ناونیشانەکان دووبارە نابنەوە، و بەم ناونیشانانە دەوترێت ئی پی IP Address.

کاتێك ناونیشانی وێب Web Address تۆماردەکەین، وەکو ناوی بوار (پاوان) Domain Name دەناسرێت،

## جۆرەکانی راژەکار

## Web Server Types

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرانەی راژەکاری ویبمان هەیە:

- Apache HTTP Server
- Internet Information Services
- Lighhtpd
- Sun Java System Web Server
- Jigsaw Server

## دارشتن و پەرەپێدانی وێب

## Web Development

زاراوەيەكى زۆر بڵاوە بۆ كاركردن و، دارشتن و دروست كردنى ويب سايت دەگريتەوە بۆ تۆرەكانى ئنتەرنێت، يان بۆ ئينترانێت، و دەتوانين بلێين پرۆسەى پەرەپێدان و دروست كردنى سايتە كە، پەرەپێدانى ناوەرۆكى ويب Web Content Development و، كۆدى لاى راژەكار Server – Side Code و كۆدى لاى راژە خواز Client Side Code و رێكخستن و ريزكردنى هەموو پێكهينەرەكانى راژەكارى وێب Web Server Configurations دەگريتەوە.

## دارێژەر و پەرەپێدەری وێب

## Web Developer

زاراوەى (دارێژەر و پەرەپێدەرى وێب – Web Developer) بۆ ئەو كەسە بەكاردەهێنرێت، كە هەڵدەستێت بە كردارى (دارِشتن و پەرە پێدانى وێب – Web Development) و، سايت دروست دەكات، بەهۆى نووسينى كۆدەوە بۆ سايتەكە، بە گويرەى ئەو شێوە و پێكهاتەيەيى نەخشە ساز Designerدروستى كردووە و ئامادەى كردووە بۆ ئەوەى بكريتە كۆد.

## نەخشەسازی کردنی وێب

## Web Design

نەخشەسازى كردنى وێب Web Design، كردارى دروستكردن و ئامادەكردنى رووكارى Interface ويب سايتە Web Site، بە گويرەى خواست و داواكارى ئەو كەسەى ماڵپەرەكەى بۆ دروست دەكەيت، بەلاّم پێويستە رەچاوى پێوەرە جيگيرەكانى دروست كردنى رووكاربكرێت، دەتوانين بلێين ئەم ديزاينە قالبيكە بۆ سايتەكە و، بەگويرەى ئەم ديزاينە سايتەكە دروست دەكريت و كۆدى بۆ دەنووسرێت.

نەخشە سازى كردنى سايت بەهۆى بەرنامەكانى وێنەسازى و گرافيكەوە، ئەنجام دەدرێت، وەكو فۆتۆشۆپ و .... ، بۆ دروست كردنى لۆگۆ و، بانەر و ليستى دووگمەكان و، ..... تەواوى پێكهێنەرەكانى ترى سايت.

## نەخشەسازی وێب

## Web Designer

نەخشە سازی وێب Web Designerئەو كەسەیە، كە هەڵدەستێت بە كرداری (نەخشە سازی كردنی وێب – Web Design) و، رووكارێك بۆ ماڵپەر دروست دەكات، كەوەك قاڵبێك دەبیت بۆ هەموو لاپەرەكانی سایتەكە، یان بۆ زۆربەی لاپەڕەكانی سایتەكە، و تیایدا لۆگۆی تایبەت بەو شوێنەی ماڵپەرەكەی بۆ دروست دەكرێت، هەروەها دووگمە و لینك و، لیست و .....، و دیاری كردنی شوێن بۆ هەر یەكەیان لە رووكارەكەدا، دانانیان بە خواستی خاوەن ماڵپەڕ .

## لاپەڕەكانی وێب

## Web Pages

لاپەڕەكانی وێب Web Pages، فایلە كە بە پاشگری htm. یان html. پاشەكەوت كراوە و، تاگەكانی ئێچ تی ئێم ئێل و نووسین HTML & Text تیایە، بەلاّم لەوانەیە كۆدی تری تیابێت، هەروەها خەزن كراوە لەسەر ڕاژەكار Server.

## جۆرەكانی لاپەرەكانی وێب

## Types of Web Pages

لاپەڕەكانی وێب Web Pages، بەشێوەیەكی گشتی دەكرێن بە دوو جۆرەوە، كە ئەوانیش، یەكەم: لاپەڕ جیگیرەكانی وێب Static Web Pages، دووەم: لاپەڕ بزۆكەكانی (جولاّوەكانی) وێب Dynamic Web Pages.

## لاپەڕە جیگیرەكانی وێب

## Static Web Pages

ئەم جۆرەی لاپەڕەكانی وێب، تەنها تاگەكانی ئێچ تی ئێم ئێل HTML Tages تیایە و، بەشێوەیەكی سادە زانیارییەكان پیشان دەدات و،ناوەرۆكەكەی ناگۆڕێت كاتێك لەلایەن بەكارهێنەرەوە User داوا دەكرێت .

## لاپەرە بزۆکەکانی وێب

## Dynamic Web Pages

لەم جۆرەی لاپەرەکانی ویبدا، ناوەرۆکەکان دەگۆڕێت و، ئەم گۆرانەش پشت دەبەستێت بە داواکاری بەکارهێنەر و، بەتەنها ئێچ تی ئێم ئێڵ HTML بەکارناهێنرێت لە دروست کردنی دا. دەتوانرێت ئەم لاپەرە جوڵاوانەی ویب دروست بکرێت بە بەکارهێنانی کۆدی لای راژە خواز Client – Side Code و، کۆدی لای ڕاژەکار Server – Side Code.

## سێ بەشی پێکهێنەر

## Three Components

بەشێویەکی گشتی سێ بەشی پێکهێنەری سەرەکی لە بەرنامە سازی و داڕشتنی وێب Web Programming دا، هەن و، بەشدارن، ئەوانیش: یەکەم:ڕایەڵە (تۆڕ) Networkکە بۆ بەرنامە سازی دابەش کراو سودی لێوەردەگیرێت، لەگەڵ گواستنەوەی ویب سایت لە راژەکارەوە Serverبۆ راژەخواز Client . دووەم: کۆدی لای ڕاژەکار Server - Side Code، کە پاڵپشتی ڕاژەکار Serverدەکات، وەکو پی ئێچ پی، سێرڤ لێت، ئەی ئێس پی دۆت نێت و جەی ئێس پی . سێهەم: کۆدی لای ڕاژە خواز Client – Side Code، کە پاڵپشتی ڕاژە خواز دەکات،وەکو ئێچ تی ئێم ئێڵ، ئەپلێت، سکریپت و سی ئێس ئێس.

## کۆدی لای ڕاژەکار

## Server – Side Code

لەم جۆرەدا، کۆدەکان لەلای سیرڤەر جێبەجێدەبیت و، کۆدەکە بە شاراوەی دەمێنێتەوە لە ڕاژە خواز Client ، هەروەها پشت نابەستێت بە ڕاژە خواز Client و ویبگەڕ Web Browser.

## کۆدی لای ڕاژە خواز

## Client – Side Code

لەم جۆرەدا، کۆدەکان لەلای وییگەڕ Browser جی بەجێ دەبێت و، هەڵدەستێ بە دابینکردنی گەڕانەوە بەشێوەیەکی خێرا، بۆ بەکارهێنەر و، لۆد Load ی سەر ڕاژە کار Serverکەمدەکاتەوەو ، هەروەها ترافیکی ڕایەڵەش Network Traffic کەم دەکاتەوە.

## ناوی بوار

## Domain Name

ناوی بوار یان پاوان، بەشێکی ناونیشانی ئینتەرنێتە کە بە دووای WWWدا، دێت، و بەهۆیەوە ناوچە و بوارەکانی هەر کەس و دام و دەزگایەك لەیەکتر جیادەکرێتەوەو، واپێویست دەکات ئەم ناوی بوارە ئاسانبێت بۆ بیرکەوتنەوە و، هەروەها ئاسان بێت بۆ نووسینی لە خانەی ناونیشانی وێبگەڕەکاندا Type of domain name.

## جۆرەکانی پاشگر و درێژکراوەی ناوی بوار

## Domain Name Types

ژمارەیەکی زۆر جۆری جیاوازی پاشگر و درێژکراوەی بوار (پاوان)ی ناونیشانی ئینتەرنێتمان هەیە، کە دەتوانرێت هەریەکێکیان هەلبژێردرێت بۆ ناوی بوار (پاوان) و، ئەمەش پشت دەبەستێت بە سروشتی کار ، بۆنمونە ئەگەر ماپەرەکەت پەروەردەیی بێت یان سایتی زانکۆ بێت، واباشترە پاشگری edu. بێت، یان ئەگەر ماڵپەرەکە هی تەلەفزیۆن بێت ئەوا پاشگری tv. و بەو جۆرە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی باو پاشگری com. بەکاردەهێنرێت، پاشگرەکان زۆرن و ئێمە لیرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەین:

com.: ستانداردێکە بۆ کۆمپانیا و بازرگانی، بەلأم بۆ هەموو سایتێك بەکاردێت.

net.: ستانداردێکە بۆ رایەڵە (تۆڕ – Network) و بەشێوەیەکی گشتی بۆ تۆڕی سایتەکان بەکاردێت.

us, .in.: ئەم پاشگرانە کورتکراوەی ناوی ولأتەکانە، وەکو ئێراق iq و سوبید se و ...... .

biz.: نوێترین پاشگرە و تایبەتە بە کار.

info.: ستانداری زانیارییە Information و، یەکێکی ترە لە پاشگرە نوێیەکان و، بەکارهێنانێکی زۆری هەیە.

tv.: ستدانداره بۆ تەلەفزیۆن.

## هەلبژاردنی ناوی بوار

## Choosing Domain Name

ئەمە گرنگترین هەنگاوە بۆ ناوی سایتەکەت، و پێویستە یان بلێین واباشترە ناوەکە کورت و مانادارییێت و ئاسان بێت، بە پێچەوانەوە پێویستە ناوی سایت زۆر درێژنەبێت و، واباشتریشە هێماکانی وەکو داش و .... تێدانەبێت.

## نیمچە بوار (پاوان) چییە؟

## What is sub domain?

دەتوانیت بوارەکەت Your Domain دابەش بکەیت بۆ چەند نیمچە بوارێك Sub Domain بە پێی داواکاری و پێویستییەکانت، ئەگەر بتەوێت چەند کارێك بکەیت ، ئەوا دەتوانی هەمان دۆمەین بەکاربهێنیت و، دابەشی بکەیت بۆ چەند سەب دۆمەینێك بە گوێرەی کارەکان، بۆنمونە کاتێك سەیری ماڵپەڕی گووگڵ دەکەینن دەبینین دۆمەینی سەرەکییە، بەلاّم دابەش کراوە چەند سەب دۆمەینێك بە پێی کارەکانیان، وەکو ئەم سەب دۆمەینانەی خوارەوە:

- http://adwords.google.com
- http://groups.google.com
- http://images.google.com

## خانە خوێی وێب

## Web Host

خانە خوێی وێب Web Host یان دابینکەری خانە خوێ (خانە خوێ پێدەر) Hosting Provider، ئەو کۆمپانیایانەیە، کە بۆشایی Space دابین دەکات بۆ لەسەر راژەکارێك Server بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت لەلایەن راژە خوازەوە Client، بەلاّم خزمەتگوزاری خانە خوێ پێدانی ویب Web hosting services جۆرێکی خزمەتگوزاری خانە خوێ پێدانی ئینتەرنێتە Internet Hosting Service کە رێگە بە کەسەکان یان رێکخراوەکان دەدات بۆ دروست کردنی وێبسایتی چالاك و ئامادە بۆ ئەوەی ببینرێت لەلایەن هەموو جیهانەوە. ئەم کۆمپانیایانە ئامێر و تەکنەلۆژیای پێویست و تەواویان هەیە بۆ ئەوەی سایتەکە چالاك و ئامادەبێت بۆ هەموو جیهان، 24 کات ژمێر لەرۆژێك دا، 7 رۆژ لەهەفتەیەك دا، هەروەها دڵنیایی تەواو بۆ خاوەن ماڵپەڕ دابین دەکات، کە ماڵپەرەکەی بەردەوام کاردەکات و چالاکە و دەکرێتەوە.

بە وریاییەوە دابینکەرێکی خانەخوێ Host Provider هەلبژێرە. چونکە خانە خوێی باش بەتەواوی پاڵپشتی سایتەکەت دەکات، بەلاّم خانە خوێی خراپ هەموو پاڵپشتی کردن و قبوولکردنێکت بۆ دابین ناکات.

هەندێك لە خانە خوێكانی وێب، دروستکەر و بنیاتنەری وێب دابین دەکەن، بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەمەش دەتوانیت لە ماوەیەکی کەم دا سایتەکەت دروست بکەیت،

## وێب گەڕ چی یە ...؟؟

## What is Web Browser ... ?

ویبگەڕ Web Brwser، بەرنامەیە، کەلەسەر ئامێری کۆمپیوتەر دادەبەزێنرێت و، بەکاردێت بۆ پیشاندانی لاپەڕەکانی وێب لە ئینتەرنێتدا، واتە کردنەوە و پیشاندانی ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت و، دەست گەیشتن بە زانیارییەکانی، وێبگەرەکان جۆریان زۆرە، وەکو نێتسکەیپ ناڤیگەیتەر، مایکرۆسۆفت ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر، و مۆزێلا فایەرفۆکس.

# وانەی دووەم:

# دروست کردنی سایت

## هەنگاوەكانی دروستكردنی سایت

## The Website Creation Steps

ئێستا ئەگەر بریارت داوە، سایتێك دروست بكەیت، ئەوا پێویستە پرۆسەكانی دروستكردنی سایت جێبەجێبكەیت ، كە بەشێوەیەكی گشتی ئەم 3 هەنگاوەی خوارەوە دەگرێتەوە، زۆر بە كورتی باسیان دەكەین:

| هەنگاوی یەكەم >> | هەنگاوی دووەم >> | هەنگاوی سێهەم>> |
|---|---|---|
| تۆماركردنی بوار (پاوان)<br><br>Register a Domain Name | خانە خوێی وێب<br><br>Web Host | دروستكردنی سایت<br><br>Build Website |
| ناوی بوار (پاوان): ناونیشانی ئەو ماڵپەرەیە كە دەمانەوێت دروستی بكەین، وەكو :<br><br>www.mysite.com<br><br>www.hemnbarznji.co<br><br>بۆیە پێویستە لەسەر شێوە و بنەمای ساڵانە تۆماری بكەین | وەك پێشتریش باسمان كرد ، كە خانە خوێی ویب ئەو كۆمپانیایەیە كە شوێن و بۆشایی دابین دەكات بۆ بڵاوكردنەوەی ئەو سایتەی دروستی دەكەین. | هەنگاوی سێهەم دروست كردنی وێب سایتە، كە دەتوانی خۆت دروستی بكەیت، یان دروستكەری وێب سایت Website Builder بەكاربهێنیت.<br><br>وانەكانی تر تایبەتە بە دروستكردنی سایت. |

## پێكهینەرەكانی سایت

## Content of Website

لە راستی دا، ژمارەیەكی زۆر پێكهێنەرمان هەیە، كە سایتەكان پێكدەهێنن، بەلاّم مەرج نییە هەموو ئەو پێكهێنەرانە لە هەموو سایتێكدا هەبن، بەڵكو دەگونجێت لە هەندێك سایت دا ، هەموویان هەبێت و، لە هەندێك سایتی تردا، هەندێكیان هەبێت و هەندێكیان نەبێت، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها گرنگترین و باوترینیان دەنووسین:

1. لۆگۆ Logo: لۆگۆ وەك رەمز و هێمایەكی تایبەت بەو سایتە، یان تایبەت بەو كۆمپانیا یان حیزب یان رێكخراوەی سایتەكەی بۆ دروست كراوە، دادەنرێت كە یەكێكە لە ناسەرەوە و پێكهێنەرە گرنگەكان.


2. پێکهاتەی شریتی دووگمە و تابەکان: ئەو شریتەیە، کە هەموو ئەو دووگمە یان تابە گرنگانە لە خۆ دەگرێت کە بوونەتە پێکهێنەری سایتەکە و، لە شوێنێکی دیار و بەرچاودا، دادەنرێت و دەکرێت لە شەێنی دیکەشدا دووبارە بکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی (ماڵەوە – پەیوەندی – ئەرشیف و .... ) لە خۆدەگرێت و، ئەمەش بە پێی جۆری سایتەکە و ، داواکاری خاوەنەکەی دەگۆرێت.
3. وێنەکان Images: وێنەکان، گرافیکس، شریتی دووگمە و تابەکان و دووگمە و تابەکانیش، هێڵەکان، زەخرەفە و وێنەیی جولاّو، کە دەتوانرێت هەموویان لەناو ویب سایت دا، دابنرێت.
4. ناوەرۆك Content.
5. نەخشەسازیی گرافیك Graphic Design.
6. سیستەمی بەریوەبردنی ناوەرۆك Content Management System.
7. بازرگانی ئەلکترۆنی E-Commerce.
8. گەرانی سایت Site Search: بەدوو شێوە دادەنرێت لەناو ئەو سایتەی کە دروستی دەکەین، یەکەم بە جۆرێك ، کە گەران ئەنجام بدات، لەناو خودی سایتەکە خۆی دا، وە جۆری دووەم ئەوەیە کە گەران ئەنجام بدات، لەناو تۆری جیهانی International Network (Internet) دا.
9. ژوورەکانی گفتوگۆ و چات CHAT Room.
10. فۆرمی پەیوەندی کردن بە سایتەکەوە Contact Form، هەروەها زانیاری پێویست بۆ پەیوەندی کردن، وەك ئیمەڵ و .... . چونکە لەوانەیە خەڵکانێك هەبن تاقەتی بەکارهێنانی فۆرمی پەیوەندی کردنیان نەبێت.
11. بنکەی زانیاری راستەو خۆ و تایبەت بە ویب سایتەکە Online Database.
12. مۆلتی میدیا : نووسین و ڤیدیۆ و دەنگ و وێنەی جولاّو پێکەوە.
13. ئاسایشی و پراستنی ویب سایت Website Security.
14. نەخشەیی سایت Website Map.

جگە لەو 13 خاڵەی سەرەوە پێکهینەری دیکەشمان هەیە، کە باسمان نەکردووە. چونکە وەك ئاماژەمان پێدا، گرنگترین و باوترین پێکهێنەرەکانمان خستۆتە ڕوو .

# گرافیکسی وێب

# Web Graphics

ئەگەر بمانەوێت زیاتر سایتەکەمان برازێنینەوە و جوانکاری تیابکەین، ئەوا بێ بەکارهێنانی وێنە و وێنەی جولاّو و دووگمە و شریتی دووگمە و تابەکان ناگونجێت و ناتوانین ئەو کارە بکەین، بۆیە واباشترە کەمێك شارەزایت لە وێنەسازی و جۆر و پێکهێنەرەکانی وێنەی سایتەکان هەبێت، کە لیرەدا نمونەی هەندێکیان دەخەینە روو:

| | |
|---|---|
| لۆگۆ | iddesign |
| بانەر |  |
| وێنە |  |
| ئایکۆن |  |
| وێنەی دیکۆری |  |

| | |
|---|---|
| کلیپ ئارت |  |
| دووگمەکان Buttons<br><br>یان پۆلێنکردن Categories |  |

# لاپەڕەکانی وێب

# Web Pages

لاپەڕەکانی وێب Web Pages، فایلە کە بە پاشگری .htm یان .html پاشەکەوت کراوە و، تاگەکانی ئێچ تی ئێم ئێل و نووسین HTML & Text تیایە، بەلاَم لەوانەیە کۆدی تری تیابێت، هەروەها خەزن کراوە لەسەر ڕاژەکار Server.

# پێکهاتەی لاپەرەکان و شێوەی نەخشەسازی


# Webpage Structure & Design

پێکهاتەی لاپەرەکانی وێب Webpage فاکتەر و هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە سایت، کاتێك نەخشە سازی Design لاپەرەکانی ویب دەکەین، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر توانای بەکارهێنان و ، رووکاری گشتی هەموو لاپەرەکانی وێب دەبێت.

چەچەندین شێوە دەتوانین پێکهاتەی لاپەرەکانی وێب بخەینە روو، کە نەخشە ساز Designer دەتوانێت یەکێك لە شێوەکان هەلبژێرێت بۆ نەخشەسازی لاپەرەکانی وێب و رووکاری سایتەکە.


## شێوەی يەكەم:

لەم شێوەیە رووكاری لاپەرەكانی وێب دابەش دەكەین بۆ 4 بەش، وەك لە وێنەكەی خوارەوە دا، دیارە، بەشی سەرەوە لۆگۆ و سەرەی سایتەكەیە، كە بانەرێك دەبێت تیایدا ناوی سایتەكە و روونكردنەوە لەباری سایتەكە و وێنە و ..... تیادا دەبێت، بەشی لای راست و لای چەپیش دوو شریت Slidebar كە بەشێوەیەكی گشتی خشتەی ناوەرۆك و .... تیادەبێت و، هەرچی بەشی ناوەراستیشە تایبەتە بە ناوەرۆك Content.





## شێوەی دووەم:

لەم شێوەیە یاندا، لاپەرەی وێب دابەش دەكەین بۆ 3 بەش، وەك لە وێنەكەدا دیارە، ئەویش بەشی سەرەوە كە بانەرێكە و لۆگۆ و زانیاری روونكردنەوەی لەباری سایتەكە و وێنە و .... تیایە و، بە دووایدا بەشی دووەم دێت كە شریتی ناڤیگەیشنە و تیایدا دووگمە و تابەكان هەیە و، بە دووایدا بەشی سێهەم دێت كە تایبەتە بە ناوەرۆك Content، لەم شێوەیەدا هەرسێ بەشەكە بە دووای یەكدا، دێن، بروانە وێنەكە:




## شێوەی سێهەم:

ئەم شێوەیەش دابەش دەکرێت بۆ 3 بەش، بەهەمان جۆری شێوەی دووەم، بەلاّم لە رووی دیاری کردن و دانانی جێگەی بەشەکانەوە، جیاوازی هەیە، وەك لە وێنەکەدا، دیارە:





## شێوەی چوارەم:

ئەم شێوەیەش دابەش دەکرێت بۆ 4 بەش، وەك لە وێنەکەدا، دیارە، بەشی یەکەم، سەرەیە کە لۆگۆ و زانیاری روونکردنەوەی وێنە و .... تێدایە و، لەباری ئاسۆیی پراو پڕی لاپەرەکە بە پێی ئەو حەجمەی دەمانەوێت، بە دووای دا، بەشیّ دووەم دێت، کە شریتی دووگمە و تابەکانە و، ئەمیش هەر لەباری درێژییە، بە دووای بەشەکەی یەکەم دا، دێت و، لە درێژیدا یەکسانن، بەلاّم لە بەرزی دا جیاوازن، هەرچی بەشی سێهەمە وەك شریتی سلاّید Slidebar لەلای چەپی لاپەرەکەدایە، کە ئەمیش بەشێوەیەکی گشتی خشتەی ناوەرۆك و دووگمە و تابەکان لەخۆ دەگرێت، بەشی کۆتایس بۆ ناوەرۆکە Content، کە لە ژێر شریتی دووگمە و تابەکانە لای راست و لە تەنیشت شریتی دووەمی دووگمە و تابەکان.




## شێوەی پێنجەم:

لە شێوەی پێنجەم دا، لاپەڕەکانی وێب دابەش دەکەین بۆ 5 بەش، وەك لە وێنەکەدا، دیارە:





## شێوەی شەشەم:

ئەم شێوە تەنها دووبەشە، ئەوانیش بەشی شریتی تاب و دووگمەکان و، بەشی ناوەڕۆك Content ی لاپەڕەکانی وێب، کە شێوەیەکی زۆر زۆر سادە و ساکارە و ، لە کاتی نەخشە سازی و نووسینی کۆدیش دا، بە ئاسانی جێبەجێدەکرێت:



## شێوەی حەوتەم:

ئم شێوەیە پێکهاتووە، لە 5 بەش، کەبەشی سەرەوە هێدەرە (سەرەیە) و لۆگۆ و وێنە و ناوی سایت و زانیاری ڕوونکردنەوەی تیایە و، دوو شریتی تەنیشتی Side Barیش دەکەویتەلای راست و لای چەپ، کە بەشێوەیەکی گشتی خشتەی ناوەرۆك و ..... تیایە و، بەشی ناوەرۆك Contentیش دەکەوێتە نێوان هەردوو شریتی سڵایدی لای راست و لایچەپەوە و، لە کۆتاییەکەشیدا بەشی ژێرە Footerهەیە.




دیارە جگە لەو 7 شێوەیەی باسمان کرد، شێوەی دیکەمان هەیە، و بەپێویستی نازانم هەموو شێوەکان باس بکەم و نمونە و وێنەیان بۆ بهێنمەوە. چونکە ئەم حەوت شێوەیەی باسمان کرد، باوترین و دیارترین شێوەکانن کە لە جیهاندا، بەکاردەهێنرێت و، نەخشە ساز و دارێژەری وێبیش دەتوانێت بە خواستی خاوەن ماڵپەڕ شێوەی تر هەڵبژێرێت و بۆی دروست بکات.

تـــــــێـــــــبینی:

لەهەریەکێك لە شێوەکانی (یەکەم، دووەم، سێهەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم) دا، دەتوانرێت ژێرە Footer زیاد بکرێت، بەلآم ئەوە بەخواستی ئەو کەسەیە کە سایتەکەی بۆ دروست دەکەیت.

# بەشی دووەم

# ماڵپەڕی بازرگانی ئەلکترۆنی

# E- Commerce Website

## تایبەتمەندییەکانی باشترین نەخشەسازی ماڵپەرەکانی بازرگانی ئەلکترۆنی

## Characteristics of well – Design E-Commerce Websites

چەندین تایبەتمەندی و رووخسارمان هەیە پێویستن لە ماڵپەڕی بوواری بازرگانی ئەلکترۆنی دا، هەبن، ئەگەرچی بەشێك لە تایبەتمەندییەکان، بۆ هەموو جۆرەکانی ماڵپەرن و، دەبێت لە ماڵپەرەکان دا، هەبن. بۆیە بە کورتی باسیان دەکەین و، نموونەیان بۆ دەهێنینەوە:

**یەکەم// ئاسانی گواستنەوە و دۆزینەوە Ease of Navigation:** لە کاتێکدا، کە دەمانەوێت بەرهەمەکان بۆ فرۆشتن ئامادەبکەین بۆ بەردەستی سەردانکەر، یەکەم شت کە پێویستە بکرێت خستنە رووی بەرهەمەکان و پیشاندانێتی بەهۆی فرۆشیارێکەوە، کە ئەویش لیستێکی ئاشکرا و روون و، جوانە، درووست دەکرێت و شتەکانی تێدا دادەنرێت بە جۆرێکی ئاسان ، سەردانکەری سایتەکە بەهۆیەوە هەموو شتەکان دەبینێت.

بۆ نموونە سەردانی سایتی Pottery Barn بکەن، دەبینن پێکهاتەی سایتەکە و بەرهەمەکان لە لیستێکدا رێکخراوە و، یارمەتی سەردان کەر دەدات، تا بە ئاسانی هەموو بەرهەمان ببینێت :

www.potterybarn.com



**دووەم// نەخشە سازییەكە بەسەر بەرهەمەكاندا زاڵنەبێت The Design Does Not Overpower Products:** لە ماڵپەڕی بازرگانی ئەلیكترۆنی E-Commerceدا، زیاتر گرنگی دەدرێت بە بەرهەمەكان و، سەرنجی دەخرێتە سەر، ئەو بەرهەمانەی كە بەردەستن و هەن بۆ كریار، بۆیە نابێت زیادە ڕەوی لە نەخشە سازی Design دا، بكرێت، بە جۆرێك كە نەخشە سازی زاڵبێت بەسەر بەرهەمەكان دا و، هێز نەدات بە بەرهەمەكان.

بۆنموونە ئەپڵ Apple نەخشە سازییەكی زۆر سادە و جوانی بۆ كراوە و، بەرهەمەكان بە جوانی خراوەتە روو بۆ هەر سەردانكەر و میوان و كریارێك، نەخشە سازییەكە زۆر روون و ئاشكرایە و، زاڵ نییە بەسەر بەرهەمەكان دا:

**store.apple.com/us**




هەروەها ماڵپەری رافا Rapha نەخشە سازییەكی سادەی هەیە و، ریبازێكی سادە بەكارهاتووە لە درووست كردنی دا:

www.rapha.cc

ماڵپەڕی ئۆی گرووش یەكیكی ترە لە دیزاینە سادە و جوانەكان كە دیزاین زال نییە بەسەر بەهەم دا:

www.shoeguru.ca

**سێهەم// چوونەدەرەوەی ئاسان Easy Checkout**: توانا و لێهاتووی بەکارهێنەر و سەردانکەر لە ماڵپەری بازرگانی ئەلکترۆنی دا، مەر جێك و هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن و، ئەگەر هەنگاوەکان و کرداری چوونە دەرەوە زۆر بن، ئەوا سەردان کەر بیزار دەکات و، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە ئاسانی لەسەر بەکارهێنانی سایتەکە رانەیەت و، توانا و لێهاتوو پەیدا بکات. بۆیە پێویستە هەولبدرێت هەنگاوەکانی چوونە دەرەوە هەم کەم بن و، هەم سادە و ساکاریش.

بۆ نموونە سایتی White and Warren یان سایتی bcbg لەو سایتانەن کە هەر سێ خاڵەکەی باسمان کردووە، تیایاندا هەیە، و خاڵی سێهەمیش بەر چاوە:

www.whiteandwarren.com

www.bcbg.com





**چوارەم//نیشانەی تایبەتی کۆمپانیا لەسەر شتومەکی فرۆشتن (مارکە) Branded**: نیشانە و لۆگۆی کۆمپانیا لەسەر شت و مەك کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، چونکە بەشێك لە کریار بە بینینی نیشانەکە بریار لەسەر کرینی کالاکە دەدەن، بۆیە کۆمپانیا پێویستە نیشانە (مارکە)یەکی بەهێز و گونجاو هەلبژێرێت بۆ بەشی فرۆشتنی راستەو خۆ Online و بۆ بەشی فرۆشتنی ئاسایی و ناراستەوخۆ offline، و دەبێت بۆ

هەردووکیان هەمان لۆگۆ بەکاربهێنرێت، وە هەروەها لەهەمان شوێنی کاڵاکە بدرێت لەهەردوو شێوەی Online و Offlineدا. وێب سایت Website تەنها بەشی تەواوی ستراتیجی بازرگانی یە، بۆیە لەم حالەتەدا سایتەکە کاردەکات لەگەڵ نیشانە(لۆگۆ)یەکی بەهێزی کۆمپانیایەکە و، بەمەش کڕیار و سەردانکەران هەست بە مورتاحی و دڵنیایی دەکەن.

بۆ نموونە، ئۆلکی Oakley هێمایەکی بازرگانی بەهێزە، و دەناسرێتەوە لەلایەن بەکاربەرانەوە و، ماڵپەرێکی نەخشەسازی بۆ کراوی سادەشی بەردەستە ، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ماڵپەڕی بازرگانی ئەلکترۆنی لە خۆ دەگرێت:


www.oakley.com




هەروەها ماڵپەڕی Crate and Barrel بەشێوەیەکی گونجاو و سادە و ساکار نەخشەسازی بۆ کراوە و، گرنگی دراوە بە هەموو رووخسار و تایبەتمەندییەکانی ماڵپەری بازرگانی ئەلیکترۆنی و، نیشانە و مارکەی تایبەتی کۆمپانیاکە روون و ئاشکراو و بەهێزە و، لە سەر کالاکان هەیە و، لە ماڵپەڕەکەشدا بەکارهاتووە، ئەم تایبەتمەندییە زۆر گرنگە و، دەبێت لە درووست کردنی ماڵپەڕی بازرگانی ئەلکترۆنی دا، ڕەچاو بکرێت.

بڕوانە ماڵپەرەکە:

www.crateandbarrel.com




**پێنجەم//شێوەی نەخشەسازییەکە هاوتابێت و بگونجێت لەگەڵ بەرهەمەکان The Design Style Matches the Products**: وەکو هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تری سایت، سایتەکانی بازرگانی ئەلکترۆنیش دەتوانرێت بە چەندین جۆری جیاواز نەخشە سازی بۆ بکرێت، هەرچەندە، کاتێك نەخشە سازی ماڵپەری بازرگانی ئەلکترۆنی دەکەین، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە جۆر و شێوەی بەرهەمە جیاوازەکان هەبێت و، ئامادەبێت تیایدا، لە هەموو لایەك و روویەکەوە بەرهەمەکان بخرێنە روو، نیشانەی فرۆشتن و کۆمپانیایەکە لە سەر وێنەی کالای ناو سایتەکە و، خودی کالاکەش هەبێت.

بۆ نموونە Innovative Baby تایبەتە بە فرۆشتنی جلوبەرگی منالان و، یاری منالان و هەندێك بەرهەمی تریش. نەخشە سازی و رەنگی رووکارەکە زۆر گونجاوە لەگەڵ بەرهەمەکان و، ئەمەش باشترین کارە کە نەخشە ساز ئەنجامی داوە، هەروەها بە ئاسانی کالاکان دەکەونە بەر چاو و، نەخشە سازییەکەی ماندووکەر نییە.


بڕوانە ویب سایتەکە:

www.innovative-baby.com/shop/pc/home.asp




هەروەها ماڵپەری Shop Rush تایبەت بە بەرهەمەکانی جوانکاری:


shoprush.com



**شەشەم// پیشاندانی بەرهەمە بڵاو و باوەکانی ناو خەڵك Showcase the Most Popular Products**: زۆرێك لە ماڵپەرەکانی بازرگانی ئەلکترۆنی گرنگی دەدەن بە خشتنە رووی ئەو بەرهەمانەی کە سەرنج راکێشن و، گرنگن لای بەکارهێنەر و، باو و بڵاون لەناو خەڵکی دا، ئەمەش یارمەتی سەردانکەر دەدات بۆ دۆزینەوە و هەڵبژاردن و، کرینی ئەو کالایانەی پێویستن، زۆرێك لە کۆمپانیاکان بەشێکی زۆری لاپەرەی سەرەکی ماڵپەرەکە Homepage تەرخان دەکەن بۆ ئەو بەرهەمە نوێ و بەردەستانەی کۆمپانیا لە ئیستادا دەیانفرۆشێت. ئەم کارەش لە رێگەی هەندێك Slide Show دەکرێت، چونکە بەردەوام کالاکان دەگۆرێن و، کالای نوێ درووست دەکرێت.


بۆ نمونە ئەم ماڵپەرەی خوارەوە:

www.eddiebauer.com




هەروەها ماڵپەری toobydoo تایبەتە بە کاڵاو و جلوبەرگی مناڵان و، بەرهەمەکانی بەجۆرێکی زۆر سەرنج راکێش و، گەورە خستۆتە ڕوو، کەسی سەردانکەر سەرنجی رادەکێشرێت بەهۆی دیزاینە جوانەکەیەوە و، کالاکان بە گەورەی و کوالێتییەکی بەر پیشان دراوە.

www.toobydoo.com








**حەوتەم// پەرەپێدان و پێشخستنی بەرهەمە پەیوەندی دارەکان Promotes Related Products:**

**یەکێك لە کلیلەکانی کۆگای بازرگانی ئەلکترۆنی سەرکەوتوو پەرەپێدان و پلە پێدانی بەرهەم و کاڵا پەیوەندی دارەکانە، کە سەرنجی بەکار بەر رادەکێشێت. هەندێك کات لیستی بەرهەمە پەیوەندی دارەکان پیشان دەدرێت لە لاپەرەی وردەکاری و درێژەدا.**


www.pacsun.com



**هەشتەم// وێنەكانی بەرهەم تەواو و ورد (دەقیق) و كاریگەرییێت Effective, Accurate Product Photos**: فرۆشتنی كەلوپەل بەشێوەی راستەوخۆ online و لەرێگەی ئینتەرنێتەوە، زۆر جیاوازە لە فرۆشتنی ناو كۆگا و دووكانەكان، كە كالاكە بەشێوەیەكی بەردەستە و، كڕیار دەیبینێت، بەڵام لە كرین بە هۆی ئینتەرنێت و سایتەوە كڕیار كاڵاكە نابینێت بە شێوەیەكی فیزیایی و، ناتوانێت دەستی لیبدات، پێش ئەوەی بریاری كڕینی بدات. بۆیە پێویستە وێنەی كوالێتی بەرز بەكاربهێنرێت و، لە چەند لایەكیشەوە وێنەی كاڵاكە بگیرێت و، بخرێتە بەر دەست كڕیار، هەتاوەكو كڕیار بتوانێت زووتر و باشتر بریار بدات، لە كرینی كاڵادا:

بۆ نموونە ماڵپەری rei:

www.rei.com




هەروەها ماڵپەری Armani Exchange وێنەی كاڵاكانی داناوە بە كوالێتییەكی بەرز و، لە چەند لا و گۆشەیەكەوە بەرهەمەكانی خستۆتە ڕوو، ئەمەش وا دەكات كڕیار زیاتر حەز بە كالا و سایتەكەیان بكات و، زووتریش بریار بدات، لە كرینی كالاكان. چونكە ئەو چاكەت، تەنوورە، تی شیرت، بلووز، و ..... هەڵی دەبژێرێت دەیبینێت لە رووەوە چۆن دەردەچێت، هەروەها لە پشتەوە و لە لاوە چۆنە.

بڕوانە سایتەكە:

www.armaniexchange.com





نۆهەم// گەرانی فراوان و کاریگەر Effective & Wide Search: هەر چەندە لیستەکان Menu و، Navigation هۆکارێکن بۆ ئەوەی بەکارهێنەر و کڕیار بە ئاسانی دەستی بگات بە بەشەکان و، کاڵا و پێکهاتەکان ببینێت، بەڵام زۆر کڕیار و سەردانکەریش هەن، کە نایانەوێت سەیری بەش و پێکهاتەکان بکەن و، دەیانەوێت لە ڕێگەی بەشی گەرانەوە کاڵا و پێداویستی یەکانیان بدۆزنەوە. هەروەها ئەگەر سایتەکە زۆر گەورە و فراوان بێت، ئەوا پێویست دەکەن بەشی گەرانی فراوان و بەهێز و کاریگەری هەبێت، سوود لە گەرانی زیرەك Smart Search وەربگیرێت.

ئەگەر بروانینە سایتی لی Lee ئەوا دەبینین مەکینەی گەرانی زیرەکی بۆ دانراوە هەتاوەکو کریار بە ئاسانی بە شوێن ئەو کاڵا و شتوومەکانەدا بگەرێت کە دەیهەوێت و، پێویستێتی، بیکرێت.

هەروەها زۆربەی ماڵپەرەکانی تریش، جا کەسی بن، یان بازرگانی پێویست دەکات، ئەم بەشی گەران و، گەرانی زیرەکەیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی گەران تیایاندا ئەنجام بدرێت.

www.lee.com




# جوانترین سایتەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنیکی

# Beautiful E-Commerce Websites

**بێگومان سەدان و هەزاران ماڵپەری بازرگانی بەردەستن و، تۆی فیرخواز دەتوانی سەردانیان بکەیت و، سوود لە دیزاینەکانیان وەربگریت، بەلام ئێمە لێرەدا کۆمەلێك ناونیشان دەخەینە بەر دەست ئیوە بۆ ئەوەی سەردانی بکەن و ، سەرنجی بدەن و، سوودی لێوەربگرن لە کاتی درووست کردنی سایتی بازرگانی:**

www.whatisblik.com

www.fredperry.com

seibei.com

www.dogcollars.ca

www.tenlittlemonkeys.co.uk

www.bellyshades.de

www.famouscookies.com

narwhalcompany.com

www.storyville.com

www.47brand.com

www.converse.com/#ui-tabs-2

www.atombicycles.com/store/

www.godiva.com

www.twelvesouth.com

www.viasnella.com

www.hollisterco.com

www.gargyle.com

www.abelandcole.co.uk

store.sony.com

www.iworkwear.nl

www.steveandco.com

www.farfetch.com

www.snupped.com

www.harrywinston.com

www.lapatate.be

shop.giraffe.net

www.cucuu.co.uk

rediswhite.com

www.boobbaby.co.uk

www.boobbaby.co.uk

spyrestudios.com

oakstreetbootmakers.com

www.poconido.com

www.flipflopandaway.co.uk

www.myownbike.de

us.burberry.com

www.mummade.co.nz/shop

wkgoodness.com

shop.giraffe.net

www.inspiremoi.fr

www.madein33.com

www.redington.com

www.wowthankyou.co.uk

www.reiss.com

www.freepeople.com

www.quatuor.be

www.jenierteas.com

www.justcuckoos.co.uk

www.suikerdraakje.be

www.oki-ni.com

www.steveandco.com

www.blackgoatcashmere.com

www.babskibaby.com

www.bestylish.com/men-shoes

www.stelladot.com

www.timefy.com/en/

www.elarmariodelatele.com

www.threadless.com

www.unitedpixelworkers.com

chopshopstore.com

www.bassettfurniture.com

www.surfride.com

www.luckybrand.com

www.underarmour.com

www.therussianstore.com

www.yellowbirdproject.com

www.bohemiadesign.co.uk

www.survivalsimon.com

www.investees.de

www.wireandtwine.com/store/

www.shoebedoo.com.au

www.futurebioticsstore.com

www.chanel.com

www.mexx.com

www.samsung.com

www.adidas.com

www.kohls.com

www.victoriassecret.com

www.forever21.com

www.etoys.com

www.tillys.com

www.sunglasshut.com

www.motocms.com

www.amazon.com

www.apple.com

www.marksandspencer.com

www.motocms.com

www.walmart.com

www.drugstore.com

www.beauty.com

www.toolup.com

www.momandpopcorn.com

www.inkefx.com

www.newegg.com

www.benetton.com

www.us.thomaspink.com

www.shoon.com

www.chocomize.com

www.brandneusense.com

www.play.com

www.chroniclebooks.com

www.next.co.uk

www.johnlewis.com

www.versapak.co.uk

www.bigbrownbox.com.au

www.lulus.com

www.wiltshirefarmfoods.com

www.softmart.com

www.bluenile.com

www.truereligionbrandjeans.com

www.keurig.com

www.booksamillion.com

www.homedepot.com

# بەشی سێهەم

## سیستەمی بەرێوەبردنی ناوەرۆك و ناساندنی جوومله

# Content Management System (CMS) & Introduction to Joomla

## سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆك چی یە ؟

## What is Content Management System (CMS) …?

لە سادەترین و، روونترین پێناسەدا، دەتوانین بلێین: سیستەمی بەرێوەبردنی ناوەرۆك سیستەمێکە، کە ناوەرۆك بەرێوەدەبات Manage Content.

سی ئیم ئێس CMS ئامرازێکە، کە ئامادە و بەردەستە بۆ درووست کردن Create، سڕینەوە Delete، و لە کۆتایشدا بڵاوکردنەوە Publish ی ناوەرۆکە جیاوازەکان لە شێوازی جیاوازدا، وەکو (نووسین Text، گرافیك Graphics، ڤیدیۆ Video، بەڵگەنامە Document و ..... )، لەکاتێکدا لەسەر کۆمەلێك یاسا و رێسا درووستکراون و رێکخراون.

## ناوەرۆك چی یە ؟

## What is Content …??

ناوەرۆك هەرجۆرێك یان یەکەیەکی زانیاری ژمارەییە Digital Information، دەتوانرێت نووسیت Text، وێنەکان Images، گرافیکسەکان Graphics، ڤیدیۆ Video، دەنگ Sound، دۆکۆمێنتەکان Documents، تۆمارەکان Records و ......، یان هەر شتێك، ئێمە بمانەوێت بەرێوەی بەرین لە شێوە و شێوازی ئەلیکترۆنیکی Electronic Formatدا.

## بەریوەبردنی ناوەرۆك چییە ؟

## What is Content Management?

بەرێوەبردنی ناوەرۆك Content Management بریتییە لە ناوەرۆك بەڕێوەبردن Management of Content، ئیتر ئەو بەریوەبردنە رێکخستن و سەر پەرشتی کردن بێت، یان ..... .

## سی ئێم ئێس

## CMS

1. هەر سی ئێم ئێسێك CMS تەنها یەك رێگەی رێکخستن و بەرێوەبردنی ناوەرۆکی هەیە .

2. سی ئێم ئێس CMS یارمەتیت دەدات بۆ درووست كردن Create، چاكسازی Edit، سڕینەوە Delete ی ناوەرۆك لە بنكەی زانیاری Databaseدا.
3. سی ئێم ئێس CMS سی ئێس ئێسێكی CSS فراوانكردنی تیایە كە دەتوانرێت گۆڕانكاری و چاكسازی تێدابكرێت.
4. سی ئێم ئێس CMS توانای بڵاوكردنەوەی ناوەرۆكی هەیە لە وێب سایت دا.

## سوودەكانی سی ئێم ئێس

## Benefit of CMS

1. سەرچاوە كراوەیە Open Source و، بە هەزاران كەس كار بۆ بەرەو پێشبردن و، چاكتر كردنی دەكەن و، تۆ دەتوانیت یەكێك بیت لەو كەسانە.
2. نەخشە سازی وێب سایتێكی جێگیر و رێك و گونجاوە.
3. قاڵبەكان و مۆدیوڵەكانی سایت Site Modules and Templates بەردەستە و، دەتوانین بە ئاسانترین شێوە بەكاریان بهێنین و، نەخشە سازییان پێ ئەنجام بدەین.
4. ناوەرۆك Content و پێكهاتە Structure بە ئاسانی دەگونجێنرێن و رێكدەخرێن .
5. ناوەرۆك Content بە باشترین شێوە رێكخراوە و ، توانای گەرانی هەیە، ئەگەر پێویست بە گەڕان Search بكات.
6. دەتوانین بەرێوەبەری وێبی جیاواز دیاری بكەیت بۆ بەرێوەبردنی ناوەرۆك.

## بەرهەمەكانی سی ئێم ئێس

## CMS Products

بێگومان چەندین بەرهەمی جۆراو و جۆر و جیاوازی سی ئێم ئێسمان هەیە و، لێرە دەتوانین ناوی هەندێك لەو سی ئێم ئێسانە بنووسین، لەگەڵ ناو و نیشانی ماڵپەرەكانیان، بەڵام ژمارەیەكی زۆر زیاتر لەو سی ئێم ئێسنانەمان هەیە و، لێرەدا، باو و بڵاو وناسراوەكان خراوەتە روو.

- Php Nuke (www.phpnuke.org)
- Plone (www.plone.org)

- Drupal (www.drupal.org)
- Mambo (www.source.mambo-foundation.org)
- Moodle(www.moodle.org)
- Word press(www.wordpress.org)
- Joomla (www.joomla.org)

## جوومله

## Joomla

**ناوی جوملە دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی سەواحلی Swahili Word ، کە بریتییە لە جوملە Jumla، کە مەبەست لە ((هەموو پێکەوە All together))یە، یان ( as a Whole).**

**جوملە یەکێکە لە بەهێزترین Powerful سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆك Content Management System، کە لە سەرانسەری جیهاندا بەکاردەهێنرێت لە سایتی سادە و ساکارەوە تا سایت و جیبەجێکردنی ئالۆز و فراوان و گەورە.**

**هەروەها جوومله ئاسانە بۆ دابەزاندن Install، بەڕێوەبردن Manage، و پشتی پێدەبەسترێت و، باوەڕپێکراوە، سی ئێم ئێسێکە مۆدیول (یەکە) ی هەیە Module، جوومله جێ بەجێدەبێت لەسەر پ.ھ.پ PHP و مای سکیولْ MySQL.**

**جوملە بە پ.ھ.پ PHP نووسراوە و دروست کراوە، تەکنیکەکان و نەخشی نەخشە سازی بەرنامەی ئۆ ئۆ پی Object Oriented Programming Structure تێدا بەکارهاتووە، زانیارییەکان هەڵدەگیرێت و پاشەکەوت دەکرێت لە بنکەی زانیاری مای سکیوولْ MYSQL Database، هەروەها زۆر تایبتمەندی تری تێدایە وەکو Page Cachingو RSS و، بلۆگ و گەران و .......... .**

## نەوەکانی جوومله

## Joomla Versions

لە سەرەتای بڵاوبوونی جوملەوە لە ساڵی 2005 دا، تا هەنووکە چەندین نەوەی ئەم سی ئێم ئێسە بڵاو کراوەتەوە، کە بە کورتی ئاماژە بەنەوەکە و، ساڵی بڵاوبوونەوەی و هەندێك زانیاری دەکەین:

- نەوەی یەکە Joomla 1.0 ئەم نەوەیە لە ساڵی 2005 دا، بڵاوکرایەوە.
- نەوەی یەك و نیو Joomla 1.5 لە ساڵی 2008 دا، بڵاوکرایەوە.
- نەوەی یەك و لەدەدا شەش Joomla 1.6 لە ساڵی 2011دا، بڵاوکرایەوە.
- نەوەی یەك پۆنت حەوت Joomla 1.7 لە ساڵی 2011 دا، بڵاوکرایەوە، شەش (6) مانگ دووای نەوەی 1.6 ی جوومله .
- نەوەی دوو نیو Joomla 2.5 دووای شەش مانگ لەنەوەی پێشوو و لە مانگی 1 ی 2012 دا، بڵاوکرایەوە.
- نەوەی سێهەم و، چەند نەوەی تر وەکو 3.1 و 3.2 و 3.3 و ........... . تاهەنووکەش بەردەوامە و بەزۆری شەش مانگ جارێك نەوەیەکی نوێ بڵاودەکرێتەوە.

| Version | Release date | Supported until |
|---|---|---|
| 1.0 | 2005-09-16 | 22-7-2009 |
| 1.5 (LTS) | 2008-01-22 | 04-10-2012 |
| 1.6 | 2011-01-10 | 19-08-2011 |
| 1.7 | 2011-07-19 | 02-10-2010 |
| 2.5 (LTS) | 2012-01-19 | 2013-10-19 |

## بۆچی جوومله بەكاردەهێنین ؟

## Why to Use Joomla ?

زۆر هۆكار گەل هەن كە وا دەكات، بریار بدەین جوومله بەكار بهێنین، بەڵام دیارترین هۆكارەكان، ئەمانەی لای خوارەوەن كە بە كورتی دەیان خەینە ڕوو:

1. سادەیی Simplicity: بەهۆی ئەوەی ڕووكاری بەكارهێنەر ی وێب، وێنەییە Graphical Web User Interface (Web UI)، بەكارهێنان و فێربوونی سادەیە و، هەموو كەسێك دەتوانێت فێری ببێت. تەنها كەمێك هەولدان و وركاری دەوێت.
2. نەرمی Flexibility: دروستكردن یان گونجاندن بە پێ ی پێویستی و مەبەستی تایبەت، هەروەها ریزكردن و ڕێكخستنی هەموو ئەو بەشانەی سایتیان لێپێكدێت بەشێوەیكی ئاسان و خێراو و گونجاو.
3. بەهێزی Robust: جوملە زۆر بەهێزە ، لەرووی ئاسایشی و بەشە پێكهینەرەكانییەوە.
4. پاشكۆی هەیە و درێژدەكرێتەوە Extensible: سێ بەشی پاشكۆ و درێژكردنەوە و پلەگین Plug – Inهەیە و، ئەمەش زیاتر فراوانی دەكات و وای لێدەكات كاری باشتر و زیاتری پێدەكرێت.
5. كۆدی سەرچاوە كراوەیە Open Source Code: دەتوانیت گۆرانكاری لە هەموو بەشەكان بكەیت كە بتەوێت دەستكاری بكەیت و پێویستت بێت.
6. ئەی پی ئای بلاوكراوەی هەیە Published API.
7. ناوەرۆكی بزۆك و جوڵاو Dynamic Content: بەهۆی بنكەی زانیاری مای سكیولەوە MySQL Database، كاردەكات.

## كـــــــاش

## CASH

كاش CASH كورتكراوەی سێ وشەیە، ئەوانیش پۆلێن Category و وتار Article و پیشاندان Show. هەر ماڵپەرێكیش پێكدێت لە كۆمەلێك بەش یان لاپەرە Page كە پێی دەلێن پۆلێن Category، بۆ نموونە سەیری هەر سایتێك دەكەیت بەشەكانی سەرەكیHomepage، پەیوەندی Contact، و .... دەبینی و، لە جوومڵەدا ئەم بەش و لاپەرانە بریتین لە پۆلێنەكان Categories.

بێگومان بەشەکانیش بابەتیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە، کە وتارەکانن Articles، جا ئەم وتارانە تەنها نووسین بن، یان نووسین و وێنە، یان نووسین و دەنگ و، ڤیدیۆ، کە لە بەشەکاندا بڵاویان دەکەینەوە.

هەروەها SH پیشاندانە، کە پێکهاتەیەك و بەشێکی تری گرنگی سایتە و، پیشاندان و بلاوکردنەوەی، بەشەکان وپۆلێنەکان Categories و وتارەکان Articles لە خۆ دەگرێت، جا پیشاندانەکە لە لیستەکاندا Menu (List) بێت، یان لە سلاید شۆ Slide Show دا.

| CASH | | |
|---|---|---|
| Category | Article | Show |

# بەشی چوارەم

# دابەزاندنی ڕاژەکار، جوملە و ڕووکارەکان

# Installing Server, Joomla & Interfaces

## پێش دەستپێکردن

## Before Beginning

لەبەر ئەوەی سەرەتا سایتەکە لەسەر خانەخوێی ناوچەیی Local Host درووست دەکەین، پێویستە هەموو ئەم پێداویستییانەی خوارەوەمان لابێت.

1. پێویستە پاکەتی جوومڵەی سێ Joomla 3.x full Package وەربگریت لە سایتی جومڵەوە و لات بێت. www.joomla.org
2. پێویستە وامپ سێرڤەر Wamp server وەربگریت لە سایتی وامپەوە و لات بێت. [www.wampserver.com](http://www.wampserver.com)
3. ئەگەر فۆنتی یونیکۆد بەکارناهێنن، ئەوا پێویستە گۆرەرێکی فۆنت Font Converter لە بەر دەستت بێت.
4. وەرگرتنی مۆدیولەکان Modulesکە پێویستمان پێیەتی و بڕیارە بەکاری بهێنین، بە داونلۆد کردنیان لە بەشی پاشگر و درێژکراوە Extension لە سایتی جوومڵە.

## دابەزاندنی وامپ سێرڤەر

## Installing WAMP Server

لە فولدەری بەرنامەکاندا، دووانە کلیك لەسەر ئەم بەرنامەیە بکە:

wampserver2.2e-php5.4.3-httpd2.2.22-mysql5.5.24-32b

پاشان کلیك لەسەر Yes بکە و، لەو رووکارە نوێیەی کرایەوە کلیك لەسەر Next بکە. ئیستا کلیك لەسەر I Accept the Agreement بکە و، کلیك لەسەر Next بکە.

جارێکی تر کلیك لەسەر Next بکە، کلیك لەسەر سندوقی پشکنینی Check Box بەردەم Create Desktop Icon بکە و، پاشان کلیك لەسەر Next بکە.


ئیستا کلیك لەسەر Install بکە و، چاوەریبە تا پر دەبێتەوە و، پاشان رووکارێك دەکریتەوە و کلیك لەسەر Open بکە.

کلیك لەسەر Next بکە، کلیك لەسەر Finish بکە.


## دروست کردنی داتابەیس

## Create Database

1. دووانە کلیك لەسەر WAMP Server بکە لەسەر رووی شاشەکە.
2. لەسەر تاسك بار Task Bar کلیك لەسەر ئایکۆنی وامپ سێرڤەر بکە:
3. پاشان کلیك لەسەر PHP My Admin بکە:




4. بەشی بەریوەبەری پی ئیچ پی لە ناو براوسەرێکدا Web Browser دەکرێتەوە، کلیك لەسەر Databaseبکە و ، لە خانەی ژێر Create Databaseدا ناوێك بۆ ئەو داتا بەیسە بنووسە کە دەتەوێت درووستی بکەیت و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی دروست کردن Create بکە.



## دا بەزاندنی جوومله


## Installing Joomla

1. پاکەتی جوملە 3.x دەربهێنە Extract.
2. دووانە کلیك لەسەر WAMP Server بکە لەسەر رووی شاشەکە. ((ئەگەر پێشتر ئەنجامت داوە ئەوا پێویست نییە))
3. لەسەر تاسك بارِ Task Bar کلیك لەسەر ئایکۆنی وامپ سێرڤەر بکە:
4. پاشان کلیك لەسەر WWW Directory بکە:




5. ئەو فایلانی لەناو فوڵدەری WWW Directoryدا، بیان سرەوە.
6. فوڵدەر جوملە 3.x بکەرەوە و هەموو فایلەکانی کۆپی Copy بکە و، لەناو فوڵدەری WWW Directory دا، دایبنێرەوە Paste.
7. ئیستا دیسان کلیك لەسەر ئایکۆنی وامپ سێرڤەر بکە لەسەر تاسك بار Task Bar و پاشان کلیك لەسەر Local Host بکە.

بروانە وێنەکانی خوارەوە:





8. بەكليك كردن لەسەر لۆكاڵ هۆست Local Host ئەم رووكارە دەكرێتەوە و، ئيستا رێكخستن Configuration ی سەرەكی ئەنجام دەدەين:





- لە بەشی هەڵبژاردنی زمان Select Languageدا، زمانێك دياری بكە كەتەوێت زمانی بەشی بەرێوەبردنی سايتەكە بێت.
- لە خانەی ناوی سايت Site Nameدا، ناوی سايتەكەت بنووسە.

- لە خانەی ئیمەیلی بەڕێوەبەر Admin E-Mail، ئیمەیلی بەریوەبەری سایت بنووسە.




- لە خانەی وەسف Descriptionدا، وەسفێك بۆ سایتەكەت بنووسە.
- لە خانەی ناوی بەكارهێنەری بەریوەبەر Admin User Nameدا، ناوی بەریوەبەری سایتەكە بنووسە.
- لە خانەی تیپەرە وشە Passwordدا، وشەی نهێنی بنووسە كە دوواتر بەریوەبەر بەهۆی ئەم وشە نهێنییە و، ناوی بەریوەبەرەوە دەتوانێت داغڵ بە بەشی بەریوەبردن Management ببێت.
- لە بەشی پشت ڕاستكردنەوەی تیپەرە وشە Confirm Passwordدا، دووبارە وشە نهێنی یەكەی پێشتر نووسیت بینووسەرەوە.
- ئەگەر سایتەكەت ڕاستەوخۆ نییە Offline ئەوا خۆی دووگمەی نەخێر No چالاكە و دەستكاری مەكە و، واتە سایتەكە Offline نییە، ئەگەر سایتەكەش Offline ئەوا بیكە بە بەلێ Yes.


پاشان كلیك لەسەر دووگمەی داهاتوو Next بكە كە دەكەوێتە بەشی سەرەوەی ڕێكخستنەكان:



## ڕێكخستنى بنكەى زانيارى

## Database Configuration


لە هەنگاوى دووەم دا، دواى ئەوەى كيليكمان لەسەر دووگمەى داهاتوو Next كرد، دەست دەكەين بە ڕێكخستنى بنكەى زانيارى سايتەكە:




- لەبەشى جۆرى بنكەى زانيارى Database Typeدا، Mu SQL هەلبژێرە.
- بەشى ناوى خانە خۆی Host Name بريتييە لە خانە خۆيێ ناوچەيى Local Host و مەيگۆرە با هەر ئەوە بێت.
- لە خانەى ناوى بەكارهێنەر User Name ى بنكەى زانيارييەكە دا، ناوى root دەنووسين. چونكە لەكاتى درووست كردنى بنكەى زانيارييەكە دا ناومان بۆ بەكارهێنەر دانەناوە. بەلاّم كاتێك سايتەكەمان درووست كرد و گواستمانەوە بۆ ناو هۆست و دۆمەين ئەو كاتە ناوى ئەو بەكارهينەرە دەنووسين كە لە بەشى درووست كردنى داتابەيس دامانناوە.
- لە خانەى تيپەرە وشە Passwordدا، هيچ نانووسين. چونكە كە داتابەيسەكەمان درووست كرد، تيپەرە وشەمان بۆ دانەنا.

- لە خانەی ناوی بنكەی زانیاری Database Nameدا، ناوی بنكەی زانیاری دەنووسین، كە لە بابەتەكانی پێشتر درووستمان كرد.
- ئەگەر دەتەوێت بنكەی زانیاری پێشتر و كۆنی سایتەكە Old Database پاشەكەوت بكەیت و نەیسریتەوە، ئەوا كلیك لەسەر دووگمەی Backup بكە و، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دەتەوێت بیسریتەوە كلیك لەسەر دووگمەی لابردن Remove بكە.

ئیستا رێكخستنی داتابەیسیش تەواو بوو، كلیك لەسەر دوگمەی Next بكە.





## چاوپیاخشنێكی گشتی

## Overview

دووای ئەوەی هەنگاوی دووەمان تەواو كردوو و، بەشی داتابەیسمان رێكخست، و كلیكمان لەسەر دووگمەی Next كرد، ئیستا لە هەنگاوی سێهەم و كتای دابەزاندنی جووملە داین و، هاوكات چاو دەخشینینەوە بە زانیارییەكانی هەنگاوی یەك و دوودا و هەندێك گۆرانكاریش دەكەین:




- لەبەشی Install Sample Dataدا، كۆمەڵێك قالب و شێوازی ئامادە دانراوە و، ئەگەر مەبەستە خۆت نەخشە سازی نەكەیت، ئەوا دەتوانی یەكێك لەوانە هەڵبژێریت بە كلیك كردن لەسەری، بەلام ئیمە خۆمان دیزاین دەكەین بۆیە None هەڵدەبژرێین.
- لەبەشی E-Mail Configurationدا، دەتوانی كلیك لەسەر دووگمەی بەلێ Yes بكەیت، ئەگەر دەتەوێت زانیارییەكانی رێكخستنی هەنگاوەكانت بۆ بنێرێت بۆ ئەو ئیمەیلەی داغلێت كرد، یان بە پێچەوانەوە.
- بەشەكانی تر تەنها پیشاندانی زانیاری هەنگاوی یەكەم و دووەمە.
- ئیستا كلیك لەسەر دووگمەی Install بكە:




## كۆتا هەنگاو و سرینەوەی فۆڵدەری دابەزاندن

## Remove Installation Folder & End Step

دووای كلیك لەسەر دووگمەی دابەزاندن Install ئەم رووكارەی خوارەوە دەكرێتەوە و، كلیك لەسەر دووگمەی Remove Installation Folder بكە، بۆ سرینەوەی فۆڵدەری دابەزاندن و، پاشان ئەگەر دەتەوێت سایتەكە ببینیت كلیك لەسەر دووگمەی سایت Site بكە و، ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو بەشی بەریوەبردن، كلیك لەسەر دووگمەی بەریوەبەر Administrator بكە.



## رووکار ی ئەنجام

## Result Interface

دووای تەواو بوونی کارەکان کاتێك سەیری سایتەکەمان دەکەین ئەم رووکارەمان بۆ درووست بووە و، ئەمەش سەرەتای درووست کردنی سایتەکەمانە.




## داغڵبوون بۆ بەشی بەریوەبەر

## Administrator

لە شریتی ناونیشانی بەرنامەیەکی ویب گەر Web Browserدا، بنووسە:

**localhost/administrator/**


بەم کارەش رووکاری داغلبوون بۆ بەشی بەریوەبەر دەکریتەوە و، لە خانەی ناوی بەکارهێنەر User Name دا، ئەو ناوی بەکارهێنەرە بنووسە کە لە هەنگاوی درووست کردنەکەدا بەکارت هێنا و، پاشان لە خانەی تیپەرە وشە Passwordدا، وشەی نهێنی بنووسە و، پەنجە بنێ بە دووگمەی Enter دا، یان کلیك لەسەر دووگمەی Login بکە. بروانە وێنەکە:





## رووکاری بەشی بەریوەبەر

## Administrator Interface

دووای ئەوەی داغڵبووین بۆ بەشی بەریوەبەر ، رووکارێکی تایبەت بە بەریوەبەر دەکریتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانین کاش CASHدرووست بکەین و سایتەکەش بەریوە ببەین، بەکورتی رووکارەکە دەناسێنین:



**یەکەم//شریتێکی سەرەکی Main Menu دەکەوێتە سەرەوەی رووکارەکەوە:**




**لەلای دەستە راستەوە بۆ دەستە چەپی شریتەکە:**

- Super User: ناوی ئەو بەکارهێنەرەیە کە ئیستا بەشی بەریوەبەری و دەست بەراگرتن بەکاردەهێنێت و، بەکارهێنەری باڵایە لە بەشی دەست بەسەراگرتن Control Panelدا، بە کلیك کردن لەسەری لیستێکی بچووك دەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە :

1. چاکسازی کردن لە حساب Edit Accountدا: لێرەوە دەتوانی چەندین گۆرانکاری ئەنجامبدەیت، بە کلیك کردن لەسەر Edit Account بەشی تایبەت بە چاکسای کردن لە حسابەکەتدا، دەکرێتەوە و، دەتوانی ناوی بەرکارهێنەری باڵا Super User بگۆریت بە هەر ناوێك، بۆ نموونە HemnBarznji و، یاخود تیپەرە وشە Password بنووسی و لە خانەی پشتراستکردنەوەی تێپەرە وشەدا Confirm Password دووبارەی بکەیتەوە و بیگۆریت، یاخود ......، هەروەها دەتوانی لەسەر تابی رێکخستنی بنچینەی Basic Setting کلیك بکەیت و، گۆرانکاری بکەیت، بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت لە کۆتای گۆرانکارییەکاندا، دەبێت پاشەکەوت Save ی بکەین، بە کلیك کردن لەسەر پاشەکەوت کردن Save، یان دووگمەی پاشەکەوت کردن و داخستنەوە Save & Close.
2. چوونەدەر Logout: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە لە بەشی بەرێوەبەری جوملە دەچینە دەرەوە.

- ناوی سایتەکە Website Name: لیرەدا ناوی ئەو سایتەی درووستمان کرد نووسراوە و بەکلیك کردن لەسەری رووکاری سایتەکە لە تابێکی نویَ دا دەکرێتەوە.
- پاشکۆکان (درێژکراوەکان) Extensions: بە کلیك کردن لەسەری لیستێکی بچووك دەکرێتەوە، کە بەهۆیەوە دەتوانین:

1. بەکلیك کردن لەسەر بەشی بەریوەبەری درێژکراوە (پاشکۆ) Extension Manager، بچینە بەشی بەریوەبەری درێژکراوە (پاشکۆ) Extension Manager، و بەهۆیەوە درێژکراوەکان دابەزێنین Install، یان نوێیان بکەینەوە Update، یان ..... .

2. بەکلیك کردن لەسەر بەشی بەریوەبەری مۆدیوڵ Module Manager بچینە ناو بەشی بەریوەبەری مۆدوڵ و ، مۆدیولێك زیاد بکەین بۆسەر رووکارەکە، وەکو رۆژ ژمێرێك، یان سەعاتێك، یان لیستێك، یان ژێرە Footer یان ...... .
3. بەکلیك کردن لەسەر بەشی بەریوەبەری پلەگین Plug-in Manager دەچینە ناو بەشی پلەگینەوە و، دەتوانین بەهۆیەوە پلەگین چالاك بکەین Enable یان لەکاری بخەین Disable، یان چاکسازی Edit و هەلبژاردن Option و یارمەت Help و ..... ئەنجام بدەین.
4. بەکلیك کردن لەسەر بەشی بەریوەبەری قالب Template Managerدەچێتە بەشی بەریوەبەری قالب و، بەهۆیەوە دەتوانین قالبی رووکاری سایت Site یان قالبی بەریوەبەر Administrator بگۆرین، بەکلیك کردن لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم هەر قالبێك (سندوقی پشکنین – Check Box) کە مانەوێت دایبنێین بۆ رووکار Site یان بۆ بەریوەبەر Administrator و پاشان کلیك کردن لەسەر دووگمەی Make Default بۆ ئەوەی بیکاتە هەمیشەیی.
5. بەکلیك کردن لەسەر بەشی بەریوەبەری زمان Language Manager، بەشی تایبەت بەزمان دەکریتەوە و، دەتوانین بە هۆیەوە هەموو کارەکانی تایبەت بە زمان بکەین.

- بەشی پێکهێنەر Components: ئەم لیستە بچوکە بە شێکە لە لیستی سەرەکی و تایبەتە بەهەموو بەشە پێکهێنەرەکانی وەکو (بانەر Banner، پەیوەندی Contact، نوێکردنەوەی جوملە Joomla Update، نامە Messaging، نیوزفید Newsfeeds، ئاراستە کردنەوە Redirect، گەران Search، گەرانی زیرەك Smart Search، لینکەکانی وێب We blinks ).
- ناوەرۆك Content: ئەم لیستە بچووکە تایبەتە بە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە ناوەرۆکەوە هەیە، وەکو (بەرێوەبەری وتار Article Manager، بەرێوەبەری پۆلێن Category Manager، وتارە رووخسار پێدراوەکان ((تایبەتمەندی پێدراوەکان)) Featured Articles، بەرێوەبەری مێدیا Media Manager).


- لیستەکان Menus: لیستێکی بچووکە و، بەشی بەرێوەبەری لیست Menu Manager و هەموو ئەو لیستانەی درووست کراوە، تیایدا هەیە و، دەتوانین بە هۆیەوە لیستی نوێ درووست بکەین، یان دانە و پۆلێن Categoryیان وتار Article زیاد بکەین بۆ لیستی درووستکراو.
- بەکارهێنەرەکان Users: لەم کورتە لیستە دا، هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە بەکارهێنەرەکانەوە هەیە و، دەتوانین هەموو کارێکی پەیوەندی دار بکەین، وەکو ( بەرێوەبەری بەکارهێنەر User Manager، کۆمەڵەکان Groups، ئاستەکانی دەست پێگەیشتن Access Levels، سەرنجەکانی بەکارهێنەر User Notes، پۆلێنەکانی سەرنجی بەکارهێنەر User Note Categories، بەکارهێنەرەکانی مەیڵ Mass Mail Users).
- نەزم (سیستەم) System: لەم کورتە لیستەشدا، هەموو ئەوانەی تایبەتن بە سیستەم دانراون و، دەتوانین بەهۆیەوە هەموو ئەوکارانە بکەین کە تایبەتن بە سیستەم، وەکو (پەنیڵی دەست بەسەراگرتن Control Panel، رێکخستن و چاککردنی گشتی Global Configuration، و .......).

**دووەم// شریتی دووەم ناوی بەشی چالاك و لۆگۆی جوملەی تیایە :**




کاتێك کلیك لەسەر هەر بەشێك بکەین، ناوی بەشەکە لەم شریتە دەر دەکەوێت لەگەڵ کرانەوە و چالاك بوونی بەشەکە و، هەروەها لۆگو و ناوی جوملەش لای دەستەچەپ هەیە کە بەکلیك کردن لەسەری دەچێتەوە ناو بەشی پەنیڵی دەست بەسەراگرتن:






### سێهەم// كورتە ليست Submenu:


لە نەوە كۆنەكاندا ئەم بەشە هەيە و لە نەوەى 3.3.6 دا ئەم بەشە لابراوە.

ئەم كورتە ليستە Sub menu دەكەوێتەلاى چاپى رووكارى سەرەكى بەريوەبەرەوە و، پێكهاتووە لە چەند بەشێك و، ببە هۆيەوە دەتوانين زۆر كار ئەنجامبدەين، وەكو :

1. رێكخستن و چاككردنى گشتى Global Configuration: بە كليك كردن لەسەرى بەشێك دەكرێتەوە پێكهاتووە لە چەند تابێك (سايت Site، سيستەم System، ڕاژەكار Server، سنوربەندى Permission، پاڵاوتنەكانى نووسين Text Filters) و، دەتوينين بە هۆى پێكهاتە و بەشەكانى ئەم تابانەوە زۆر گرانكارى بكەين، وەكو (گۆرينى ناوى سايت Site Name، پيشان دان و پيشان نەدانى ناوى سايت ، و .................).
2. زانيارى سيستەم System Information: لەم بەشەدا، زانيارى تەواو لەبارەى سيستەمەكەوە بەر دەستە و دەتوانين ببينين و، تايبەتمەنديەكان وەربگرين.
3. سرينەوە و پاككردنەوەى كاش Clear Cache.
4. پشكنينى گشتى Global Check-in.

5. دابەزاندنی درێژكراوە و پاشكۆ Install Extensions: بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین پاشكۆ و درێژكراوەكان دابەزێنین و، بەكاریان بهێنین وەكو پێكهاتە و بەشی سایتەكان، بۆ نموونە (رۆژ ژمێر، سەعات، میوان ژمێر، سلاّید شۆ و .............).

**چوارەم// ئایكۆنە خێراو و بەردەستەكان Quick Icons:** لیستێكی ترە و، دەكەوێتە لای دەستە راستەوە و، زۆربەی ئایكۆنە پێویستەكانی تێدایە، كە بە كلیك كردن لەسەری ئەو بەشە دەكرێتەوە و، بەمەش رێگاكانی كاركردن كورت دەبێتەوە و، ئاسان دەبێت. پێكدێت لەم ئایكۆنانە:




1. زیاد كردنی وتارێكی نوێ Add New Article: بە كاردێت بۆ نووسین و زیاد كردنی وتارێكی نوێ، بۆ بلاّوكردنەوە و، دانانی لە یەكێك لە لاپەرەكان دا، یان لە لاپەرەی سەرەكی دا.
2. بەرێوەبەری وتار Article Manager: بەكاردێت وەكو بەریوەبەری وتار و، دەتوانین بە هۆیەوە وتارە بلاّوكراوەكان دەستكاری بكەینEdit ، یان وتارێكی نوێ بلاّوبكەینەوەNew، یان وتارێك بخەینە تەنەكە خۆلّ Trash، یان وتاری بلاوكراوە بگۆرین بۆ بلاّونەكراوە و رِای بگرین Unpublish، یان وتار ئەرشیفبكەین Archive، یاخود هەلبژاردنەكانی وتار Options ئەنجام بدەین، لەوانەكانی دوواتر دا بە وردی باسی دەكەین.

3. بەڕێوەبەری پۆلێنکردن Category Manager: ئەم بەشە بەکاردێت بۆ دروووست کردنی پۆلێنەکان Categories، واتە لاپەرەکان Pages و بەشەکانی سایتەکەNew، یا دەستکاری کردنی پۆلێن و لاپەرەی دروووست کراو Edit، بڵاوکردنەوە Publish یان بڵونەکردنەوەی Unpublish ی پۆلێن و لاپەرە، ناردنی پۆلێن Category بۆ ناو تەنەکە خۆڵ Trash، یان ئەرشیفکردن Archive، یان ............... .
4. بەرێوەبەری میدیا Media Manager: بەکاردێت بۆ بەرێوەبردنی هەموو مێدیاکانی وەکو (فایلی نووسین Text File، فایلی پی دی ئێف PDF File، وێنە Image، ڤیدیۆ Video، دەنگ Sound، ....... ). بارکردنی هەریەکێکە لەو میدیایانە Upload، یان دروووستکردنی فولدەر Create Folder، سڕینەوە Delete، هەلبژاردنەکان Options، یارمەتی Help تایبەت بە بەشی بەریوەبەری میدیا بە زمانی ئینگلیزی. هەروەها پیشاندانی میدیاکانی ناو ماڵپەرەکە بە دوو شێواز، ئەوانیش پیشاندان بە شێوەی وردەکاری Detail View، کە وردەکاری فایلە بارکراوەکان Uploaded پیشان دەدات، یان بە شێوەی Thumbnail View.
5. بەریوەبەری لیست Menu Manager: بە کلیك کردن لەسەر ی بەشی بەریوەبەری لیست دەکرێتەوە و، بەهۆیەوە دەتوانین لیستێکی نوێ New دروووست بکەین، یان چاکسازی لە لیستێکی دروووست کراو دا بکەین Edit، یان لیستێك بسرینەوە Delete، یاخود بنیاتی بنێینەوە و دروووستی بکەینەوە Rebuild، یاخود هەلبژاردنەکان Options و یارمەتی Help ئەم بەشە بەکاربهێنین.
6. بەریوەبەری مۆدیوڵ Module Manager: بەکلیك کردن لەسەری بەشی بەریوەبردنی مۆدیوڵ دەکرێتەوە و، دەتوانین بەهۆیەوە مۆدیولێك زیاد بکەین بۆ سەر ڕووکاری سایتەکە New، یان چاکسازی لە مۆدیولێکدا بکەین Edit، یاخود مۆدیولێك بکەین بە دووان Duplicate، یان بڵاو کردنەوە Publish یان بلاونەکردنەوە و راگرتنی مۆدیولێك Unpublish، یان خستنە تەنەکەخۆڵی مۆدیولێك Trash، هەروەها دەستە Batch و هەلبژاردنەکان Options ویارمەتی Help یش ئەنجام دەدرێت.
7. بەریوەبەری بەکارهێنەر User Manager: بە کلیك کردن لەسەری بەشی بەڕێوەبردنی بەکارهێنەر دەکرێتەوە و، بەهۆیەوە دەتوانین بەکارهێنەرێکی نوێ دروووست بکەین New، یان چاکسازی لە بەکارهێنەرێکی دروووست کراودا دروووست بکەین Edit، یان داخستن و بلۆك کردنی

بەکارهێنەرێك Block ، یاخود چالاك کردنی بەکارهێنەرێك Active، یان کردنەوەی بەکارهێنەرێکی رێلێگیراو Unblock، هەروەها سرینەوەی بەکارهێنەر Delete و هەلبژاردنەکان Option یش ئەنجام دەدرێت.

8. .رێکخستن و چاککردنی گشتی Global Configuration: بە کلیك کردن لەسەری بەشی تایبەت بە رێکخستن و چاککردن و گۆرانکاری گشتی سایتەکە دەکرێتەوە و، بەهۆیەوە دەتوانین ناوی سایت بگۆرین Site Name، سایت بوەستینین Offline، یان .............. .

9.بەرێوەبەری قالب Template Manager: بە کلیك کردن لەسەری بەشی قالب بەریوەبردن Template Manager دەکرێتەوە و، وەك دەبینین لە ستوونی شێواز Styleدا، ناوی هەموو ئەو قالبانە نووسراوە، کە لە جوملەدا هەیە، یان دابەزێنراوە لە لایەن بە کارهێنەرەوە و، لە ستوونی هەمیشەیی Defaultدا، هەر ئەستێرەیەك زەرد بێت، واتە چالاکە و، ئەو قالبە هەمیشە ییە و، بەکلیك کردن لەسەر ئەستێرە نا چالاکەکان دەتوانیت قالبەکانی تر چالاك بکەیت، لە ستوونی شوێن Location یشدا دیاری کراوە کە ئایا قالبەکە هی سایتە Siteواتە رووکاری مالپەرەکە، یان هی بەریوەبەرە Administratorواتە ئەو رووکارەی کە ئیستا لە بەر دەستمانە و کاری لەسەر دەکەین، هەروەها ستوونی قالب Template ناوی قالبەکانی تێدا نووسراوە.

بە کلیك کردن لە ناو چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشکنین – Check Box) بەردەم هەر قالبێك و، پاشان کلیك کردن لەسەر دووگمەی Make Default ئەو قالبە دەبێتە هەمیشەیی، یان بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Edit چاکسازی لەو قالبەی دیاریمان کردووە دەکەین، یان بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Duplicateقالبەکە دەکەین بە دووان و دانەیەکی کۆپی لەبەر دەگرینەوە، هەروەها بە کلیك کردن لەسەر Deleteقالبەکە دەسرینەوە، و دەتوانین هەلبژاردنەکانیش Options بگۆرین، یان سوود لە یارمەتی Help وەربگرین بۆ فیربوونی ئەم بەشە.

10. بەرێوەبەری زمان Language Manager: بە کلیك کردن لەسەری بەشی بەریوەبردنی زمان دەکرێتەوە و، دەتوانین بە هۆیەوە زمانێك دابەزێنین Install Language، یان زمانێك بکەینە هەمیشەیی Default و، هەلبژاردنەکان Options ئەنجام بدەین.


11.دابەزاندنی درێژكراوە (پاشكۆ) Install Extension : بەكلیك كردن لەسەری بەشی بەڕیوەبردنی پاشكۆ و درێژكراوەكان دەكرێتەوە و، بەهۆیەوە دەتوانین هەر پاشكۆیەك Extension زیاد بكەین Install، یان نوێ ی بكەینەوە Update، یان بەڕێوەبردن Manage و بنكەی زانیاری Database و دابەزاندنی زمان Install Language و .... .

12. وێكردنەوەی جوملە هەر ئیستا Joomla Up to date: دەتوانین بە هۆی ئەم لینكەوە جوملە نوییكەینەوە و، بیگۆڕین بە نەوەو ڤێرژنی بەرزتر.

14.نوێكردنەوە ئامادەكان Updates are Available: لەم لینكەوە دەزانین چەند نوێكردنەوە و چالاك و ئامادەمان هەیە و بەردەستە.

**پێنجەم// ستوونی ناوەراست Middle Column:** لە رووكاری بەریوەبەر Administratorدا، ستوونی تایبەت بە چەند بەش و بوارێك، ستوونی ناوەراستە:

1.بەكارهێنەرە داغڵبووەكان Logged – In Users:لێرەدا ناوی بەكارهێنەر HemnBarznji و، جۆری بەكارهێنەر كە بەریوەبەرە Administrator و بەرواری داغڵبوون هەیە:




2.وتارە گشتی یەكان Popular Articles:لێرەدا ناو و بەرواری وتارە شەعبی و باو بلاوەكان هەیە:




3.وتارە نوێ و تازە بڵاوکراوەکان Recently Added Articles: ناو و بەرواری وتارە نوێ و تازە بڵاوکراوەکان هەیە:




**دەرچوون لەبەشی بەریوەبەر**

**Logout**

لە شریتی سەرەکی Main Menuدا، کلیك لەسەر ناوی بەکارهێنەر HemnBarznji بکە، و پاشان کلیك لەسەر Logout بکە.




**تێبینی:** ئەگەر ناوی بەکارهێنەری بەریوەبەرت نەگۆرییێت، وەك ئێمە لێرەدا کردوومانە بە HemnBarznji ئەوا نووسراوە بەریوەبەری باڵا Super User.

# رووکاری ماڵپەر

# Website Interface


دەتوانین بە دوو شێوەی سەرەکی رووکاری مالپەر بکەینەوە و، ببینین:

## یەکەم// لە رێگەی سیرڤەری وامپەوە:


1.دووانە کلیك لەسەر شۆرتکەتی سیرڤەری وامپ WAMP Server Shortcutبکە لە سەر رووکاری شاشەی کۆمپیوتەرەکەت Desktop.

2.لەو رووکارەی کرایەوە کلیك لەسەر دووگمەی بەلێ Yes بکە.

3.لە شریتی گرنگییەکان و فرمانەکان Task Barدا، ئایکۆنی سیرڤەرا وامپ هەیە و، کلیکی لەسەر بکە و، پاشان کلیك لەسەر Localhost بکە و، بەمەش ماڵپەرەکە دەکرێتەوە و، رووکارەکەی دەبینی:



4.زۆر جار راستەوخۆ رووکاری ماڵپەڕەکە ناکرێتەوە و، ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە و، دەبێت ناوی بەکار هێنەر User Name و تێپەڕە وشە Password بنووسین و، کلیك لەسەر دووگمەی دەغلَبوون Login بکەین بۆ چوونە ناو رووکارەکە و پیشاندانی :




**تێبینی:** دەتونین کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم بیرم بخەرەوە Remember me بکەین، پێش کلیك کردن لەسەر Login بۆئەوەی هەموو جارێك ئەو رووکارەی سەرەوە دەرنەکەوێتەوە.



**دووەم//راستەو خۆ كردنەوە لە ڕێگەی وێبگەڕەوە:**

دەبێت سەرەتا سیرڤەری وامپ كارپێبكەین و، چالاك بێت و، نابێت لەبیرمان بچێت، پاشان یەكێك لە وێبگەرەكان Web Browsers دەكەینەوە، بۆ نموونە گووگڵ كرۆم Google Chrome، یان ئینتەرنێت ئیكسپلۆرەر Internet Explorer، یان مۆزێلا فایەر فۆكس Mozilla Firefox و .... .

پاشان لە شوێنی شریتی ناونیشان Address Barدا، دەنووسین localhost و پەنجە دەنێین بە دووگمەی ئینتەر دا و، دەبینین سایتەكە دەكرێتەوە:



## پیشاندانی شوێنەكانی مۆدیوڵەكان


## Preview Module Positions

دووا ی ئەوەی داغبلوویت بۆ بەشی بەریوەبەر و، چویتە ناوە وە :

- كلیك لەسەر بەشی پێكهاتەی گشتی (تكوين العام) Global Configuration بكە و بیكەرەوە.
- كلیك لەسەر Template Manager بكە.
- كلیك لەسەر دووگمەی Enable بكە و، بەمەش پیشاندانی شوینی مۆدیولەكان چالاك دەبیّت.
- كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن Saveبكە، یان دووگمەی پاشەكەوتكردن و داخستن Save & Close بكە.
- ئیستا لە شریتی ناونیشان Address Bar ی وییگەرەكەدا Web Browser بنووسە:


**localhost/?tp=1**

- ئیستا پەنجە بنیّ بە دووگمەی Enterدا و، بروانە رووكاری سایتەكە:



## پێكهاتەی رووكاری سایتی جوملە

## Joomla Website Interface




A: ناونیشانی سایتی جوومله.

B: مۆدیۆڵی مینوی ئاسۆیی. Menu Module Horizontally

C: وینەی لای راستی سەرەوە.

D: وتارەکانی جوملە.

E: ستوونی لای راست.

F: ژێرە و خوارەوەی سایت.

# بەشی پێنجەم

## بنچینەکان و بەکارهێنەرەکان

## Basics & Users

## جوملە و ئامێرە دەستییەکان

## Joonla & Hand Held Device

جوملەی سێ Joomla 3.x زۆر گونجاوە لەگەل ئامێرە دەستییەکان و ، مۆبایل و، بێ گرفت کار دەکات، لەبەر ئەوەی پیشاندانی ناوەرۆکەکەی پشت دەبەستێت بە حەجمی ئەو ویندۆزە (پەنجەرە) ی کە پێی پیشان دەدەین و، ئەمەش هەر دوو بەشی بەردەم بەکارهێنەر (رووکار Interface، یان کۆتای پێشەوە Front End) و هەروەها بەشی بەردەم بەریوەبەر (پەناڵی بەریوە بردن Administration Panel ، یان کۆتای پشتەوە Back End).

بۆ نمونە دەتوانین سایتی جوملەی سێ، بە ئایفۆن پیشان بدەین، و بەمجۆرە رووکارەکە دەبینین :




هەروەها رووکار و بەشی بەریوەبەریش بە ئایفۆن و ئامێرەکانی تر، پیشان دەدرێن، بێ هیچ گرفتێك:





## وەستاندن و راگرتنی سایت

## Website Offline


ئەگەر كار لە ماڵپەرەكەتدا، دەكەیت و، ناتەوێت هەتاوەكو كاتی تەواو بوونی، هیچ كەس بیبینێت، ئەوا دەتوانی بە شێوەیەكی كاتی سایتەكەت رابگریت و، بە نووسینێك، یان وێنەیەك ئاماژە بەوە بدەیت كە ماڵپەرەكە راوەستاوە بۆ ماوەیەكی كاتی، بەم هەنگاوانە:

1. دووای داعلبوون بۆ بەشی بەریوەبەری سایت Administrator، كلیك لەسەربكە و پاشان كلیك لەسەر System Global Configuration بكە:



تێبینی: لە بەشی ناوەڕۆك Contentدا، كلیك لەسەر Global Configuration بكە، بۆ كردنەوەی، یان كلیك لەسەر System بكە و، پاشان كلیك لەسەر Global Configuration، بەهەر كام لەم دوو ڕێگەیە دەتوانی بیكەیتەوە و، بچیتە ناو Global Configuration.


2. لە تابی Siteدا، هەڵبژاردنی ڕاگرتنی سایت Site Offline دەگۆڕین بە بەڵێ Yes بەكلیك كردن لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes:




3. لەبەشی Offline Imageدا، كلیك لەسەر Selectدەكەین، بۆ ئەوەی وێنەیەك دابنێین بۆ پیشاندان لە كاتی كردنەوەی سایتەكە :




4. ئەم ڕووكارەی خوارەوەت بۆ دەكرێتەوە و، كلیك لەسەر Choose File بكە، بۆ هەڵبژاردنی ئەو وینەیەی دەتەوێت داینێت و، بە هۆیەوە وێنەكە هەڵبژێرە، پاشان كلیك لەسەر Start Upload بكە:



5. ئیستا كلیك لەسەر وێنەكە بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی خستنە ناو Insert بكە، بەمەش وێنەیەكمان دانا، تا دەربكەوێت، لەكاتی راگرتنی سایتەكەدا.

6. بەشی نامەی راگیراو Offline Message بگۆرە بۆ Use Custom Message و، لە خانەی پەیامی ئیستاش Custom Messageدا، ئەو نامە و پەیامە بنووسە كە دەتەوێت دەربكەوێت:





7. پاشان گۆرانكارییەكە پاشەكەوت بكە Save، بە كلیك كردن لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن Save، یان پاشەكەوت كردن و داخستنەوە Save & Close.

## کارپێکردن و کارپێنەکردنی دیبەگ


## Debug Turn on/ Turn off

1. دووای داعڵبوون بۆ بەشی بەریوەبەری سایت Administrator، کلیك لەسەر Global Configuration بکە و بیکەرەوە.




تێبینی: لە بەشی ناوەرۆك Contentدا، کلیك لەسەر Global Configuration بکە، بۆ کردنەوەی، یان کلیك لەسەر System بکە و، پاشان کلیك لەسەر Global Configuration، بەهەر کام لەم دوو رێگەیە دەتوانی بیکەیتەوە و، بچیتە ناو Global Configuration.

2. لە تابی System دا، و لەبەشی Debug Setting دا، دوو هەڵبژاردنمان هەیە، ئەوانیش دیبگی سیستەم System Debug و دیبگی زمان Debug Language ، و بۆ هەر کامێکیان، ئەگەر ویستت کاری پێبکەیت Turn On کلیك لەسەر Yes بکە و، ئەگەر ویستت کاری پێنەکەیت و بیکوژێنیتەوە Turn Off ئەوا کلیك لەسەر No بکە.




## زانينى ناوى بنكەى زانيارى

## Database Name

ئەگەر پێويستمان بە زانينى ناوى بنكەى زانيارى هەبوو، ئەوا بە جيبەجێكردنى ئەم هەنگاوانەى لاى خوارەوە ناوى داتابەيس و زانيارى لەبارەيەوە دەزانين:

1.لە شريتى سەرەكى Main Menuدا، كليك لەسەر تابى سيستەم System، بكە و، پاشان كليك لەسەر زانيارى سيستەم System Information:




2.كليك لەسەر تابى Configuration File بكە و، بەشوێن dbدا، بگەرێ و بيدۆزەرەوە، لەبەرامبەرى ناوى بنكەى زانيارى Database نووسراوە:




## دروست کردنی بەکارهێنەرێکی نوێ ی تۆمار کراو


## Create New Registered User

1. لە شریتی سەرەکی Main Menuدا، کلیك لەسەر تابی بەکارهێنەرەکان Users بکە، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر بەڕێوەبەری بەکارهێنەر User Manager و، دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر زیاد کردنی بەکارهێنەرێکی نوێ Add New User و کلیکی لەسەر بکە:
2. پاشان وردەکاری حسابەکە Account Details داغڵ دەکەین، و دەینووسین بەم شێوەیە:

- ناو Name: ناوی بەکارهێنەرەکە بنووسە کە دەتەوێ تۆماری بکەیت.
- ناوی داغڵکبوون Login Name: لیرە ئەو ناوە دەنووسین کە بەکارهێنەر بەهۆیەوە داغلدەبێت.
- تیپەرە وشە Password: لێرەدا، وشەی نهێنی و تیپەرە وشە بنووسە، هاتاوەکو بەکارهێنەری تۆمار کراو بەهۆیەوە داغڵبێت.
- پشت راستکردنەوەی تێپەرە وشە Confirm Password: تێپەرە وشە و، وشە نهێنییەکەی خانەی پێشوو، دووبارە بنووسەرەوە بۆ پشت راست کردنەوە.
- ئیمەیڵ E-Mail: ئیمەیلێك بنووسە، جا ئیمەیڵی ئەو بەکارهێنەرە بێت کە تۆماری دەکەین، یان ئیمەیڵی بەرێوەبەر.
- وەرگرتنی ئیمەیڵەکانی سیستەم Receive System E-Mails: ئەگەر دەتەوێت ئیمەیلەکانی سیستەم وەربگیرێت لەلایەن ئەم بەکارهێنەرە تۆمار کراوە، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes بکە و، بە پێچەوانەوە نەخێر No هەلبژێرە.
- داخستنی ئەم بەکارهێنەرە Block this User:ئەگەر ویستمان ئەم بەکارهێنەرە داىخەین و رێگری لێبکەین، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes دەکەین و، بە پێچەوانەوە نەخێر No هەلدەبژێرین.





3. کلیك لەسەر تابی Assigned User Groups بکە، لەو ڕووکارەی پێشوو، پاشان کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشنین Check Box) بەردەم تۆمار کراو Registered بکە و، لە کۆتای دا کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن و داخستن Save & Close بکە.





## دروستكردنی حسابێكی نوێ ی بەكارهێنەرێكی باڵا

## Create New Supper User Account

1. لە شریتی سەرەكی Main Menuدا، كلیك لەسەر تابی بەكارهێنەرەكان Users بكە، پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر بەڕێوەبەری بەكارهێنەر User Manager و كلیكی لەسەر بكە. یان كلیك لەسەر بەریوەبەری بەكارهێنەر User Managerبكە، لە لیستی ئایكۆنە خێرا و بەردەستەكان Quick Icons.



2. کلیك لەسەر دووگمەی نوێ New بکە:




3. پاشان وردەکاری حسابەکە Account Details داغڵ دەکەین، و دەینووسین بەم شێوەیە:

- ناو Name: ناوی بەکارهێنەرەکە بنووسە کە دەتەوێ تۆماری بکەیت.
- ناوی داغڵکبوون Login Name: لیرە ئەو ناوە دەنووسین کە بەکارهێنەر بەهۆیەوە داغلدەبێت.
- تیپەرە وشە Password: لێرەدا، وشەی نهێنی و تیپەرە وشە بنووسە، هاتاوەکو بەکارهێنەری تۆمار کراو بەهۆیەوە داغڵبێت.
- پشت راستکردنەوەی تێپەرە وشە Confirm Password: تێپەرە وشە و، وشە نهێنییەکەی خانەی پێشوو، دووبارە بنووسەرەوە بۆ پشت راست کردنەوە.
- ئیمەیڵ E-Mail: ئیمەیلێك بنووسە، جا ئیمەیڵی ئەو بەکارهێنەرە بێت کە تۆماری دەکەین، یان ئیمەیڵی بەرێوەبەر.
- وەرگرتنی ئیمەیڵەکانی سیستەم Receive System E-Mails: ئەگەر دەتەوێت ئیمەیلەکانی سیستەم وەربگیرێت لەلایەن ئەم بەکارهێنەرە تۆمار کراوە، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes بکە و، بە پێچەوانەوە نەخێر No هەلبژێرە.
- داخستنی ئەم بەکارهێنەرە Block this User:ئەگەر ویستمان ئەم بەکارهێنەرە داخەین و رێگری لێبکەین، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes دەکەین و، بە پێچەوانەوە نەخێر No هەلدەبژێرین.


4. کلیك لەسەر تابی Assigned User Groups بکە، لەو رووکارەی پێشوو، پاشان کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشنین Check Box) بەردەم بەکارهێنەری باڵا Super User بکە و، هەر دانەیەکی تر (وەکو Public، Guest، Manager، Administrator،

Registered، و ......) كلیكی لەسەر كرابوو و، سەح درابوو لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەمی ، سەحەكە لابەرە بە كلیك كردن لەسەر چوار گۆشەكە.

5. دەتوانیت لە بەشی رێكخستن و هەلبژاردنی بنچینەی Basic Setting، دا، گۆرانكاری بكەین بە گوێرەی پێویست و ویستی خۆمان.

6. ئیستا كۆتا هەنگاوە و ، كارەكە پاشەكەوت Save بكە، بە كلیك كردن لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن Save یان دووگمەی پاشەكەوت كردن و داخستن Save & Close.

تیبینی: ئەگەر كلیك لەسەر دووگمەی Save & Close بكەین، ئەوا راستەو كارەكە پاشەكەوت دەبیت و، رووكارەكە دادەخریتەوە و، دەچێتەوە ناو رووكاری بەریوەبەری بەكار هێنەر User Manager، بەلام ئەگەر كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت Save بكەین، ئەوا دەبێت خۆمان كلیك لەسەر بەشی User Manager بكەین، بۆ بینینی بەكارهێنەرە بالا نوێ یەكە.





## چۆنیتی ناچالاك كردنی تۆماركردنی بەكارهێنەر

## How to Disable User Registration?


ئەگەر بمانەوێت رێگە نەدەین بە تۆماركردن و درووست كردنی بەكارهێنەر، ئەوا بە ئاسانی ئەم كارە دەكەین، ئەویش بە ناچالاك كردنی تۆمار كردنی بەكارهێنەر، بەم هەنگاوانە.

1. لە شریتی سەرەكی Main Menuدا، كلیك لەسەر تابی بەكارهێنەرەكان Users بكە، پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر بەرێوەبەری بەكارهێنەر User Manager و كلیكی لەسەر بكە.

2. سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر دووگمەی هەڵبژاردنەکان Options و، کلیکی لەسەر بکە:




3. ڕێگەدان بە تۆمار کردنی بەکارهێنەر Allow User Registeration بگۆڕە بۆ نەخێر No، هەتاوەکو بە هۆیەوە ڕێگری لە تۆمار کردنی بەکارهێنەر بکەیت. بەلام بە پێچەوانەوە ئەگەر بەڵێ Yes چالاك بێت ئەوا ڕێگە بە تۆمار کردن دراوە:




4. کلیك لەسەر دووگمەی Save & Close بکە، بۆ پاشەکەوت کردنی گۆرانکارییەکە و، داخستنەوەی ڕووکارەکە.


## داخستن و ڕاگرتن، چالاك کردنەوە، و سرینەوەی بەکارهێنەرەکان

## How to Block , Activate and Delete User

ئەگەر بمانەوێت بەکارهێنەرێك بلۆك بکەین و، کار کردنی ڕابگرین، ئەوا بە ئاسانی ڕای دەگرین و، چ کاتێك ویستمان ڕێگەی پێدەدەینەوە، بە چەند کلیکێك و بە ئاسانی:

1. لە شریتی سەرەکی Main Menuدا، کلیك لەسەر تابی بەکارهێنەرەکان Users بکە، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر بەڕێوەبەری بەکارهێنەر User Manager و کلیکی لەسەر بکە.
2. کام بەکارهێنەرەی دەتەوێت بلۆکی بکەیت، کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشکنین – Check Box) بەردەمی بکە.

3. كلیك لەسەر دووگمەی بلۆك Block بكە.




- ئەگەر ویستت چالاكی بكەیتەوە، ئەوا دووای هەنگاوی یەكەم و دووەم، كلیك لەسەر دووگمەی چالاك كردن Activate بكە..
- هەروەها بە كلیك كردن لەسەر Unblock ئەوا راستەوخۆ بلۆكەكە لا دەبەیتەوە.
- ئەگەر ویستت بیسریتەوە ئەوا بە كلیك كردن لەسەر دووگمەی سرینەوە Delete كارەكە ئەنجام دەدرێت.


## دروست كردنی گرووپی بەكار هێنەری نوێ

## New User Groups


دەتوانین هەندێك لە بەكارهێنەركان، لە كۆمەڵ و گرووپ دا، كۆبكەینەوە، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە گرووپێكی نوێ دروست دەكەین بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

1. لە شریتی سەرەكی Main Menuدا، كلیك لەسەر تابی بەكارهێنەركان Users بكە، پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Groups و پاشان Add New Group و كلیكی لەسەر بكە.

2. پاشان ناو و نیشانی گرووپەكە Group Title بنووسە لە لاكێشە بچوكەكەی تەنیشتی (خانەی نووسین – Text Field)، و لە بەشی باوانی گرووپ Group Parent دیاری بكە ئەم گرووپەسەر بە چ بەشێك بێت و، كامە باوانی Parent بێت.




3. پاشان كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن و داخستنەوە Save & Close بكە:





تێبینی: دەتوانیت لە شریتی ئایكۆنە خێرا و بەردەستەكان Quick Iconsدا، كلیك لەسەر بەریوەبەری بەكارهێنەر User Manager بكەیت و، لەلای چەپی ئەو رووكارەی بۆت دەكرێتەوە، كلیك لەسەر گرووپی بەكارهێنەر User Group بكەیت و، پاشان كلیك لەسەر نوێ New بكەیت. پاشان خاڵی 2 و 3 سەرەوە.

## درووست كردنی ئاستی دەست پێگەیشتنی نوێ

## Create New Access Level


دەتوانین زیاتر لە گرووپێك بەكارهێنەرمان هەبێت و، بۆ دیاری كردنی ئاستەكانیان و پیشاندانی جیاواز بە گوێرەی ئاستەكان، بۆ وتارەكان Articles، مۆدیوڵەكان Modules و لیستەكان Menus. بە جیبەجێكردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

1. لە شریتی سەرەكی Main Menuدا، كلیك لەسەر تابی بەكارهێنەرەكان Users بكە، پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Access Levels و كلیكی لەسەر بكە:





2. لە بەشی بەریوەبەری بەكار هێنەر User Manager كە كراوەتەوە بۆت كلیك لەسەر دووگمەی نوێ New بكە:
3. ناونیشانی ئاستەكە Level Title لەناو لاكێشەكەی تەنیشتی دا، بنووسە و، كلیك لەسەر چوار گۆشە بچوكەكەی (سندوقی پشكنین – Check Box) ئەو توانا و ریگە پیدانانەی دەتەوێت ئاستەكە هەیبێت، بكە . وەكو (گشتی Public، میوان Guest، بەریوەبەر Manager و ...... ).
4. پاشان كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن و داخستن Save & Close بكە.





5. وەك دەبینین ئاستێکی دەست پێگەیشتنی نوێ درووست بوو:




## سڕینەوەی گرووپی بەکارهێنەر

## Delete User Group


1. لە شریتی سەرەکی Main Menuدا، کلیك لەسەر تابی بەکارهێنەرەکان Users بکە، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر گرووپەکان Groups و کلیکی لەسەر بکە:




2. کام گرووپی بەکارهێنەرە User Groupیە دەتەوێت بیسریتەوە، کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشکنین – Check Box) بەر دەم ناوەکەی بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە Delete بکە:




3. بەسەرکەوتووی سرایەوە:



## بەریوەبەری میدیا


## Media Manager

میدیا بەهەموو بەشەکانی و جۆرەکانییەوە (وێنە Image (Photo, Picture)، دەنگ Audio، ڤیدیۆ Vedio و ....... ) رۆلێکی بەر چاو و گرنگی هەیە لە درووست کردن و پێکهێنانی سایت (ماڵپەڕ – Web Site) بۆیە دەبێت چۆنێتی دابەزاندنیان بۆ ناو بەشی بەرێوەبەری میدیا Media Manager بزانین، بۆ ئەوەی لە وانە و بەشەکانی تر و، لە درووست کردنی رووکار Interface و، دابەزاندن و بڵاو کردنەوەی بابەت دا، بەکار یان بهێنین، بۆیە بەوردی و لە چەند بەشێك دا، باسیان دەکەین:


### یەکەم // زیاد کردنی حەجمی بەرزکردنەوەی فایل Icrease Upload File Size:

حەجمێکی دیاری کراو هەیە بۆ بەرزکردنەوە Upload و دابەزاندنی فایل بۆناو سایتەکەت، کە بە جووملە درووستت کردووە و، زۆر کات پێویست دەکات ئەو حەجمە زیاد بکەین، چونکە کەمە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین:


1. بەشی بەریوەبەری مێدیا Media Manager بکەرەوە، بەکلیك کردن لەسەر تابی ناوەرۆك Content و پاشان کلیك کردن لەسەر بەریوەبەری مێدیا Media Manager:




2. لە بەشی بەریوەبەری مێدیا کە بۆت کراوەتەوە، کلیك لەسەر دووگمەی هەڵبژاردنەکان Options بکە:



3. زۆر ترين حەجم بە مێگابايت Maximun Size (in MB) بگۆرە بە هەر حەجمێك كە خۆت دەتەوێت و پێويستت پێيەتى:





4. كليك لەسەر دووگمەى پاشەكەوت كردن و داخستن Save & Close بكە بۆ خەزن كردنى گۆرانكارى و كارەكە.

## دووەم// دروووست كردنى فولدەر Create Folder لە بەريوەبەرى ميديا Media Managerدا:


ئەگەر پێويستمان بە فولدەر بوو، بۆ ئەوەى پۆلێنى ميدياكانى تێدا بكەين، تا بابەتەكان تيكەل و پيكەل نەبن و، زۆر جاريش وا پێويست دەكات بۆ ئەوەى ناوى فولدەرەكە بدەين بە گالەرى شۆيەك Gallery Show يان سلايد سۆو Slide Show بۆ ئەوەى پيشانى بدات و، شتى زياتر لەوە پيشان نەدات.

دوواى ئەوەى كە بەشى بەريوەبەرى ميديا Media Manager ت كردەوە، لە رووكارەكەى دا كليك لەسەر دووگمەى دروووست كردنى فولدەر Crate Folder بكە و، بەمەش بەشێك بۆ رووكارەكە زياد دەكات لەناو لاكێشەكەدا (خانەى نووسين – Text Field) ناوى فولدەرەكە بنووسە و، پاشان كليك لەسەر دووگمەى دروووست كردنى فولدەر Create Folder ى تەنيشتى ناوەكە بكە:




## سێهەم// سرینەوە Delete لە بەریوەبەری میدیا Media Managerدا:

هەر وێنەیەك یان بەش و پێكهاتەیەكت ویست بیسریتەوە كلیك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی (سندوقی پشكنین – Check Box) بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی سرینەوە Delete بكە. یان كلیك لەسەر هێمای سرینەوە Delete (X) بكە لەسەر وینەكە:





## چوارەم// پیشاندانەكان Views لە بەریوەبەری میدیا Media Managerدا:

دووای كردنەوەی بەشی بەریوەبەری میدیا Media Manager دەتوانیت ناوەرۆك و بابەتەكانی ناو بەرێوەبەری میدیا Media Manager بە دوو شیوە پیشان بدەین، ئەوانیش پیشاندانی وردەكاری Detail View و Thumbnail View:



## پێنجەم: بەرزكردنەوەى وێنە و فايل بۆ ناو بەشى بەريوەبەرى ميديا Uploading Image & File:

دوواى كردنەوەى بەشى بەريوەبەرى ميێديا Media Manager دەتوانين وێنە و فايل بەرزبكەينەوە بۆ ناو سايتەكە ، بەكليك كردن لەسەر دووگمەى بەرزكردنەوە ((بار كردن)) Upload و پاشان كليك كردن لەسەر هەلبژاردنى فايل Choose File و ئەو فايلە هەلبژێرە و ديارى بكە كە دەتەوێت و كليك لەسەر Open بكە .... پاشان كليك لەسەر دەستكردن بە بەرزكردنەوە Start Upload بكە و، بەو جۆرە چەند وێنەت دەوێت بەرزى بكەرەوە :




## لابردنی دێری دووەمی فوتەر

## Remove Second Line of Footer

1.بەشی پێکهاتەی جوومله بکەرەوە کە لەناو WWW directoryدا، دامانا.

2.پاشان فۆڵدەری مۆدیوول Module بکەرەوە.




3.فۆڵدەری Mod_Footerبکەرەوە.

4.فۆڵدەری tmpl بکەرەوە.

5.پاشان default.php بکەرەوە و بگەڕێ بۆ ئەم دێرەی لای خوارەوە:

<div><?php echo JText::_('MOD_FOOTER_LINE2'); ?></div>

6.ئەو دێرە بسرەوە و پاشان فایلەکە خەزن Save بکەرەوە.

# بەشی شەشەم

## وتارەکان


## Articles

## دروست کردنی وتار

## Create Article

دووای ئەوەی داغڵ بە بەشی بەریوەبەر بوویت، ئیستا دەتوانیت وتار Article درووست بکەیت، بە جیبەجێکردنی ئەم هەنگاوانی لای خوارەوە:

1. کلیك لەسەر Content بکە.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Article Manager و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر بەریوەبەری وتار Article Manager و کلیکی لەسەر بکە.




## نووسینی وتار

## Write Article

لەو رووکارەی بۆت کراوەتەوە، بەرنامەیەکی وەرد پرۆسیسینە Word Processing و، بەهۆیەوە وتارەکە بنووسە.

- لە خانەی ناونیشان Titleدا، مەرجە ناونیشانی وتارەکە بنووسیت.
- لەخانەی نازناو Aliasدا، نازناوێك بۆ وتارەکە بنووسە.
- لە بەشی پۆلێن Category، دا مەرجە پۆلێنێك واتە لاپەرەیەك Page هەلبژێرین، و خۆشی بەشێوەیەکی هەمیشەیی Default، لاپەرەی Uncategorized هەلبژێردراوە و چالاکە.

**تێبینی:** لەکاتی زیادکردن و درووست کردنی پۆلێن Category و لاپەرە Pageدا، زیاد دەبێت بۆ ئەو بەشەی سەرەوە Category و لەوکاتەدا، دەتوانین بابەتەکە لە لاپەرەی تریشدا بڵاوبکەینەوە، جگە لە پۆلێنەنەکراو Uncategorised.

- لەبەشی حاڵەت Statusدا، دیاری بکە، کە ئایا وتارەکەی نوسیوتە بلاوبکرێتەوە Published، یان بڵاونەکرێتەوە Unpublished، یان ئەرسیفی بکەیت Achieved، یان بینێریت بۆ تەنەکە خۆڵ.
- لەبەشی دەستپێگەیشتن Accessدا، دیاری بکە، و بریاربدە کێ دەستی بگات بەو وتارە و بیخوێنێتەوە، گشتی بێت و بۆ هەمووکەس Publish،یان تەنها بۆ میوان Guest، یان بۆ ئەوانەی ئەندامن و خۆیان تۆمار کردووە Registered، یان کەسی تایبەتی Special.
- لە بەشی بەرجەستەدا Featured، دەتوانی بریار بدەیت کە وتارەکە بەرجەستە بێت ، لەوکاتەدا Yes هەڵدەبژێرین ، یان بەرجەستە نەبێت، لەکاتەشدا نەخێر No هەڵدەبژێرین.

**تێبینی:** کاتێك ئەم بەشە چالاك دەکەیت و بەلێ Yesهەڵدەبژێریت، ئەوا بابەتەکە لە لاپەرەی سەرەکیش Home Pageدادەنرێت.

- لەبەشی زمان Languageدا، ئەو زمانە دیاری بکە کەدەتەوێت، یان All هەلبژێرە و ئەوکاتە وتارەکە بۆ هەموو زمانەکان دەبێت.
- دووگمەی وینە Image بەکاردێت بۆ هێنانی وێنەیەك بۆ ناو وتارەکە، ئەگەر ویستت.
- دووگمەی Page breakبەکاردێت بۆ دانانی ناوبری لاپەرە ئەگەر ویستمان دایبنێین.
- دووگمەی Read Moreبەکاردێت بۆ دانانی درێژەی بابەت و زیاتر خوێندنەوە ئەگەر ویستمان بابەتێك هەمووی دانە نرێت، بەلکو چەند دیرێك دابنرێت و پاشان کلیك لەسەر ئەم دووگمەیە بکرێت، ئەوکات هەموو بابەتەکە پیشان نادرێت و، بە کلیك کردن Read More هەموو بابەتەکە دەکرێتەوە و پیشان دەدرێت.
- لە بەشی هەلبژاردنەکانی وتار Article Optionدا، دەتوانین چەندین کار ئەنجام بدەین، لەم خشتەیەی خوارەوەدا روونی دەکەینەوە:

| | |
|---|---|
| پیشاندانی ناونیشان Show Title | بەکارهێنانی گشتی Use Global، شاردنەوە Hide، پیشاندان Show |
| پێکەوە بەستنی ناونیشان Linked Titles | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی نووسینی ناساندن Show into Text | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| شوێنی زانیاری وتار Show of Article info | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |

| | |
|---|---|
| پیشاندانی پۆلێن Show Category | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی باوان Show Parent | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی نووسەر Show Author | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی بەرواری درووستکردنی وتار Show Create Date | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی بەرواری گۆرانکاری Show Modify Date | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی بەرواری بلاوکردنەوە Show Publish Date | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ناڤیگەیشن Show Navigation | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایکۆنەکان Show Icon | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایکۆنی چاپ کردن Show Print Icon | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایکۆنی ئیمەیڵ Show E-Mail Icon | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی دەنگ دان Show Voting | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی لێدانەکان Show Hits | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی لینکی نەناسراو، ئەگەر بەلێ Yes هەلبژێرین، ئەوا لینکی تۆمار کردن پیشان دەدرێت بۆئەوانەی داغلّ نەبوون Logged In، بۆ ئەوەی خۆیان تۆمار بکەن. Show Unauthorised Link | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| دیاری کردنی شوێنی لینك Positioning of the Links | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| نووسینی زیاتر بخوێنەرەوە Read More Text ئەو نووسینەی لیرەدا دەینووسین کاتێك دەر دەکەوێت کە کلیك لەشوێنێکی وتارەکە بکەین و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Read More بکەین و، بەمەش خەتێکی پچر پچری سوور بەو شوێنەی وتارەکە دا دینێت کە کلیکمان لەسەر کردووە و، لەوە شوێنە بە دووا پیشان نادرێت مەگەر بە کلیك کردن لەسەر ئەو دووگمەی لیرەدا ناومان لێناوە. | بەکارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |


ئیستا و دووای ئەنجامدانی هەموو کارەکان، کلیك لەسەر دووگمەی پاشکەوت Save بکە بۆ خەزن کردنی وتارەکە، یان کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن و داخستن Save & Closeبکە. بەمەش وتارێکمان درووست کرد.

## ناردنی بابەت بۆ تراش و سرینەوەی بابەت

## Trash & Trash Empty


ئەگەر بابەتمان بلاو کردبوویەوە و، ویستم ئەو بابەتانە بنێرین بۆ ناو تەکە خۆڵ  و ، بەهۆیەوە بابەتەکە بسرینەوە، ئەوا ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین:

1.کلیك لەسەر  Content دەکەین و پاشان کلیك لەسەر  Article Manager دەکەین و بەشی بەریوەبەری وتار دەکەینەوە:




2.ئەو وتارەی دەتەوێت بینێریت بۆ تەنەکە خۆڵ کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەمی ((سنووقی پشکنین – Check Box )) بکە.

3.پاشان کلیك لەسەر دووگمەی  Trash بکە:



لەبەشی بەڕیوەبردنی وتار دا، ئەم كارانەی تریش جیبەجێبكەین، دووای ئەوەی كلیكمان كرد لەسەر چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم هەر وتارێك واتە سنووقی پیشكنین Check Box ی بەردەم هەر وتارێك :

1.چاكسازی Edit: وتارەكە دەكرێتەوە و بەهۆیەوە دەتوانین گۆرانكاری لە وتارەكەدا بكەین.

2.بلاوكردنەوە Publish: ئەگەر وتارێك بلاو نەكرابێتەوە بە كلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە وتارەكە بلاو دەكرێتەوە.

3.بلاونەكردنەوە Unpublish: ئەگەر وتارێك بلاوكرابێتەوە بە كلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە وتارەكە لە بلاوكردنەوە دەوەستێت و پیشان نادرێت بۆ بەكارهێنەر.


4.روخسارپێدان Featured: بەهۆی ئەو دووگمەیەوە تایبەتمەدی رووخسار دەدرێت بە وتار و، بەهۆیەوە وتارەكە لە لاپەرەی سەرەكی و لەو لاپەرەیەش كە بۆی دیاری كراوە دەبینرێت و بلاودەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەو تایبەتمەندییەمان پێدابێت، هەر بەهۆی ئەم دووگمەیەوە لای دەبەینەوە.

5.ئەرشیف Archive: بەهۆی ئەم دووگمەیەوە ئەو وتارەی دیاریمان كردووە دەنیرین بۆ بەشی ئەرشیف و، لەوێدا دەبێت بۆئەوەی كاتی پێویست بەكاری بهینین، یان ئەگەر نەمان ویست بیسرینەوە.

6.پشكنین Check In: بەهۆی ئەو دووگمەیەوە ئەو وتارە دەپشكنین كە دەمانەوێت.

7.تراش Trash: وەك لە پیشەوە باسكرا بۆ ناردنی فایلی دیاری كراو بۆناو تەنەكە خۆل.

8.باچ Batch: ئەم دووگمەیە بەكاردێت بۆ گواستنەوە Move یان لەبەر گرتنەوە Copy ی وتاری دیاری كراو.




## بینینەوەی وتاری ئەرشیف وتراش و ....


## Arshive Article, Trash & .....

بۆئەوەی ئەو وتارانەی ناردوومانەتە بەشی ئەرشیف یان ..... ببینینەوە، ئەم هەنگاوانەی جێبەجێدەكەین:

1.كلیك لەسەر Content دەكەین و پاشان كلیك لەسەر Article Manager دەكەین و بەشی بەریوەبەری وتار دەكەینەوە:




2.كلیك لەسەر ئامرازەكانی گەران Search Tool بكە و، پاشان لە بەشی هەلبژاردنی دۆخ Select Statusدا، ئەو دۆخە هەلبژێرە كە دەتەوێت:





بەمەش وتارەكانی بەشی ئەرشیف دەبینیت و، بەكلیك كردن لەسەر هێمای ئەرشیفی سەر وتارەكە، كە قوفلیكە، وتارەكە لەبەشی ئەرشیف لادەچێت و، دەچێتەوە لای وتارەكانی تر، بەلام بە لاونەكراوەی Unpublish، وەگەر ویستت بیسریتەوە، كلیك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم وتارەكە بكە و پاشان كلیك لەسەر Clear بكە.

## ڕێکخستنی وتارەکان


## Order Articles

دووای ئەوەی وتارەکانمان بلاو کردەوە دەتوانین ڕێکیان بخەینەوە و، ریزیان بکەینەوە لە ئەی A بۆ زێت Z، یان لە زێت Z بۆ A، واتە Ordering Ascending و Ordering Descending، بەجێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:


1. بەشی بەڕیوەبردنی وتار Article Manager بکەرەوە، بەکلیك کردن لەسەر Content Manager پاشان کلیك کردن لەسەر Article Manager:




2. لەبەشی ریزکردن بە پێی Sort By: یەکێك لە شێوەکانی ریزکردن و ڕێکخستن هەلبژێرە:



3. جگەلەوەی ئەو دوو شێوەیە لە ئەی A بۆ زێت Z، یان لە زێت Z بۆ  ئەی A ریزی دەکات، دەشتوانیت بە هەلگرتن و گواستنەوە شوێنی وتارەکان ئالو گۆر پیبکەی و پاش و پێشیان بکەی.





## ڕێکخستنی وتاری رووخسار پێداو


## Ordering Featured Article

دووای ئەوەی وتارمان بلاو کردەوە بە تایبەتمەندی فیچەر  Feature Article دەتوانین دووبارە ڕێکی بخەینەوە و ریزی بکەینەوە، هاوکات شێوەی پیشاندانی لە سەر رووکاری وێب سایتەکە بگۆرین:


1. بەشی وتاری  رووخسار پێدراو  Feature Article بکەرەوە، بەکلیك کردن لەسەر  Content Manager پاشان کلیك کردن لەسەر  featured Article:



2. لەبەشی ریزكردن بە پێی :Sort By یەكێك لە شێوەكانی ریزكردن و رێكخستن هەلبژێرە:





3. جگەلەوەی ئەو دوو شێوەیە لە ئەی A بۆ زێت Z، یان لە زێت Z بۆ ئەی A ریزی دەكات، دەشتوانیت بەهۆی ئەو دووگمانەی لای هەر یەكێك لە وتارەكان درووست دەبێت ، وتارەكان سەر و خوار پێبكەین.




4. بۆ ریکخستنی فرە ستوونی وتار Multi Column Article ی رووخسار پێدراو Featuredئەم هەنگاوانە جیبەجێدەکەین:


یەکەم:کلیك لەسەر Systemدەکەین، پاشان Global Configuration:




دووەم: لەبەشی لای چەپی ئەو رووکارەی کراوەتەوە کلیك لەسەر وتار Article دەکەین:




سێهەم: كلیك لەسەر تابی Blog/Featured Articleدەكەین، پاشان تایبەتمەندییەكان رێك دەخەین، و تایبەتمەندی Multi Column Orderدەكەین بە Across:




5. پاشان بەشی بەریوەبەری لیست menu Managerدەكەینەوە، و، رێكخستنی هۆم Home دەگۆرین بۆ Featured Article Order بەم شێوەی لای خوارەوە:


یەكەم: كلیك لەسەر Menu دەكەین، پاشان Main Menu:



دووەم: کلیك لەسەر هۆم Home بکە:




سێهەم: کلیك لەسەر تابی لای ئاوت Layoutبکە و گۆرانکارییەکان ئەنجام بدە وەك وینەکە :



تایبەتمەندییەکان بەم جۆرەیە:

1. وتارەکانی پیشەوە Leading Articles: لیرەوە دیاری دەکەین چەند وتار لە پیشەوە و ل سەرەتاوە پیشان بدرێت و پاشان وتارەکانی تر ببیتە چەند ستوونێك کە خۆمان دیاری دەکەین.
2. وتارەکانی ناساندن Intro Articles لیرەوە دیاری دەکەین چەند وتاری ناساندنمان هەبیت.
3. ستونەکان Columns: لیرەوە ژمارەی ستوونەکان دیاری دەکەین کە دەمانەوێت وتارەکانی تیا دابنێین.
4. پاشان بە گوێرەی پێویست هەر کام لە رێکخستنەکان Order دیاری دەکەین و، بە گوێرەی پێویست رێکیان دەخەین.


چوارەم: دووای ئەنجامدانی گۆرانکارییەکان، کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن و داخستنەوە Save & Closeدەکەین.

## گۆرینی رێکخستنی گشتی وتار


## Article Global Setting

بۆ ئەوەی تایبەتمەندی و رێکخستنی گشتی تایبەت بە وتار بگۆرین، ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدەین، کە بەهۆیەوە دەتوانین تایبەتمەندی و رێکخستنی گشتی ئەنجام بدەین، بۆ هەموو وتارەکان کە تاهەنووکە بلاو کراونەتەوە و، هەموو ئەو وتارانەش کەلە داهاتوو دا، بلاو دەکرێنەوە، بەم شێوەیە:

1.کلیك لەسەر System بکە و، پاشان کلیك لەسەر Global Configuration بکە:



2.لەو بەشەی لای چەپ كرایەوە، كلیك لەسەر Articles بكە:






3.تایبەتمەندییەكان دیاری دەكەین و هەڵیان دەبژێرین بە گوێرەی پێویستی خۆمان، بەم جۆرە:


| | |
|---|---|
| پیشاندانی ناونیشان Show Title | شاردنەوە Hide، پیشاندان Show |
| پێكەوە بەستنی ناونیشان Linked Titles | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی نووسینی ناساندن Show intro Text | شاردنەوە ، پیشاندان |
| شوێنی زانیاری وتار Position of Article info | سەرەوە ، خوارەوە ، بەجیا |
| پیشاندانی پۆلێن Show Category | بەكارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |
| لینكی پۆلین Link Category | پیشاندان Show ، شاردنەوە Hide |
| پیشاندانی باوان Show Parent | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی نووسەر Show Author | شاردنەوە ، پیشاندان |

| | |
|---|---|
| پیشاندانی بەرواری درووستكردنی وتار Show Create Date | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی بەرواری گۆرانكاری Show Modify Date | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی بەرواری بلاوكردنەوە Show Publish Date | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ناڤیگەیشن Show Navigation | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی دەنگ دان Show Voting | شاردنەوە ، پیشاندان |
| نووسینی زیاتر بخوێنەرەوە Read More Text ئەو نووسینەی لیرەدا دەینووسین كاتێك دەر دەكەوێت كە كلیك لەشوێنێكی وتارەكە بكەین و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Read More بكەین و، بەمەش خەتێكی پچر پچری سوور بەو شوێنەی وتارەكە دا دینێت كە كلیكمان لەسەر كردووە و، لەوە شوێنە بە دووا پیشان نادرێت مەگەر بە كلیك كردن لەسەر ئەو دووگمەی لیرەدا ناومان لێناوە. | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ناونیشان لەگەڵ خوێندنەوەی زیاتر Show Title with Read More | شاردنەوە ، پیشاندان |
| سنووری خویندنەوەی زیاتر Read More Limit | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی تاگەكان Show Tags | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایكۆنەكان Show Icon | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایكۆنی چاپ كردن Show Print Icon | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی ئایكۆنی ئیمەیڵ Show E-Mail Icon | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی لیدانەكان Show Hits | شاردنەوە ، پیشاندان |
| پیشاندانی لینكی نەناسراو، ئەگەر بەلێ Yes هەلبژێرین، ئەوا لینكی تۆمار كردن پیشان دەدرێت بۆئەوانەی داغڵ نەبوون Logged In، بۆ ئەوەی خۆیان تۆمار بكەن. Show Unauthorised Link | شاردنەوە ، پیشاندان |
| دیاری كردنی شوێنی لینك Positioning of the Links | بەكارهێنانی گشتی ، شاردنەوە ، پیشاندان |

ئیستا و دووای ئەنجامدانی هەموو كارەكان، كلیك لەسەر دووگمەی پاشكەوت Save بكە بۆ خەزن كردنی وتارەكە، یان كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن و داخستن Save & Closeبكە. بەمەش وتارێكمان درووست كرد.


Save & Close
Cancel
Articles
Editing Layout
Category
Categories
Blog / Fe
These settings apply for article layouts unless they are changed for a sp
Choose a layout
Default
Show Title
Show
Hide
Linked Titles
Yes
No
Show Intro Text
Show
Hide
Position of Article Info
Above
Show Category
Show
Hide
Link Category
Yes
No
Show Parent
Show
Hide



Link Parent
Yes
No
Show Author
Show
Hide
Link Author
Yes
No
Show Create Date
Show
Hide
Show Modify Date
Show
Hide
Show Publish Date
Show
Hide
Show Navigation
Show
Hide
Show Voting
Show
Hide
Show "Read More"
Show
Hide


Save & Close
Cancel
Show Title with Read More
Show
Hide
Read More Limit
100
Show Tags
Show
Hide
Show Icons
Show
Hide
Show Print Icon
Show
Hide
Show Email Icon
Show
Hide
Show Hits
Show
Hide
Show Unauthorised Links
Yes
No
Positioning of the Links
Above

## لینكی وتار بە مینوەوە

## Link Article

1. كليك لەسەر بەشی Menu بكە.
2. سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Main Menu و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر Add New Menu Item و، كليكی لەسەر بكە.




3. ئەم رووكارەی خوارەوە دەكرێتەوە كە بەهۆیەوە دەتوانین چەند كارێك بكەین:

- بە كليك كردن لەسەر دووگمەی هەڵبژاردن Select ی بەشی جۆری دانەی مینوو Menu Item Type، جۆری ئەوە دیاری دەكەین كە دەمانەوێت بیكەین بە لیست (مینو)و، لەبەر ئەوەی وتارمان دروستكردووە و دەمانەوێت لینكی بكەین بەم لیستەوە بۆیە كليك لەسەر وتارەكان Articles دەكەین و، پاشان كليك لەسەر تاك وتار Single Article دەكەین.
- پاشان لەبەشی هەڵبژاردنی وتار Select articleدا، كليك لەسەر دووگمەی هەڵبژاردن Select بكە و بەهۆیەوە رووكارێك دەكرێتەوە و لەو رووكارەدا، كليك لەسەر ناوی ئەو وتارە بكە كە دەتەوێت لینكی بكەیت.
- لەخانەی ناونیشانی لیست Menu Titleدا، ناوێك بنووسە كە لە لیستەكەدا دەردەكەوێت.
- لە خانەی نازناو Aliasدا، نازناوێك بۆ ئەو لیستە بنووسە كە درووستی دەكەیت.
- لە بەشی حاڵەت Statusدا، دۆخەكە دیاری بكە، ئایا دەتەوێت بڵاوی بكەیتەوە Published، بلاوی نەكەیتەوە Unpublished، یان بینێریت بۆ تەنەكەی خۆڵ Trashed.
- لەبەشی شوێنی لیست Menu Locationدا، دیاری بكە، ئایا ئەوەی درووستی دەكەیت بۆ چ لیستێكی زیاد دەكەیت، ئەگەر زیاتر لە لیستێكمان هەبێت ئەوا لێرەدا، هەموو لیستەكان دەبینین و، لە وانەكانی تریشدا باسی درووستكردنی لیست دەكەین.

- لە بەشی Parent Itemدا، دیاری دەکەین چ دانەیەك ببێتە باوان بۆ ئەوەی درووستی دەکەین، واتە ئەم دانەیە ((لاپەڕەیە)) بکەینە لاپەرەیەك و گرێی بدەین بە بەشێکی ترەوە.
- لەبەشی دەستپێگەیشتن Accessدا، دیاری بکە، و بریاربدە کێ دەستی بگات بەو لیستە و بیخوێنێتەوە، گشتی بێت و بۆ هەمووکەس Publish،یان تەنها بۆ میوان Guest، یان بۆ ئەوانەی ئەندامن و خۆیان تۆمار کردووە Registered، یان کەسی تایبەتی Special.
- لە بەشی لاپەرەی هەمیشەیی Default pageدا، دەتوانی ئەوەی درووستی دەکەیت بیکەیت بە لاپەرەی سەرەکی و هەمیشەیی بەکلیك کردن لە سەر دووگمەی بەلێ Yes و بە پێچەوەنەشەوە نەخێر Noهەڵدەبژێرین.
- لە بەشی Target Windowsدا، دیاری دەکەین ئەوەی درووستی دەکەین لە ناو پەنجەرەی باوان Parentدا، بکریتەوە یان لەناو پەنجەرەیەکی نوێدا لەگەڵ ناڤیگەیشن New Windows with Navigation، یان پەنجەرەیەکی نوێ بەبێ ناڤیگەیشن New Windows without Navigation.
- لەبەشی Template Styleدا، شێوازێکی قاڵب هەلبژێرە، یاخود هیچ هەلمەبژێرە و با هەر بەکارهێنانی هەمیشەیی Use Default بێت.
- لە بەشی Language، زمان دیاری بکە، یاخود هەموو All هەلبژێرە کە بۆ هەموو زمانەکانە.

لە کۆتا هەنگاودا، کلیك لەسەر Save بکە بۆ پاشەکەوت کردن و خەزنی کارەکە، یان کلیك لەسەر Save & Close بکە بۆ خەزنکردن و داخستنەوەی ئەو بەشە.

# بەشی حەوتەم

# بەڕێوەبەری پۆلێن ، مینوو و قالب

# Category Manager, Menu Manager & Template Manager


درووست کردنی لاپەرە و پۆلێن، یەکێك لە گرنگترین کارەکانە. چونکە هیچ ماڵپەرێك بێ بوونی لاپەرە نابێت، بۆیە پێویستە بەوردی و گرنگی یەوە باس لە درووست کردنی لاپەرەکان و پۆلێنەکان بکەین، هەروەها دوواتر باس لە شریتی لیستەکان Menu Bar بکەین. چونکە ئەو لاپەرانەی درووستی دەکەین دەبێت بەهۆی پیشاندەرێکەوە بیخەینە روو، ئەویش شریتی لیستەکانە Menu Bar.

## درووستکردنی لاپەرەی

## Create Page

ئەگەر بمانەوێت لاپەرە درووست بکەین، بۆ نموونە لاپەرەیەك بەناوی ((دەربارەی ئێمە – About Us))، ئەوا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێدەکەین و، بۆ درووست کردنی لاپەرەی تریش بە هەمان شێوە، جا لاپەرەکە باوانی هەبێت، یان نا؟


1. کلیك لەسەر بەشی ناوەڕۆك Content بکە.
2. کلیك لەسەر بەشی بەڕێوەبردنی پۆلێن Category Manager بکە.
3. کلیك لەسەر Add New Category بکە.




4. رووکاری تایبەت بە درووست کردنی لاپەرە و پۆلێنێکی نوێ دەکرێتەوە و بەهۆیەوە لاپەرەیەکی نوێ درووست دەکەین:

- لە خانەی ناونیشان Title دا، ناوێك بۆ پۆلێنەکە دەنووسین. ئێمە لێرەدا لاپەرەیی دەربارەی ئێمە About Us درووست دەکەین بۆیە ئەو ناونیشانە دادەنێین.
- لە خانەی نازناو Aliasدا، نازناوێك بۆ لاپەرەکە دەنووسین.

- ئەگەر ئەم لاپەرەیە سەر بە لاپەرەیەكی تر بێت و بەشێك بێت لە لاپەرەیەكی تر، ئەوا لەبەشی باوان Parent دا، لاپەرەی باوان دیاری دەكەین كە بەهۆیەوە ئەم لاپەرە نوێ یە سەر بە لاپەرەی باوان دەبێت. بەلا لێرە دا لاپەرەی دەربارەی ئێمە سەر بەخۆیە و سەر بە هیچ لاپەرەیەكی تر نی یە.
- لەبەشی دۆخەكان Statusدا، دیاری دەكەین، كە ئەو لاپەرەیەی بنیاتی دەنێین لە دۆخی بڵاوكردنەوە Publishedدا بێت، یان دۆخی بڵاونەكراوە Unpublished، وە یاخود دۆخی ئەرشیف Archived، یان دۆخی فرێدراو بۆ بەشی پاشماوەكان Trashed.
- لە بەشی دەستپێگەیشتن Accessدا، دیاری دەكەین كە كێ بتوانێت دەستی پێی بگات، هەموو كەس و گشتی Public، میووان Guest، بەكارهێنەری باڵا Supper User، تۆمار كراو Registered، و كەسی تایبەت Special.
- لە بەشی زمان Languageدا، دیاری دەكەین كە ئەو لاپەرەیە بۆ چ زمانێك بێت.
- ئەگەر وەسفمان هەبێت لە بەشی وەسف Descriptionدا، دەینووسین كە بەرنامەیەكی بچووكی نووسینە و، بۆ نووسین سوودی لێوەر دەگیرێت، كە هاوكات دەتوانرێت وێنە و ..... بۆ دابنرێت.




لە كۆتایدا:


- كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن Save دەكەین بۆ خەزن كردنی كارەكەمان.

- یان كلیك لەسەر دووگمەی پاشكەوت كردن و داخستن Save & Closeدەكەین، ئەگەر بمانەوێت كارەكەمان خەزن بگەین و بەشەكەش دابخەینەوە.
- یان كلیك لەسەر دووگمەی Save & New دەكەین، ئەگەر بمانەوێت كارەكەمان پاشەكەوت بكەین و پەرگەیەكی نوێش بكەینەوە.
- یان كلیك لەسەر Cancelدەكەین، ئەگەر پەشیمان ببینەوە لە كارەكەمان.


## هەلبژاردەنەكان Options

هەر یەكێك لە بەشەكان و بەریوەبەرییەكان، كۆمەلێك هەلبژاردنی هەیە و بە هۆیەوە دەتوانین دەست بگرین بەسەر ئەو بەشەدا، گۆرانكاری و رێكخستنی تیابكەین، بۆیە لێرەدا باس لەو هەلبژاردنانە دەكەین:

1.كلیك لەسەر System بكە و، پاشان كلیك لەسەر Global Configuration بكە:



2.کلیك لەسەر Articles بکە و، پاشان کلیك لەسەر تابی پۆلێن Category بکە:




هەلبژاردنەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

| | |
|---|---|
| پیشاندانی لاکان Choose a Layout | بەشێوەی لیست List یان بلۆگ Blog |
| پیشاندانی نووسینی نیمچە پۆلێنەکان Show Subcategories Text | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| ناونیشانی پۆلێن Category Title | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وەسفی پۆلێن Category Description | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وێنەی پۆلێن Category Image | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| ئاستەکانی نیمچە پۆلێن Subcategories Leveles | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |

| | |
|---|---|
| پۆلێنی بەتاڵ Empty Category | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| پەيامی نەبوونی وتار No Article Message | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وەسفەكانی نيمچە پۆلێن Subcategories Descritions | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وتارەكان لە پۆلێندا Articles in Categories | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| پیشاندانی تاگەكان Show Tags | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |

**هەروەها پۆلێنەكانيش Categories تابيكی تر هەمان بەشە و دەتوانين هەلبژاردنەكانی دياری بكەين بە گويرەی پێويست، كە ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| وەسفی پۆلێنی ئاستی سەرەوە Top Level Category Description | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| ئاستەكانی نيمچە پۆلێنەكان Subcategory Level | هەموو All، 1 تا 5. |
| پۆلێنە بەتاڵەكان Empty Categories | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وەسفەكانی نيمچە پۆلێنەكان Subcategories Descriptions | پیشاندان Show، شاردنەوە Hide |
| وتارەكان لە پۆلێن دا | Articles in Category |


## درووستكردنی لاپەرەی پەيوەندی

## Create Contact Page

**لاپەرەی پەيوەندی كردن Contact كە مێك جياوازە لە لاپەرەكانی تر، چونكە دوو بەشی گرنگ لە خۆ دەگرێت، ئەوانيش بەشی زانياری تايبەت كە خۆمان دەينووسين و داغڵی دەكەين، هەروەها بەشی فۆرمی پەيوەندی كردن كە بەرنامەكە خۆی بۆی ئامادەكردووين و ئێمە تەنها رێكی ئەخەين كە بە چ شێوەيەك و لە كوێ دەربكەوێت. هەربۆيە بەناچاری بە وردی باسی دەكەين و لە كوێدا لە درووستكردنی لاپەرە و پۆلێنی ئاسايی چوو، دەنووسين بڕوانە باسەكەی پێشوو.**

## یەكەم: درووست كردنی پۆلێن Create Category


1. كلیك لەسەر بەشە پێكهێنەرەكان components دەكەین.





2. پاشان سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندی Contact و، دوواتر سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پۆلێنەكان Categories و كلیكی لەسەر دەكەین.
3. پاشان كلیك لەسەر دووگمەی نوێ New دەكەین و بەشی درووستكردنی پۆلێن Category دەكرێتەوە و، بەهۆیەوە پۆلێن و لاپەرەیەكی نوێ درووست دەكەین، وەك لە باسەكەی پێشوو درووستمان كرد.

## دووەم: درووستكردنی پەیوەندییەكان Create Contacts

1. كلیك لەسەر بەشە پێكهێنەرەكان components دەكەین.



2. پاشان سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندی Contact و، دوواتر سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندییەكان Contactsدەكەین و ، پاشان كلیك لەسەر نوێ New دەكەین.





3. پاشان بەشی تایبەت بە پەیوەندی دەكرێتەوە و فۆرمی تایبەت ی پر دەكەینەوە:

- لە خانەی ناو Nameدا ناوێك دەنوسین بۆ ئەو بەشی پەیوەندییەی درووستی دەكەین.
- لە خانەی نازناو Alias دا، نازناوێك دەنووسین بۆ ئەو لاپەرە و بەشەی درووستی دەكەین.

پاشان چەند تابێكمان هەیە و لە تابی پەیوەندی نوێ New Contact:

- لە بەشی Linked Userدا، ئەو بەكارهێنەرە دیاری دەكەین كە دەمانەوێت نامەی پەیوەندییەكانی بۆ بچێت.
- لە بەشی Imageدا، وێنەیەك هەڵەبژێرین.
- لە خانەی شوێن Positionدا ناوی شوێن و لەخانەی نامەی ئەلیكترۆنی E-Mail ئیمەڵ و لەخانەی Addressدا، ناونیشان دەنووسین.
- لە خانەی شار Cityدا، ناوی شار و لە خانەی ویلایەت Stateدا، ویلایەت دەنووسین، ئەگەر هەبێت.
- لە خانەی زیپ پۆستاڵ كۆد Zip Codeدا، زیپ كۆدی ئیراق دەنووسین:



- لە بەشى پۆلێن  Categoryدا، ئەو پۆلێنە هەلبژێرە كە پێشتر و لە ((يەكەم: درووست كردنى پۆلێن Create Category)) درووستمان كرد.

بەشەكانى تريش پر بكەنەوە و لە كۆتايى دا كليك لە سەر  Save & Close

## مێـــــنووو  Menu


دوواى ئەوەى لاپەرەمان درووست كرد، پێويستە ليستێك درووست بكەين بۆ ئەوەى لاپەرەكانى پێوە گرێبدەين، دەتوانين لاپەرەكان زياد بكەين بۆ ئەو مينووەى هەيە و ئامادەيە بەناوى ليستى سەرەكى Main  Menu و، ياخوود خۆمان ليستێكى تر درووست بكەين و، لاپەرەكان گريبدەين بەو ليستە نوێ يەى درووستى دەكەين.

## يەكەم:: درووستكردنى مێنووى نوێ Create New Menu


1.كليك لەسەر مينيووەكان  Menus بكە.

2.پاشان كليك لەسەر بەريوەبەرى مينيوو  Menu Manager بكە.

3.پاشان كليك لەسەر  Add New Menu





4.رووكارى تايبەت بە درووستكردنى مينوو دەكرێتەوە و، ناونيشان  Tytle بۆ مينيوو بنووسە و، پاشان جۆرى مێنيوو  Menu Type بنووسە و، دوواتر وەسف  Description بنووسە.




5.کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت Save بکە بۆ خەزنکردن، یان کلیك لەسەر دووگمەی Save & Close بکە بۆ پاشەکەوت کردن و داخستنەوە، یان کلیك لەسەر Save & New بکە ئەگەر دەتەوێت ئەو لیستە پاشەکەوت بکەی و پاشان لیستێکی نوێ درووست بکەی، کلیك لەسەر Cancel بکە بۆ پاشگەزبوونەوە لە کارەکە.

6.ئەگەر خەزنمان کرد و رووکارەکەمان داخستەوە ئەوا ئەم رووکارەی تر دەکرێتەوە کە پێمان ئەلێت پێویستە مۆدیۆلێك Module زیاد بکەین بۆ ئەو مینیووەی درووستمان کردووە.




7.بۆ زیادکردنی مۆدیوول بۆی کلیك لەسەر Add Module For This Type دەکەین و، بەمەش مۆدیوولی مینوو دەکرێتەوە:

تابی Module::

- پێویستە لە خانەی ناونیشان Titleدا ناوێك بۆ مینیووەکە بنووسین.

- لەبەشی Show Titleدا، دیاری بکەین کە ئایا ناونیشانەکە دەربکەوێت Show لەسەر رووکاری سایتەکە، یان نا Hide.


-لە بەشی Select Menuدا، دەبێت ئەو لیستە دیاری بکەین کە دەمانەوێت دەربکەوێت لەسەر ئەم مۆدیوولە.

- لە بەشی شوێن Position دا، ئەو شوێنەی رووکاری سایتەکە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت مینیوەکەی تیا دەر بکەوێت.

- بەشەکانی تریش بە پێی پێویست دیاری دەکەین.

تابی Menu Assignment::

لەم تابەدا دەتوانین دیاری بکەین، مۆدیوولەکە لەسەر چ لاپەڕەیەك دەربکەوێت و، لە سەر چ لاپەڕەیەك دەرنەکەوێت:




- لە سەر هەموو لاپەڕەکان دەربکەویت On all pages.


- لە هیچ کام لە لاپەڕەکاندا دەرنەکەویت No pages.

- تەنها لە سەر ئەو لاپەرانە دەربکەوێت کە دیارییان دەکەین Only on the pages selected.

- لە سەر هەموو لاپەرەکان دەبکەوێت جگە لەوانەی دیاریمان کردووە On all pages except those selected.

تابی پێشکەوتوو Advanced

بە هۆی ئەم تابەوە دەتوانین زۆر کار ئەنجامبدەین و گۆرانکاری بکەین بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، بۆ نموونە ئەگەر بۆ شاییە دابنێین و پاشان بنووسین nav-pills لە Menu class suffixدا، ئەوە مینووەکە لە باری ستوونی Vertical دەبێت بە باری ئاسۆیی Horezontal.





## گۆرینی لاپەرەی سەرەکی هەمیشەیی


## Change Default Home Page

1.کلیك لەسەر لیستەکان Menus دەکەین.

2.کلیك لەسەر لیستی سەرەکی Main Menu دەکەین، کە بەهۆی دیاریمان کردووە کام لاپەرەیە لاپەرەی هەمیشەیی و سەرەکی بێت.




3.لە رووکارێکی نوێدا هەموو ئەو دانانە دەکرێتەوە کە بەشێکن لە شریتەکە و، یەکێك لە لاپەڕەکانیش، لاپەڕەی هەمیشەیی و سەرەکی یە:




لە ستوون مالەوە Home بروانە و کام لاپەڕەیە هێمای ئەستێرەکەی زەرد بوو، کەواتە ئەو لاپەڕەیە لاپەڕەی هەمیشەییە، بۆ ئەوەی بیگۆڕیت بە لاپەڕەیەکی تر، کام لاپەڕەیەت ئەوێت، کلیك لە ناو چوار گۆشە بچووکەکەی بەردەم ناوی لاپەڕەکە بکە و، پاشان لەناو دووگمەکانی سەرەوەدا، کلیك لەسەر دووگمەی مالّەوە Home بکە.

یاخوود راستەو خۆ کلیك لەسەر دووگمەی ئەستێرەی هەر لاپەڕەیەك بکە کە دەتەوێت ببێتە لاپەڕەی سەرەکی.


دووگمەکانی تری ئەم بەشەش

## بەڕیوەبەری قاڵب

## Template Manager


لەم بەشەوە دەتوانین چەندین كار بكەین، كە بە كورتی هەنگاوەكان روون دەكەینەوە:

1. كلیك لەسەر Extension بكە، پاشان سەهمی ماو سەكە ببە سەر بەشی بەڕیوەبەری قاڵب Template Manager و كلیكی لەسەر بكە.
2. دەبینیت ئەم رووكارە دەكرێتەوە:




وەك دەبینین دوو جۆر شێواز ((ستایڵ)) مان هەیە، شێوازێكیان تایبەتە بە بەشی بەڕێوەبەر Administrator و، ئەوەی تریان تایبەتە بە رووكاری سایتەكە. ئەگەر ویستت شێوازی بەشی بەڕیوەبەر Administratorیان رووكاری سایت Site بگۆڕیت ئەوا لە ژێر ستوونی هەمیشەیی Defaultدا، ئەوەی هێماكەی زەردە و چالاكە، لەو كاتەدا هەلبژێردراوە و، كاردەكات، بۆ گۆڕینی كلیك لەسەر هەر هێمایەكی تر ((ئەستێرە)) بكە، كەناچالاكە و لەو كاتەدا هەلنەبژێردراوە وەكو قاڵبی هەمیشەیی.

یاخود كلیك لەناو چوار گۆشە بچووكەكەی بەردەم هەر شێوازێك Style بكە، واتە ((سندوقی پشكنین – Check Box)) و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Make Default بكە. بەمەش ئەو قاڵبە دەبێت بە قاڵبی هەمیشە یی و، دەشتوانی بیگۆڕیتەوە بە قاڵبە هەمیشەییەكی پێشتر بە هەمان رێگە.





## زیاد کردنی مۆدیوڵ

## Add Module


بێگومان مۆدیوڵ بەشێکی زۆر سەرەکی سایتە کە بە جوملە و، سی ئێم ئێسەکانی تر، درووست بکرێت، بۆیە گرنگە شارەزای تەواومان هەبێت لە بەکارهێنان و دابەزاندنی، بە پێی ئەم هەنگاوانە کارەکە دەکەین:

1. کلیك لەسەر بەشی درێژکراوە Extension بکە.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Module Manager و، کلیکی لەسەر بکە.
3. پاشان دەبینیت ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە.



وەك لە وێنەكە وە دیارە، هەموو ئەو مۆدوڵانەی پێشتر زیاد كراون بۆسایتەكە، لێرەدا لە خشتەیەك دا، دانراون، كە لەسەرەتای هەر دانەیەكیان سنووقێكی پشنین Check Box هەیە و، پاشان دیاری كردنی دۆخی Status مۆدیوڵەكان ، كە ئەگەر سەحی لێدرابوو، مانای وایە لە دۆخی بلاو كردنەوەدایە Published و لەسەر رووكارەكە Interface هەیە، ئەگەر هێمایەكی زەربی سووری لەسەر بوو مانای وایە بلاونەكراوەتەوە Unpublished و لەسەر رووكارەكە نییە.

بەكلیك كردن لەسەر ناونیشانی Title هەر مۆدیولێك مۆدیوڵەكە دەكرێتەوەو دەتوانین شوێنەكەی بگۆرین، یان ناوەكەی بگۆرین، یان هەر گۆرانێكی تری تیابكەین.




ئێمە كلیكمان لەسەر مۆدیوڵی Main Menuكرد و، كردمانەوە، وەك لە وێنەكەی سەرەوەدا، دیارە بۆ ئەوەی ناوی مۆدیۆڵەكە بكەین بە كوردی و بیگۆرین بە (( لیستی سەرەكی ماڵپەر)) و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Save & Closeدەكەین بۆ خەزنكردن و داخستنەوە.

ئیستا چۆوە سەر رووكارەكە پێشوو. كلیك لەسەر New دەكەین بۆ درووست كردنی مۆدولێكی تازە و، پاشان لیستێك دەكرێتەوە و ناوی هەموو مۆدیوڵەكانی تیایە و، ئێمەش كلیك لەسەر ئەو مۆدیوڵە دەكەین كە دەمانەوێت زیادی بكەین بۆ سایتەكە، بۆ نموونە مۆدیوڵی گەران Search، و پاشان ناوێك بۆ مۆدیوڵەكە دەنووسین لە خانەی ناونیشان Title و، لە چێر خانەی ناونیشان دیاری دەكەین كە ئایا ناوەكە دەر بكەوێت Showیان بشارێتەوە.

لە بەشی شوێنیشدا Position دیاری دەكەین كە مۆدیولەكە لە شوێنێكدا دابنرێت، و بەو شێوەیە بەشەكانی تریش هەڵدەبژێرین و كلیك لەسەر Save یان Save & Closeدەكەین.

## دابەزاندنی JCE بۆ جوومله:

**یەكەم: دابەزاندنی بەرنامەكە لە سایتی بەرنامەكەوە بۆ ناو كۆمپیوتەرەكە:**

1.سایتی www.joomlacontenteditor.net بكەرەوە.

2.كلیك لەسەر Download بكە، پاشاسەهمی ماوسەكە ببەرە سەر Editorو، دوواتر سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Joomla 3.0 وكلیكی لەسەر بكە.

3.كلیك لەسەر دووگمەی داونلۆدی نەوەی JCE 2.3.3.2 بكە و، ئیدیتەرەكە دابەزێنە بۆ ناو كۆمپیوتەرەكە.

4.پاش كەمێك چاوەروانی فایلێكی زیپ بەناوی con_jce_20332دادەبەزێتە ناو كۆمپیوتەرەكە.

**دووەم: دابەزاندنی بەرنامەكە بۆ ناو جوومله:**

1.بەشێ كارگێری سایتەكەت Administrator بكەرەوە.

2.كلیك لەسەر Extension بكە و، پاشان كلیك لەسەر Extension Manager... یان راستەو خۆ لە لیستەكەی لای دەستە راست دا، كلیك لەسەر Extension Managerبكە.

3.كلیك لەسەر Choose Fileبكە و،پاشان كلیك بكە لەسەر فایلە زیپەكەی دات بەزاند، و دوواتر كلیك لەسەر Openبكە.

4.ئێستا كلیك لەسەر Upload & Installبكە.


5.پاش كەمێك چاوەروانی، لەهەمان رووكاردا،پێت دەلێت كە بەسەركەوتووی دابەزی:

Installing component was successful

سێهەم: چالاك كردنی ئەو ئیدیتەرەی دامان بەزاند وەك ئیدیتەری سەرەكی:

1.كلیك لەسەر System و، پاشان كلیك لەسەر Global Configurationبكە.

2.لە تابی Siteدا، كلیك لەسەر سەهمەبچووكەكەی بەشی Default Editor بكە و، پاشان كلیك لەسەر Editor – JCE بكە:




3.كلیك لەسەر Save یان Save & Close بكە.


ئیستا توانیمان JCEداببەزێنین بەو سێ هەنگاوەی سەرەوە.

## دابەزاندنی درێژکراوەکان

## Installing Extensions

بێگومان، یەکێك لە باشییەکانی (سی ئیم ئێس)ـــــە ئامادەکان بوونی شێوە و مۆدێلی ئامادەیە Module بۆ (( بەروار، کات، ژمێرەری سەردانیکەرانی سایت، .......)، کە بە ئاسانی دایان دەبەزێنین و بەکاریان دێنین، لێرەدا بەکورتی روونی دەکەینەوە:

1. کلیك لەسەر Extensions بکە.
2. پاشان کلیك لەسەر Extension Managerبکە.
3. ئیستا کلیك لەسەر Choose File بکە و، بەهۆیەوە ئەوە هەلبژێرە بە دووانە کلیك کردن لەسەری، یان کلیك Click و، پاشان کلیك لەسەر Open، کە دەتەوێت دایبەزێنیت و بلاّوی بکەیتەوە لەناو جوومله دا.
4. کلیك لەسەر دووگمەی Upload & Install بکە و، پاشان ئەگەر هیچ گرفتێك لەوەدا نەبێت کە ویستمان دایبەزێنین ئەوا، پێمان دەلێت بە سەرکەوتووانە دابەزی :





## بەکارهێنان

## Use

بێگومان مۆدیۆل بەشێکی زۆر سەرەکی سایتە کە بە جوملە و، سی ئیم ئێسەکانی تر، درووست بکرێت، بۆیە گرنگە شارەزای تەواومان هەبێت لە بەکارهێنان و دابەزاندنی، بە پێی ئەم هەنگاوانە کارەکە دەکەین:

1. کلیك لەسەر بەشی درێژکراوە Extension بکە.
2. سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Module Manager و، کلیکی لەسەر بکە.
3. پاشان دەبینیت ئەم رووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە.




كلیك لەسەر New دەكەین بۆ درووست كردنی مۆدولێكی تازە و، پاشان لیستێك دەكرێتەوە و ناوی هەمەوو مۆدیولەكانی تیایە، بەو مۆدیوڵەی ئیستا دامان بەزاند و، هەموو ئەوانەشی لە جوملەدا دانراوە بە جێگیری و، ئێمەش كلیك لەسەر ئەو مۆدیوڵە دەكەین كە دەمانەوێت زیادی بكەین بۆ سایتەكە، بۆ نموونە مۆدیوڵی LeoClock كە سەعاتێكی ئامادەكراوە و دامان بەزاند، و پاشان ناوێك بۆ مۆدیوڵەكە دەنووسین لە خانەی ناونیشان Title و، لە چێر خانەی ناونیشان دیاری دەكەین كە ئایا ناوەكە دەر بكەوێت Showیان بشارێتەوە.

لە بەشی شوێنیشدا Position دیاری دەكەین كە مۆدیوڵەكە لە شوێنێكدا دابنرێت، و بەو شێوەیە بەشەكانی تریش هەڵدەبژێرین و كلیك لەسەر Save یان Save & Closeدەكەین.

## سرینەوەی درێژكراوەكان


## Uninstall Module

ئەگەر ئەو مۆدیۆڵە Module ی دات بەزاندووە، بەدڵت نەبوو، یان ویستت لای بەریت. ئەوا دەتوانیت بڵاوی نەكەیتەوە Unpublish، یاخود دەتوانیت هەر بەتەواوی بیسریتەوە و، لای بەریت.بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە كارەكە ئەنجام دەدەین:


1.كلیك لەسەر Extension دەكەین، پاشان كلیك لەسەر Extension Manager.

لە بەشی بەرێوەبەری پاشگر Extension Manager دەتوانین زۆر كار ئەنجام بدەین، وەكو (دابەزاندن Install، سرینەوە Uninstall، نوێكردنەوە Update، بەرێوەبردن Manage، پشكنینی بنكەی


زانیاری Check Database، ئاگادارییەکان Warnings، و دۆزینەوەی پاشگر Discover کە گونجاوە و بەردەستە بۆ دابەزاندن، هەروەها ابەزاندنی زمان Install Language .




2.لەو رووکارە نوێیەی کرایەوە، کلیك لەسەر تابی بەرێوەبردن Manage بکە:




3.کلیك لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی (سندوقی پشکنین – Check Box) ی ئەو مۆدیوڵە Module بکە، کە دەتەوێت بیسریتەوە،پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سرینەوە (لابردنەوە) Uninstall بکە:




4.پاش کەمیك بە سەرکەوتووانە دەسریتەوە:




## دابەزاندنی بەشی پێكهێنەر

## Install Component

هەنگاوە ئاسانەكانی چۆنێتی دابەزاندنی بەشی پێكهێنەر لە جوومله دا، دووای وەرگرتنی Download بەشی پێكهێنەر لە فولّدەری پاشگری جوملەوە Joomla Extension Directory (JED) یان لەهەر دابینكەرێكی تری پاشگرەوە Other Extension Provider، نابێت فایلەكە دەربهێنرێت Unzip لەو شێوەیەی كە گوشراوە و زەختی خراوەتە سەر Compress بۆ كەمكرنەوەی حەجمەكەی، ئاسانترین رێگە بۆ دابەزاندن Install و بەرزكردنەوە Upload ی بەشی پێكهێنەر Component شێوەی زیپە Zip File، بەڵام دلنیابە لەوەی ئەو بەشە پێكهینەرە Component كە دای دەبەزێنیت، بیّ گرفتە و لەگەڵ جوومڵەی 3 كار دەكات، ئەگەر دووچاری هەڵە Error دەبیتەوە، هەنگاوەكانی دابەزاندن Install لە خوارەوە نووسراوە:

بەكورتی روونی دەكەینەوە:

1. كلیك لەسەر Extensions بكە.
2. پاشان كلیك لەسەر Extension Managerبكە.
3. ئیستا كلیك لەسەر Choose File بكە و، بەهۆیەوە ئەو بەشە پێكهینەرە Component هەلبژێرە بە دووانە كلیك كردن لەسەری، یان كلیك Click و، پاشان كلیك لەسەر Open، كە دەتەوێت داییەزێنیت و بلاّوی بكەیتەوە لەناو جوومله دا.
4. كلیك لەسەر دووگمەی Upload & Install بكە و، پاشان ئەگەر هیچ گرفتێك لەوەدا نەبێت كە ویستمان داییەزێنین ئەوا، پێمان دەلێت بە سەركەوتووانە دابەزی .



## سڕینەوەی بەشی پێكهێنەر

## Uninstall Component

ئەگەر ئەو بەشە پێكهێنەرەی Component دات بەزاندووە، بەدڵت نەبوو، یان ویستت لای بەریت. ئەوا دەتوانیت هەر بەتەواوی بیسڕیتەوە و، لای بەریت. بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە كارەكە ئەنجام دەدەین:


1.كلیك لەسەر Extension دەكەین، پاشان كلیك لەسەر Extension Manager.

لە بەشی بەڕێوەبەری پاشگر Extension Manager دەتوانین زۆر كار ئەنجام بدەین، وەكو (دابەزاندن Install، سڕینەوە Uninstall، نوێكردنەوە Update، بەڕیوەبردن Manage، پشكنینی بنكەی زانیاری Check Database، ئاگادارییەكان Warnings، و دۆزینەوەی پاشگر Discover كە گونجاوە و بەردەستە بۆ دابەزاندن، هەروەهاد ابەزاندنی زمان Install Language .

2.لەو رووكارە نوێیەی كرایەوە، كلیك لەسەر تابی بەڕێوەبردن Manage بكە:

3.كلیك لەسەر چوار گۆشە بچوكەكەی (سندوقی پشكنین – Check Box) ی ئەو بەشە پێكهێنەرە Component بكە، كە دەتەوێت بیسڕیتەوە،پاشان كلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە (لابردنەوە) Uninstall بكە.

4.پاش كەمیك بە سەركەوتووانە دەسڕیتەوە.




## دابەزاندنی پلەگین

## Install Plugin

پلەگین Plugin جۆرێکی درێژکراوەی جوملەیە Joomla Extension، کە هەڵدەستێت بە داپینکردنی کاری پەیوەندی دار بە کردارەکانەوە، بۆیە دووای وەرگرتنی Download پلەگین Plugin لە فوڵدەری پاشگری جوملەوە Joomla Extension Directory (JED) یان لەهەر داپینکەرێکی تری پاشگرەوە Other Extension Provider، کە بە زۆری بەوە دەناسرێتەوە plg لە ناوەکەی دایە، دای دەبەزێنین.

هەنگاوەکانی دابەزاندن Install لە خوارەوە نووسراوە:

1. کلیك لەسەر Extensions بکە.
2. پاشان کلیك لەسەر Extension Managerبکە.
3. ئیستا کلیك لەسەر Choose File بکە و، بەهۆیەوە ئەو پلەگینە Plugin هەلبژێرە بە دووانە کلیك کردن لەسەری، یان کلیك Click و، پاشان کلیك لەسەر Open، کە دەتەوێت دایبەزێنیت و بلاوی بکەیتەوە لەناو جوومله دا.
4. کلیك لەسەر دووگمەی Upload & Install بکە و، پاشان ئەگەر هیچ گرفتێك لەوەدا نەبێت کە ویستمان دایبەزێنین ئەوا، پێمان دەلێت بە سەرکەوتووانە دابەزی .



## سرينەوەى پلەگين

## Uninstall Plugin


ئەگەر پلەگينێكت نەويست ئەوا دەتوانيت هەر بەتەواوى بيسريتەوە و، لاى بەريت. بە جێبەجێكردنى ئەم هەنگاوانەى لاى خوارەوە كارەكە ئەنجام دەدەين:

1.كليك لەسەر Extension دەكەين، پاشان كليك لەسەر Extension Manager.

2.لەو رووكارە نوێيەى كرايەوە، كليك لەسەر تابى بەڕێوەبردن Manage بكە.

3.كليك لەسەر چوار گۆشە بچوكەكەى (سندوقى پشكنين – Check Box) ى ئەو پلەگينە Plugin بكە، كە دەتەوێت بيسريتەوە، پاشان كليك لەسەر دووگمەى سرينەوە (لابردنەوە) Uninstall بكە.

4.پاش كەميك بە سەركەوتووانە دەسريتەوە.



## لابردنی فۆرمی داغلبوون


## Remove Login Form

ئەگەر ویستت فۆرمی داغلبوون Login Form لابەیت بۆ ئەوەی كەس داغل نەبێت، بۆ ماڵپەرەكەت، ئەوا بەم هەنگاوانەی خوارەوە بە ئاسانی دەتوانیت ئەو كارە ئەنجام بدەیت:

1.كلیك لەسەر بەشی Extension بكە.

2.كلیك لەسەر Module Manager بكە.

3.مۆدیوڵی فۆرمی داعلبوون Module of Login Form بدۆزەرەوە، و كلیك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەمی ( سندوقی پشكنین – Check Box) بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Unpublish بكە، یان كلیك لەسەر ئەو چوار گۆشە بچوكە ( سندوقی پشكنین – Check Box) بكە كە هێما (نیشانە) ی راستی بە رەنگی سەوز لێدراوە، بەهەر یەكیك لەم دوو شێوەیە، دۆخی فۆرمی داغلبوون دەگۆرێت بۆ بلاْونەكراوە Unpublish و بەمەش دەرناكەوێت لە سەر رووكاری سایتەكە.



## زیادكردن و دانانی ژێرە

## Add Footer

لەم بابەتەدا، باسی دانانی ژێرە بۆ بەشی خوارەوە Bottom ماڵپەڕی جوملە دەكەین، كە رووبەرێكی بەتاڵە Blank، و بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دای دەنێین:

1.بەشی Module Manager (بەڕیوەبەری شیواز) دەكەینەوە.

2.كلیك لەسەر دووگمەی نوێ New دەكەین بۆ دروستكردنی شێوەیەكی Module تازە.

3.پاشان كلیك لەسەر ژێرە Footerدەكەین، لەو رووكارەی كراوەتەوە:




4.پاشان ئەو رووكارە نوێ یەی كراوەتەوە، پڕی بكەرەوە، لەبەشی وردەكاری Detail ئەم كارانەی خوارەوە ئەنجام بدە:


-لەخانەی ناونیشان Titleدا، ناوێك بۆ ژێرەكە Footer بنووسە.

-لە بەشی پیشاندانی ناونیشان دا، دیاری بكە، ئایا ناونیشانەكە پیشان بدرێت Show یان بشاردرێتەوە Hide.


-لەبەشی شوێن دا، Position دیاری بكە، ژێرەكە لە چ شوێنێكی سایتەكەدا، دابنرێت، ئێمە لێرەدا قاڵبی Protostar مان بەكارهێناوە بۆیە شوێنی ژێرە (ژێرە) Footer [footer] هەڵدەبژێرین لە قاڵبی پرۆتۆستار.

-دۆخی Status ئەم ژێرەیەی زیای دەکەین دیاری دەکەین، کە سێ دۆخە (بڵاوکراوە Published، بڵاونەکراوە Unpublished، ناردنی بۆ تەنەکەخۆڵ Trashed).


-لەبەشی دەستپێگەیشتن Accessدیاری دەکەین کە کێ دەستی بەم فوتەرە بگات و، ببینێت (میوان Guest، گشتی Public، تۆمارکراو Registered، تایبەت Special).




5.لە تابی Menu Assignmentدا، دیاری دەکەین کە ئەم ژێرەیە لەسەر هەموو لاپەڕەکان پیشان بدرێت On all Pages، لەسەر هیچ لاپەڕەیەك پیشان نەدرێت No Pages، تەنها لەسەر ئەو لاپەڕانەی خۆمان دیاری دەکەین Only on the pages selected دەربکەوێت، یاخود لەسەر هەموو لاپەڕەکان دەربکەوێت جگە لەو لاپەڕانەی خۆمان دیاری دەکەین On all pages except those selected.



6.كليك لەسەر دووگمەى  Save & Closeدەكەين بۆ پاشەكەوت كردن و داخستنەوە:




**تێبینی:** ئەگەر ويستت پەشيمان بيتەوە لەكارەكە و ژێرە زياد نەكەيت ئەوا كليك لەسەر دووگمەى  Cancel دەكەين، هەروەها ئەگەر ويستمان يارمەتى وەربگرين  بەزمانى ئينگليزى ئەوا كليك لەسەر دووگمەى  Help دەكەين،  وە ئەگەر ويستت ئەم ژێرە پاشەكەوت بكەيت و، ژێرەيەكى نوێ ى تريش درووست بكەيت، ئەوا كليك لەسەر دووگمەى  Save & Close بكە.

7.ئيستا ژێرەكە بۆ ماڵپەرەكە زياد بوو:




## لابردنى دێرى دووەمى ژێرە

## Remove the Second Line in the Footer

دواى ئەوەى فوتەرمان زياد كرد، دەبينين دێرى دووەم، تايبەتە بە زانيارى لەبارەى جوملەوە و، ئێمەش نامانەوێت ئەو زانيارييە لە ماڵپەرەكەى ئێمەدا، هەبێت بۆيە لاى دەبەين، بە جێبەجێكردنى ئەم هەنگاوانى خوارەوە:

1.ئەگەر جوملەت دابەزاندۆتە ناو خانەخوێ Host، ياخود بە خانەخوێيى ناوچەى كاردەكەيت، ئەوا :

-ئەوا بەشى فوڵدەرەكان  Directory بكەرەوە.

-پاشان فوڵدەرى مۆديوڵەكان  Modules بكەرەوە.

-فولْدەری Mod_Footer بکەرەوە.

-فولْدەری tmpl بکەرەوە.

2.ئیستا فایلی default.php دەستکاری دەکەین:

-فایلی default.php بکەرەوە، بۆ ئەوەی دەستکاری بکەین.

-دوو دێری فووتەری تێدایە، دەبێت دێری دووەم بسریتەوە.

-بەشوێن ئەم دێرەی خوارەوەدا بگەرێ و، دووای دۆزینەوە بیسرەرەوە Delete:

```
<div><?php echo JText::_('MOD_FOOTER_LINE2'); ?></div>
```

-لەبیرت نەچێت فایلەکە خەزن (پاشەکەوت – Save) بکەیتەوە، چونکە دیرێکت لابردووە و دەبێت گۆرانکارییەکە خەزن بکەیت.




## گەرانی زیرەك

## Smart Search

گەرانی زیرەك لە ماڵپەردا، جیگەی بایەخە، بەتایبەتی بۆ بەکارهێنەر کاتێك سایتەکەت بەکاردەهینێت، لە خانەی گەراندا چەند پیتێك دەنووسێت و، گەرانی زیرەك هەموو ئەو وشانە بە دووای یەکدا دەنووسێت کە بەو سیٚ چوار پیتە دەست پێدەکات، بەلام گەرانی زیرەك خۆی چالاك نییە و، پێویستە چالاکی بکەین تا کار بکات بیٚ هیچ گرفتێك:


1.بەشی بوریوەبەری پلەگین Plugin Manager بکەرەوە. لەبەشی درێژکراوەکاندایە Extensions.

2.بەشوێن content – smart searchدا بگەریٚ:





3.کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم content – smart search بکە، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی (Enable) بکە، یاخود راستەو خۆ کلیك لەسەر هێما و دووگمەی زەربە سوورەکەی بەردەم content – smart search بکە.


4.بەمەش چالاك بوو، کارەکە بە پایان گەیشت:




5.كلیك لەسەر بەشە پێكهێنەرەكان Components بكە و، پاشان كلیك لەسەر Smart Searchبكە.




6.كلیك لەسەر دووگمەی Index بكە و، ماوەیەك چاوەروان بە هەتاوەكو كارەكە جیبەجێدەبێت.




7.پاش كەمێك چاوەروانی پێمان دەلێت ئیندێكسین Indexing Component تەواو بوو:





ئیستا دەتوانی مۆدیۆلی گەرانی زیرەك Smart Search Module زیاد بكەیت بۆ هەر شوێنێك Position كە بتەوێت و، بەنووسینی چەند پیتێك تیایدا هەموو ئەو وشانەی لەو پیتانەوە نزیكن بە دووای یەكدا بۆ بەكارهێنەری ریزدەكات، تا بە كلیك كردن لەسەری بدۆزرێتەوە و بكرێتەوە، ئەمەش وەك گەرانی زیرەكی گووگڵ وایە.

## لابردنی Breadcrumbs لە لاپەڕەی سەرەكی


## Remove Breadcrumbs from Homepage

لابردنی Breadcrumbs لەبەر ئەوەیە كە بەهۆی لۆگۆ و نووسینێكەوە پێمان دەڵێت كە تۆ لە ماڵپەرەكە دایت، و ئەمەش پێویست نییە ، بۆیە لای دەبەین و ناچالاكی دەكەین.




1.كلیك لەسەر بەشی بەڕیوەبەری مۆدیوڵ Module Manager بكە و ، بیكەرەوە.

2.بگەڕێ بۆ Breadcrumbs :




3.دووای ئەوەی دۆزرایەوە، كلیك لەسەر ئەو هێمای ڕاستە ی بەرەنگی سەوز لە چوار گۆشەكەی بەردەمی دراوە بكە ، یان كلیك لەناو چوار گۆشە بەتاڵەی تری بەردەم Breadcrumbs بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی unpublish بكە.

**پرۆژەی یەکەم**

**درووستکردنی سایت بە بەکارهێنانی قالّبی پرۆتۆستار**

Create Website Using Protostar

لەم پرۆژەیەدا، ماڵپەڕێك تایبەت بە کۆمپانیای هێمن بۆ تەکنەلۆژیای زانیاری درووست دەکەین، بە بەکارهێنانی قاڵبی پرۆتۆ ستار Protostar ، کە یەکێکە لە قاڵبە جوان و نەخشەسازییە ئاسان و گونجاوەکان بۆ درووست کردنی سایت بۆ کۆمپانیا و دام و دەزگاکان بە گشتی. هەنگاو و بەهەنگاو روونی دەکەینەوە، بەڵام هەموو هەنگاوەکان بە وردی نانووسین، چونکە هەنگاوی دابەزاندنی راژەکاری وێب Web Server Installation و، هەنگاوی درووست کردنی داتا بەیس Create Database ، هەنگاوی وەرگرتنی جوومله Downloading Joomla و دابەزاندن و یەکپێگرتنی جوومله و داتابەیس Installing & Configuration Joomla باس کراون.

## هەنگاوی یەکەم: دابەزاندنی راژەکاری وێب Installing Web Server

سەرەتا پێویستە یەکێك لە بەرنامەکانی راژەکاری وێب Web Server دابەزینیت بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت، دەتوانی هەریەکێك لەم راژەکارانە (( وامپ WAMP Server، یوو وامپ UWAMP Server، ئیزی پهپ Easy PHP Server، ئیکس ئەی ئێم پی پی XAMPP و ..... ..)) بەکاربهێنیت.

## هەنگاوی دووەم: بنکەیەکی زانیاری درووست بکە Create Database

دووای ئەوەی راژەکارەکەت دابەزاند، بنکەیەکی زانیاری درووست بکە بۆ ئەوەی جوومڵەی تیادا دابەزێنین و پێویستە ناوی بنکەی زانیاری و تیپەرە وشەکەی ئەگەر بۆمان دانا، لە بیر نەکەین.

## هەنگاوی سێهەم: دابەزاندنی جوومله Installing Joomla

پاشان دەبێت پاکەتی جوومله لەناو بەشی تایبەت بە پێی جۆری راژەکارەکە، دا بنێین و، دەست بکەین بە دابەزاندنی جومله تا کۆتا هەنگاو.

**تیبینی::**

**لە هەنگاوی سێهەمی دابەزاندنی جوومله دا، None دیاری بکە و، هیچ قالبێك هەڵمەبژێرە.**

## هەنگاوی چووارە: داغڵبوون بۆ بەشی بەریوەبەر Admin Part


پێویستە بچنە بەشی بەریوەبەر بۆ ئەوەی پاکەتی تایبەت دابەزێنین و کاری لەسەر بکەین

## هەنگاوی پێنجەم:هەلبژاردنەکانی پرۆتۆستار


## Protostar Options

هەر قالبێك كە دای دەبەزێنین و دەمانەوێت بیکەینە شێوەی سەرەکی ماڵپەرەکەمان، کۆمەلێك هەلبژاردنی هەیە، یاخوود ئەو قالبانەی هەر لەناو جوومله خۆی دا هەیە، وەکو پرۆتۆستار كە یەکێکە لەو قالبانەی لەناو جوملا هەیە، بۆ جوانکاری و گۆرینی شێوە و لۆگۆ و تایبەتمەندییەکان سوود لەم هەلبژاردنانە وەردەگرین، بۆیە سەرەتا دەچینە بەشی قاڵب و پاشان قالیی پرۆتۆ ستار دەکەینەوە، و یەك یەك باسی هەلبژاردنەکان ئەکەین.

1. کلیك لەسەر بەشی درێژکراوەکان Extensions دەکەین.
2. پاشان کلیك لەسەر بەشی بەریوەبردنی قاڵب Template Managerدەکەین.



3. لەو رووکارە نوێیەی دەکرێتەوە کلیك لەسەر قالبی پرۆتۆ ستار دەکەین، بۆ ئەوەی بەشی هەلبژاردنەکان بکرێتەوە و، رووکارەکەمان رێك بخەین و، هەلبژاردنەکان ئەنجام بدەین:




تێبینی:: پرۆتۆستار قالبێکی هەمیشەیی Default تایبەت بە رووکاری سایتە Website Interface، واتە بەشی بەردەست راژخواز Client.


پاشان بەشی هەلبژاردنەکان دەکرێتەوە و، هەموو گۆرانکارییە بنچینەییەکان ئەنجام ئەدەین بە هۆیەوە:





## یەکەم: گۆرینی رەنگی قالب

## Change the Template Color

بۆ گۆرینی رەنگی قالب، دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە لە هەنگاوەکانی سەرەوەدا، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین:



پاشان لەبەشی رەنگی قالّب Template Color رەنگێك هەلەبژێرین:





## دووەم: گۆرینی رەنگی پشتەوە


## Change the Background Color

بۆ گۆرینی رەنگی پشتەوەی قالب، دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە لە هەنگاوەکانی سەرەوەدا، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین.


پاشان لەبەشی رەنگی پشتەوەدا Background Color رەنگێك هەلەبژێرین:




بۆ بینینی ئەنجامی گۆرینی شێوازی Style خاڵی یەکەم و دووەم، کلیك لەسەر دووگمەی Save دەکەین:




پاشان لە سووچی لای سەرەوەی دەستە راست کلیك لەسەر ناوی سایتەکەمان ئەکەین بۆئەوەی سایتەکە ببینین:





ئیستا رووکاری سایتەکە کراوەتەوە و دەبینین رەنگی قالب Template Color و رەنگی پشتەوە Background Colorگۆراوە بەو رەنگانەی هەلمان بژاردووە:





## سێهەم:زیاد کردنی لۆگۆ Adding Logo

بۆ دانانی لۆگۆ Adding Logo ، دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە ، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین.


پاشان لەهەلبژاردنی لۆگۆ دا، کلیك لەسەر دووگمەی دیاری کردن ((هەلبژاردن)) Select دەکەین:




دوواتر رووكارى تايبەت بە دانانى وێنە دەكرێتەوە و، لەبەر ئەوەى لۆگۆكەمان لە دەرەوەى سايتەكەيە ، سەرەتا دەيهێنينە ناوەوە بە كليك كردن لەسەر بەشى ديارى كردنى فايل  Choose File و پاشان ديارى كردنى لۆگۆكە و كليك لەسەر  Open دەكەين:




كليك لەسەر دەستكردن بە بەرزكردنەوە  Start Upload دەكەين و بەمەش وێنەكە دەچێتە ناو بەشى وێنەى سايتەكەوە و، پاشان كليك لەسەر لۆگۆكە دەكەين و، لە كۆتاى دا كليك لەسەر دووگمەى دانان  Insert دەكەين:






ئیستا ئەگەر کلیك لەسەر دووگمەی Save بکەین و، پاشان سەیری رووکاری سایتەکە بکەینەوە دەبینین لۆگۆکە زیاد بووە.

## چووارەم: دانانی ناونیشان و وەسف

## Title & Description

ئەگەر بمانەوێت لە جیاتی لۆگۆ نووسینێك بکەین بە ناونیشانی سایتەکەمان، و لە ژێری دا وەسفێك بنووسین ئەوا، دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە ، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین.

پاشان لەناو خانەی ناونیشان Titleدا ئەو نووسینە Text دەنووسین کە دەمانەوێت ببێتە ناونیشانی سایتەکەمان و، لەخانەی وەسفیش Description دا وەسفێك بۆ سایتەکەمان دەنووسین کە دەمانەوێت لە ژێر ناونیشان دا دەربکەوێت:





تێبینییەکان::

1. لەکاتی بوونی وێنەی لۆگۆ و نووسینی ناونیشان پێکەوە، تەنها لۆگۆکە دەردەکەوێت و ناونیشانەکە دیار نابێت.
2. وەسف Description لەکاتی بوونی لۆگۆ و ناونیشانیش دا دەردەکەوێت، واتە ئەگەر لۆگۆمان دانا، وەسف لە ژێر لۆگۆ دەرەکەوێت و، ئەگەر ناونیشانمان دانا، وەسفەکە لە ژێر ناونیشانەکە دەردەکەوێت.
3. پێویستە حەجمی لۆگ زۆر گەورە نەبێت.

ئیستا ئەگەر کلیك لەسەر دووگمەی Save بکەین و، پاشان سەیری رووکاری سایتەکە بکەینەوە دەبینین لۆگۆکە زیاد بووە.

## پێنجەم: فۆنتی گووگڵ Google Font

ئەگەر بمانەوێت فۆنتی گووگڵ بۆ سەرە Google Font For Heading بەکار بهێنین، ئەوا دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە ، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین. پاشان کلیك لەسەر دووگمەی بەڵێ Yes ی Google Font For Headingدەکەین و، لە خانەی چێری ١دا ناوی فۆنتەکەی گووگڵ دەنووسین:




تێبینی:: بۆ زانینی ناوی فۆنتەکانی گووگڵ، لەبەشی گەرانی گووگڵ سوود وەربگرە و بەشووێن ناوی فۆنتەکانی گووگڵ Google Fonts Nameدا بگەرێ.

## شەشەم: رێکخستنی شلەیی

## Fluid Layout


ئەگەر بمانەوێت شلەیی بوتستراپ Bootstrap's Fluid بەکار بهێنین بۆ ئەوەی ماڵپەرەکە بەسەر رووکاری وێبگەرەکەدا Web Browser بلاو ببێتەوە و پشتەوە دەرنەکەوێت واتە باکگراوەند، جا رەنگ بێت یان وێنە، یاخود بە پێچەوانەوە بمانەوێت نەگۆرێت و، لە هەر وێبگەرێك بیکەینەوە هەر هەمان شت بێت و پشتەوە دەربکەوێت ئەو کاتە Static هەڵە بژێرین. بۆیە دووای ئەوەی قالبی پرۆتۆستارمان کردەوە ، کلیك لەسەر تابی Advanced دەکەین. پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Fluid یان Static دەکەین:



## حەوتەم: گۆڕینی ناوی ستایڵ

## Change Name of Style


ئێمە قالب و ستایڵی پرۆتۆ ستارمان هەڵبژاردووە بۆ کارەکەمان و، هەر کە قالبەکەمان کردەوە، لەبەشی سەرەوەی دا نووسراوە ناوی ستایل Style Name و، دەتوانی ناوەکەی بگۆڕیت بەناوی پرۆژەکەی خۆت:




## هەشتەم: لیستی دیاری کراو


## Menu Assignment

کاتێك هەر قالبێك دەکەینەوە، و هەڵبژاردنەکانی دەکەوێتە بەر دەست، دیاری کرن و هەڵبژاردنی لیست لە تابێك دا Tab دەردەکەوێت و، پێویستە کلیك لەسەر ئەو تابە بکەین و، پاشان ئەو لیستە دیاری بکەین کە دەمانەوێت دەر بکەوێت لەسەر ڕووکاری ماڵپەرەکە:




لە دووای ئەنجامدانی هەموو کارەکان، کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن و داخستنەوە Save & Closeدەکەین. بۆ ئەوەی هەموو گۆڕانەکان پاشەکەوت ببێت و ئەم بەشەش داخرێتەوە. چونکە کاری ئەم بەشە تەواو بوو.

بڕووانە ڕووکاری سایتەکە دووای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان:




## هەنگاوی شەشەم: گۆرینی فەیڤی ئایكۆن Change Favicon

ئایكۆنێك كە بۆ سایت دادەنرێت، لە شریتی ناونیشانی ئەو وێبگەرەی Web Browser كە ماڵپەرەكەی پێدەكەینەوە دەردەكەوێت، پێی دەڵێن ئایكۆنی حەز (( ئایكۆنی هیوات)) Favorite Icon و بە كورتی دەبێتە Favicon، لە قالبە هەمیشە ییەكانی جوومله دا، فەیڤئایكۆنی Favicon جوومله دانراوە و، پێویستە بیگۆرین، بە بەكارهێنانی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:


1. فەیڤ ئایكۆنێك ئامادە بكە، بە بەكارهێنانی بەرنامەیەكی تایبەت یان سایتێكی تایبەت.

تێبینی:: ئایكۆنی فەیڤ بە پاشگری ئای سی ئۆ favicon.ico یە و پێویستە ئاگاداری ئەوە بین.


2. فۆڵدەرەكانی جوومله بكەرەوە كە لەناو WWWداتناوە، پاشان كلیك لەسەر فۆڵدەری Template بكە و بیكەرەوە.



3. پاشان فوڵدەری قاڵبی پرۆتۆستار Protostar بكەرەوە:




4. واباشترە ئەو فەیقی ئایكۆنەی ئامادەت كردووە هەر بەناوی favicon.ico بێت، بۆ ئەوەی تەنها لەبەری بگرینەوە Copy و لە فولّدەری كراوەی پرۆتۆستاراداProtostar ی بنێینەوە، واتە بیلكێنین Paste:





**تێبینی::** لەبەر ئەوەی ئەو فەیقیئایكۆنەی ئامادەمان كردووە، بە ناوی favicon.ico پاشەكەوتمان Save كردووە و، ئەو فەیقی ئایكۆنەشی لەناو فولّدەری پرۆتۆستارادا یە هەمان ناوی هەیە، بۆیە كاتێك دای دەنێینەوە لێمان دەپرسێت ئایا دەمانەوێت، لە جیاتی دای بنێین ؟ پێویستە كلیك لەسەر ئەو هەلبژاردنە بكەین كە لە جیاتی دانانە، واتە Copy & Replace هەلبژێرین.

5. ئیستا سایتەكە دەكەینەوە لەناو ویبگەرێك Web Browserدا و، سەیر دەكەین بزانین فەیقی ئایكۆنەكە بووە بەو فەیقی ئایكۆنەی Faviconداماناوە.



بەلّام هەندێك جار ئایكۆنەكە ناگۆرێت، هەتا ئەوكاتەی نوێ ی نەكەینەوە Refresh بۆیە پێویستە بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە نوێ یبكەینەوە Refresh، بەمەش فەیقی ئایكۆنەكە Favicon دەگۆرێت بۆ ئەو فەیقی ئایكۆنەی خۆمان دامانا.

1. دوواى ئەوەى سايتەكەمان كردەوە، لەسەر رووكارى سايتەكە كليكى راست بكە.
2. ليستيَك دەكريَتەوە و لەو ليستەدا كليك لەسەر View Page Source بكە.





3. لە رووكاريَكى نويَدا، كۆدى ئەو پەيجە دەكريَتەوە و، بەشويَن فەيقى ئايكۆن Faviconدا بگەرێ و، بيدۆزەرەوە:

```
<title>Home</title>
<link href="http://localhost/fp/" rel="canonical" />
<link href="/fp/index.php?format=feed&amp;type=rss" rel="alternate"
<link href="/fp/index.php?format=feed&amp;type=atom" rel="alternate
<link href="/fp/templates/protostar/favicon.ico" rel="shortcut icon
<link rel="stylesheet" href="/fp/templates/protostar/css/template.c
<script src="/fp/media/jui/js/jquery.min.js" type="text/javascript"
<script src="/fp/media/jui/js/jquery-noconflict.js" type="text/java
<script src="/fp/media/jui/js/jquery-migrate.min.js" type="text/jav
<script src="/fp/media/system/js/caption.js" type="text/javascript"
<script src="/fp/media/jui/js/bootstrap.min.js" type="text/javascri
```

4. كليك لەسەر لينكى فەيقى ئايكۆنەكە بكە:

```
<link href="/fp/templates/protostar/favicon.ico"
```


5. پاشان رووكاريَك نوێ دەكريَتەوە و لە رووكارە نوێ يەكەدا، كليك لەسەر دووگمەى نوێ كردنەوە Refresh ى وييگەرەكە Web Browser بكە، بەمەش فەيقى ئايكۆنەكە نوێ دەبيَتەوە و دەگۆريَت:




## هەنگاوی حەوتەم: فایلەکانی قاڵب و ستایل شیتەکان   Template Files & Style sheets

هەر قالبێك پێکهاتووە لە کۆمەلێك فایل و، سی ئیس ئیس و کۆدێکی زۆر بەکارهاتووە بۆ درووست کردنی و، ئەوانەی شارەزایی زمانەکانی ((هتمڵ HTML، سی ئیس ئیس CSS، پهپ PHP و جاڤاسکریپت JavaScript)) یان هەبێت دەتوانن دەستکاری تەواوی قالبەکە بکەن و، بە ئارەزووی خۆیان گۆرانکاری تیابکەن، ئێمە لێرەدا تەنها فێرتان دەکەین چۆنە فایلەکانی هەر قالبێك ببینن و بیکەنەوە و، بە گوێرەی پێویست و شارەزایی خۆتان دەستکاری بکەن.

1. کلیك لەسەر بەشی درێژکراوە  Extension بکە.
2. کلیك لەسەر بەشی بەریوەبردنی قالب  Template Manager بکە.
3. کلیك لەسەر قالبەکان  Templates بکە، بۆ ئەوەی هەموو قالبەکان دەربکەون.





4. کلیك لەسەر ئەو قالبە بکە، کە دەتەوێ فایلەکانی ببینیت، بۆ نموونە ئێمە دەمانەوێت فایلەکانی قاڵبی پرۆتۆستار ببینین، بۆیە کلیکی لەسەر دەکەین.





تێبینی:: بۆ ئەو کەسانەی نەخشەسازی وێب  Web Design دەخوێنن، باشترین رێگەیە بۆ دەست راهاتن لەسەر دەستکاری کۆد و کۆد نووسی و، فێربوونی نەخشەسازی.

5. پاشان هەموو فایلەكانی پێكهێنەری قالبەكە دەردەكەوێت و، دەتوانین كلیك لەسەر هەر فایلێك بكەین و، بیكەینەوە و، بەمەش هەموو كۆدی ئەو بەشە دەردەكەوێت و، دەتوانین هەر كۆدێكمان بووێ بیگۆرین و، دووای گۆرانكاری خەزنی بكەینەوە Save، بۆ نموونە ئێمە كلیك لەسەر index.php دەكەین و، بۆ تاقیكردنەوە دەستكاری كۆدێكی كەم دەكەین:




6. دەگەرێین بە شوێن كۆدی ئاراستەی نووسینی ناو لاشە Body و دەیدۆزینەوە و، دەیكەین بە راست بۆ چەپ بۆ ئەوەی لەگەل نووسینی كوردی بگونجێت و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی پاشەكەوت كردن و داخستنەوە Save & Closeدەكەین:


```
<html xmlns="http://www.w3.org/1999/xhtml" xml:lang="<?php echo $this->language; ?>" lang="<?php echo $this->language; ?>" dir="rtl">
```





## هەنگاوی هەشتەم:شوێنەكانی قالّب Template Position

بۆ ئەوەی بزانین مۆدیوڵ Module و بەشەكان بۆ كام شوێنە زیاد بكەین، پێویستە ، سەرەتا چەند هەنگاوێك جێبەجێبكەین و، دوواتریش بە هۆی كۆدێكەوە كە بریتی یە ?tp=1 لە دووای ناوی سایتەكەوە دەنووسرێت لە شریتی ناونیشان Address Bar ی وێبگەڕ Web Browserدا و پەنجە دەنرێت بە دووگمەی ئینتەر Enterدا، بە هۆیەوە شوینەكانی قاڵبەكە دەردەكەوێت و دەتوانین بە هۆیەوە مۆدیووڵەكان زیاد بكەین بۆ هەر شوێنێك :


1. كلیك لەسەر سیستەم System بكە و، پاشان كلیك لەسەر ڕێكخستنی گشتی Global Configuration:




2. بەڕێوەبەری قاڵب Template Manager بدۆزەرەوە و، كلیكی لەسەر بكە:




3. كلیك لەسەر دووگمەی چالاككردن Enable ی بەردەم پیشاندانی شوێنەكانی مۆدیوڵ Preview Module Position بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی خەزنكردن و داخستن Save & Close بكە:




5.لە دوای کردنەوەی سایتەکە لە وێبگەڕ web Browserدا، کلیك لەناو خانەی ناونیشان Address بکە و، لە دوای / بنووسە ?tp=1 و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر Enterدا.







# هەنگاوی نۆیەم: زیاد كردنی بەرنامەی بچووك و ئامادە Module


لەم هەنگاوەدا باس لە زیاد كردنی چەند بەرنامەیەكی بچووك و ئامادەكراو دەكەین بۆ سەر رووی سایتەكە، كە هەر بەرنامەیەك و كارێكمان بۆ ئەنجام دەدات، وەكو زیاد كردنی بەشی گەران، پیشاندانی وێنە، پیشاندانی وێنەكان بە تێكەل و هەرەمەكی و، ........ .

## یەكەم:: زیاد كردنی بەشی گەران Search


1. كلیك لەسەر Extensionبكە .
2. پاشان كلیك لەسەر بەریوەبردنی مۆدیوڵ Module Managerبكە.




3. لەو رووكارەی دەكریتەوە، كلیك لەسەر دووگمەی نوێ Newبكە:




4. بەشوێن ئەو مۆدیولەدا بگەرێ كە ئەتەوێ زیادی بكەیت و كلیكی لەسەر بكە، لێرەدا مۆدیوڵی گەرانمان ئەوێ، بۆیە كلیك لەسەر Searchدەكەین :



5. پاشان رووكاری تایبەت بە زیاد كردنی گەران دەكرێتەوە و، دەتوانن یەك یەك بەشەكان بخوێننەوە و، بەكاری بهێنن:

- ناونیشان Title: لەم بەشە دا ناوێك بۆ مۆدیولەكە دەنووسین.
- بەشی پیشاندانی ناونیشان Show Title، دوو هەلبژاردەی هەیە و، ئەگەر كلیك لەسەر Yes بكەین، ئەوا بەلێ یە و ناونیشانەكە لەسەر رووی سایتەكە دەردەكەوێت و، ئەگەر نا No هەلبژێرین بە پێچەوانەوە دەرناكەوێ.
- شوێن Position: بە هۆی ئەم بەشەوە دیاری دەكەین كە مودیولەكە بخەینە چ شوێنێك، بۆ نموونە لە قالبی پرۆتۆستاردا، دەیخەینە شووێنی تایبەت بە گەران، شوێنی سفر Position 0.
- ناونیشانی سنووق Box Label.
- پانی سنووقی گەران Box Width.
- نووسینی سنووقی گەران Box Text.
- دووگمەی گەران Search Button.
- شوێنی دووگمەی گەران Button Position.
- وێنەی دووگمەی گەران Search Button Image.
- نووسینی سەر دووگمەی گەران Search Text.

هەروەها لە تابی Menu Assignmentدا، دیاری دەكەین كە ئەو بەرنامە بچووكەی زیادی دەكەین لە سەر چ لاپەرەیەك دەربكەوێ:

- لە سەر هەموو لاپەرەكان On All Pages.
- هیچكام لە لاپەرەكان No Pages.
- تەنها لەسەر ئەو لاپەرانەی دیارییان دەكەین و هەلّیا ئەبژێرین Only On The Pages Selected.
- ەسەر هەموو لاپەرەكان جگە لەوانەی دیاری كراوە On All Pages except those selected .

لە کۆتایدا کلیك لەسەر دووگمەی خەزنکردن و داخستنەوە Save & Closeدەکەین و بەهۆیەوە کارەکەمان پاشەکەوت دەکەین و، سەیری رووی کاری سایتەکە دەکەینەوە، دەبینین بەشی گەرانی بۆ زیاد بووە.




## دووەم:: دانانی وێنە Adding Images

ئەگەر بمانەوێت وێنە زیاد بکەین بۆ هەر شوێنێکی قاڵبەکە، ئەوا بە شوود وەرگرتن لە مۆدیوولی Custom HTML کارەکە دەکەین.

1. کلیك لەسەر Extension، پاشان کلیك لەسەر Module Manager، دوواتر کلیك لەسەر New، پاشان کلیك لەسەر Custom HTML:

Extension -→ Module Manager -→ Custom HTML

2. رووکاری تایبەت بە دانانی وێنە و بابەت و نووسراو و هاوکات کۆدی هتمڵ HTML دەکرێتەوە:
3. لەو رووکارەی کراوەتەوە کارەکان ئەنجام دەدەین:

- لە خانەی ناونیشان Title دا ناونیشانی بابەتەکە دەنووسین
- بەشی پیشاندانی ناونیشان Show Title، دوو هەلبژاردەی هەیە و، ئەگەر کلیك لەسەر Yes بکەین، ئەوا بەڵێ یە و ناونیشانەکە لەسەر رووی سایتەکە دەردەکەوێت و، ئەگەر نا No هەلبژێرین بە پێچەوانەوە دەرناکەوێ.

- شوێن Position: بە هۆی ئەم بەشەوە دیاری دەکەین کە مودیولەکە بخەینە چ شوێنێك، بۆ نموونە لە قالبی پرۆتۆستاردا، دەیخەینە شووێنی لای چەپ، کە ئەگەر سەیری شوێنەکان Positions بکەین، دەبینین شوێنی هەشتە لە قالبی پرۆتۆستار Protostarدا.
- بە هۆی دووگمەی وێنە Image وە ئەو وێنەیە دەهینین کە دەمانەوێ دای بنێین،

هەروەها لە تابی Menu Assignmentدا، دیاری دەکەین کە ئەو بەرنامە بچووکەی زیادی دەکەین لە سەر چ لاپەرەیەك دەربکەوێ:

- لە سەر هەموو لاپەرەکان On All Pages.
- هیچکام لە لاپەرەکان No Pages.
- تەنها لەسەر ئەو لاپەرانەی دیارییان دەکەین و هەڵیا ئەبژێرین Only On The Pages Selected.
- ەسەر هەموو لاپەرەکان جگە لەوانەی دیاری کراوە On All Pages except those selected
- لە کۆتای دا کلیك لەسەر خەزن کردن و داخستن Save & Closeدەکەین و، سەیری سایتەکە دەکەین بۆ بینینی ئەنجامەکە:



بەهەمان شێوە چەند وێنەمان هەبێت و بمانەوێ زیادی بکەین، دەی هێنین و دای دەنێین لەو شووێنەی کە دەمانەوێت.

## هەنگاوی دەیەم: درووست کردنی پۆلێنەکان Create Categories

پۆلێنەکان Categories ئەو بەشانە دەگرێتەوە کە ماڵپەرەکەی لێپێکدێت و، بەهۆی پۆلینەوە لاپەرەکانی وێب Web Pages درووست دەکەین، بۆ نموونە ماڵپەرەکەی ئێمە پێکهاتووە لە :

- سەرەکی Home
- دەربارەی ئێمە About Us
- پەیوەندی کردن Contact
- خزمەتگوزارییەکان Services

بەڵام خزمەتگوزارییەکانیش پێکهاتووە لە چەند جۆرێك خزمەت گوزاری بۆیە، دیسان ئەمیش پۆلێن ئەکەینەوە، بۆ ئەو بە شانە، واتە خزمەتگوزارییەکان دەبێت بە باوان بۆ ئەوانی تر:

- خزمەتگوزارییەکان Services

+ درووستکردنی سایت Create Website

+درووست کردنی رایەڵە Create Network

+نەخشە سازی رایەڵە Network Design

+درووست کردنی بنکەی زانیاری Create Database


+درووستکردنی سیستەمی چاودێری Create Security System

بۆیە پێویستە یەك یەك ئەم لاپەرانە درووست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بابەتەکانمان لەم لاپەرانە دا بلاو بکەینەوە.

### درووستکردنی لاپەرەی دەربارەی ئێمە

## Create About Us Page


5. كلیك لەسەر بەشی ناوەڕۆك Content بكە.
6. كلیك لەسەر بەشی بەڕێوەبردنی پۆلێن Category Manager بكە.
7. كلیك لەسەر Add New Category بكە.




8. ڕووكاری تایبەت بە درووست كردنی لاپەرە و پۆلێنێكی نوێ دەكرێتەوە و بەهۆیەوە لاپەرەیەكی نوێ درووست دەكەین:

- لە خانەی ناونیشان Title دا، ناوێك بۆ پۆلێنەكە دەنووسین. ئێمە لێرەدا لاپەرەیی دەربارەی ئێمە About Us درووست دەكەین بۆیە ئەو ناونیشانە دادەنێین.
- لە خانەی نازناو Aliasدا، نازناوێك بۆ لاپەرەكە دەنووسین.
- ئەگەر ئەم لاپەرەیە سەر بە لاپەرەیەكی تر بێت و بەشێك بێت لە لاپەرەیەكی تر، ئەوا لەبەشی باوان Parent دا، لاپەرەی باوان دیاری دەكەین كە بەهۆیەوە ئەم لاپەرە نوێ یە سەر بە لاپەرەی باوان دەبێت. بەلا لیرە دا لاپەرەی دەربارەی ئێمە سەر بەخۆیە و سەر بە هیچ لاپەرەیەكی تر نی یە.
- لەبەشی دۆخەكان Statusدا، دیاری دەكەین، كە ئەو لاپەرەیەی بنیاتی دەنێین لە دۆخی بڵاوكردنەوە Publishedدا بێت، یان دۆخی بڵاونەكراوە Unpublished، وە یاخود دۆخی ئەرشیف Archived، یان دۆخی فرێدراو بۆ بەشی پاشماوەكان Trashed.
- لە بەشی دەستپێگەیشتن Accessدا، دیاری دەكەین كە كێ بتوانێت دەستی پێی بگات، هەموو كەس و گشتی Public، میوان Guest، بەكارهێنەری باڵا Supper User، تۆمار كراو Registered، و كەسی تایبەت Special.
- لە بەشی زمان Languageدا، دیاری دەكەین كە ئەو لاپەرەیە بۆ چ زمانێك بێت.

- ئەگەر وەسفمان هەبێت لە بەشی وەسف Descriptionدا، دەینووسین کە بەرنامەیەکی بچووکی نووسینە و، بۆ نووسین سوودی لێوەر دەگیرێت، کە هاوکات دەتوانرێت وێنە و ..... بۆ دابنرێت.




لە کۆتایدا:

- کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن Save دەکەین بۆ خەزن کردنی کارەکەمان.
- یان کلیك لەسەر دووگمەی پاشکەوت کردن و داخستن Save & Closeدەکەین، ئەگەر بمانەوێت کارەکەمان خەزن بگەین و بەشەکەش دابخەینەوە.
- یان کلیك لەسەر دووگمەی Save & New دەکەین، ئەگەر بمانەوێت کارەکەمان پاشەکەوت بکەین و پەرگەیەکی نوێش بکەینەوە.
- یان کلیك لەسەر Cancelدەکەین، ئەگەر پەشیمان ببینەوە لە کارەکەمان.


## درووستكردنی لاپەڕەی پەیوەندی

## Create Contact Page

لاپەڕەی پەیوەندی كردن Contact كە مێك جیاوازە لە لاپەڕەكانی تر، چونكە دوو بەشی گرنگ لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش بەشی زانیاری تایبەت كە خۆمان دەینووسین و داغڵی دەكەین، هەروەها بەشی فۆرمی پەیوەندی كردن كە بەرنامەكە خۆی بۆی ئامادەكردووین و ئێمە تەنها ڕێكی ئەخەین كە بە چ شێوەیەك و لە كوێ دەربكەوێت. هەربۆیە بەناچاری بە وردی باسی دەكەین و لە كوێدا لە درووستكردنی لاپەرە و پۆلێنی ئاسایی چوو، دەنووسین بڕووانە باسەكەی پێشوو.

### یەكەم: درووست كردنی پۆلێن Create Category


4. كلیك لەسەر بەشە پێكهێنەرەكان components دەكەین.





5. پاشان سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندی Contact و، دوواتر سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پۆلێنەكان Categories و كلیكی لەسەر دەكەین.
6. پاشان كلیك لەسەر دووگمەی نوێ New دەكەین و بەشی درووستكردنی پۆلێن Category دەكرێتەوە و، بەهۆیەوە پۆلێن و لاپەرەیەكی نوێ درووست دەكەین، وەك لە باسەكەی پێشوو درووستمان كرد.

## دووەم: دروستكردنی پەیوەندییەكان Create Contacts

4. كلیك لەسەر بەشە پێكهێنەرەكان components دەكەین.




5. پاشان سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندی Contact و، دوواتر سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر بەشی پەیوەندییەكان Contactsدەكەین و ، پاشان كلیك لەسەر نوێ New دەكەین.





6. پاشان بەشی تایبەت بە پەیوەندی دەكرێتەوە و فۆرمی تایبەت ی پر دەكەینەوە:

- لە خانەی ناو Nameدا ناوێك دەنووسین بۆ ئەو بەشی پەیوەندییەی درووستی دەكەین.
- لە خانەی نازناو Alias دا، نازناوێك دەنووسین بۆ ئەو لاپەرە و بەشەی درووستی دەكەین.

پاشان چەند تابێكمان هەیە و لە تابی پەیوەندی نوێ New Contact:

- لە بەشی Linked Userدا، ئەو بەكارهێنەرە دیاری دەكەین كە دەمانەوێت نامەی پەیوەندییەكانی بۆ بچێت.
- لە بەشی Imageدا، وێنەیەك هەڵبژێرین.

- لە خانەی شوێن Positionدا ناوی شوێن و لەخانەی نامەی ئەلیكترۆنی E-Mail ئیمەڵ و لەخانەی Addressدا، ناونیشان دەنووسین.
- لە خانەی شار Cityدا، ناوی شار و لە خانەی ویلایەت Stateدا، ویلایەت دەنووسین، ئەگەر هەبێت.
- لە خانەی زیپ پۆستاڵ كۆد Zip Codeدا، زیپ كۆدی ئیراق دەنووسین:




- لە بەشی پۆلێن Categoryدا، ئەو پۆلێنە هەلبژێرە كە پێشتر و لە ((یەكەم: درووست كردنی پۆلێن Create Category)) درووستمان كرد.


بەشەكانی تریش پر بكەنەوە و لە كۆتایی دا كلیك لە سەر Save & Close

## هەنگاوی یازنەیەم: درووستكردنی شریتی لیستەكان Create Menu Bar و دانەكانی لیست Menu Item:


كاتێك ماڵپەرێك درووست دەكەین بە جوومله هەر لەگەڵ درووست كردنی دا، شریتێكی لیستەكان هەیە، بۆیە دەتوانین ئەو لاپەرانەی درووستمان كردووە زیادی بكەین بۆ ئەو لیستە، یان لیستی تازە درووست بكەین.

یەكەم: زیادكردنی دانەی لیست Add New Item

- كلیك لەسەر Menu دەكەین.
- سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر Main Menu و پاشان Add New Menu Item، و كلیكی لەسەر دەكەین:




- ناو Name و نازناوێك Alias دەنووسین.
- لە Menu Item Type دا، جۆرەکەی دیاری دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لاپەرەی پەیوەندی زیاد بکەین، ئەوا Contact هەڵەبژێرین و، پاشان Single Contact.
- لە بەشی Link دا ئەو لاپەرەیە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت لینك ببێت بەم دانەیەی لیستەکەوە.




- پاشان کلیك لەسەر Save بکە ئەگەر دەتەوێت ئەنجامەکەت ببینی پێش داخستنەوەی بەشەکە، یان کلیك لەسەر Save & Close بکە ئەگەر دەتەوێت پاشەکەوتی بکەیت و دای بخەیتەوە. هەروەها ئەگەر دەتەوێت پاشەکەوتی بکەیتی و دانەیەکی نوێش بۆ لیستەکە درووست بکەی ئەوا کلیك لەسەر Save & New دەکەیت.

ئێستا دەمانەوێت دانەیەکی نوێ بۆ لیستەکە درووست بکەین، بە هەمان شێوەی پێشوو، بەڵام لە لە Menu Item Type دا، جۆرەکەی دیاری دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لاپەرەی خزمەتتگوزاری Service زیادبکەین، ئەوا Article هەڵەبژێرین و، پاشان Category Blog

- لە بەشی Link دا ئەو لاپەڕەیە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت لینک ببێت بەم دانەیەی لیستەکەوە.
- بەهەمان شێوە کلیك لەسەر Save & New دەکەین بۆ پاشەکەوت کردن و دانەی تر.

دووەم: درووست کردنی لیستی نویٚ Create New Menu

- کلیك لەسەر مێنیوو Menuدەکەین.
- پاشان Menu Manager.
- دوواتر کلیك لەسەر Add New Menu دەکەین و، بۆ ئەوەی لیستەکە درووست بکەین ناوی مینوو Title ، هەروەها جۆری مێنوو Menu Type و وەسف Descriptionدەنووسین.
- پاشان خەزنی دەکەین.
- دوواتر مۆدیولێکی بۆ زیاد دەکەین، کە مۆدیوولّی مێنیووە.

هەنگاوی دووانزەیەم:

لەم پرۆژەيەدا، مالپەرێكی تايبەت بە بازرگانی ئەليكترۆنی دروست دەكەين، كە هيكا شۆپە، هەنگاو و بەهەنگاو روونی دەكەينەوە، بەلاّم هەموو هەنگاوەكان بە وردی نانووسين، چونكە هەنگاوی دابەزاندنی راژەكاری وێب Web Server Installation ، هەنگاوی دروست كردنی داتا بەيس Create

Database و، هەنگاوی وەرگرتنی جوومله Downloading Joomla و دابەزاندن و يەكپێگرتنی جوومله و داتابەيس Installing & Configuration Joomla باس كراون.

هيكا شۆپ چييە What is Hika Shop؟

هيكا شۆپ درێژكراوە Extension ی تايبەت بە بواری بازرگانی ئەليكترۆنی E-Commerce يە بۆ جوومله Joomla ، ديارە جوومله درێژكراوە و پاشگر و پێكهاتە و پلەگينی تری زۆرە تايبەت بە بازرگانی ئەليكترۆنی، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەم هيكا شۆپەمان هەلبژاردووە.

1. هيكا شۆپ ئاسانە بۆ دابەزاندن و يەكپێگرتن Installing & Configuration لەگەڵ جوومله و ئيشی پێكردنی گونجاوە و قورس نی يە.
2. لە رووی ئامار و ژمێرەييە Statistics & Accounting زۆر بەهێز و گونجاوە Powerful & Flexible.
3. توانای وەلامادنەوەی هێلكاری هەيە و زۆر شياوە بۆ كاركردن Responsive Layout.
4. زياد و كەمكردن و رێكخستێكی گونجاو و ئاسانی هەيە.
5. ئامرازەكانی بازارگەری هەيە.
6. پاڵپشتی فرە فرۆشياری Multi-Vendor دەكات.

هەنگاوی يەكەم: دابەزاندنی راژەكاری وێب Installing Web Server

سەرەتا پێويستە يەكێك لە بەرنامەكانی راژەكاری وێب Web Server داببەزينيت بۆ ناو كۆمپيوتەرەكەت، دەتوانی هەريەكێك لەم راژەكارانە (( وامپ WAMP Server، يوو وامپ UWAMP Server، ئيزی پهپ Easy PHP Server، ئيكس ئەی ئێم پی پی XAMPP و ..... ..)) بەكاربهێنيت.

هەنگاوی دووەم: بنكەيەكی زانياری درووست بكە Create Database

دووای ئەوەی راژەکارەکەت دابەزاند، بنکەیەکی زانیاری درووست بکە بۆ ئەوەی جووملەی تیادا دابەزێنین و پێویستە ناوی بنکەی زانیاری و تیپەرە وشەکەی ئەگەر بۆمان دانا، لە بیر نەکەین.

هەنگاوی سێهەم: دابەزاندنی جوومله Installing Joomla

پاشان دەبێت پاکەتی جوومله لەناو بەشی تایبەت بە پێی جۆری راژەکارەکە، دا بنێین و، دەست بکەین بە دابەزاندنی جومله تا کۆتا هەنگاو.

هەنگاوی چووارە: داغڵبوون بۆ بەشی بەریوەبەر Admin Part

پێویستە بچنە بەشی بەریوەبەر بۆ ئەوەی پاکەتی تایبەت دابەزێنین و کاری لەسەر بکەین.

هەنگاوی پێنجەم: دابەزاندنی پاکەتی سایتەکەم My Site Package

کلیك لەسەر Extensionبکە

```
<footer class="footer">
		//	<p align="center">
			//	<jdoc:include type="modules" name="footer" 
style="no" />
			//	&copy; <?php echo $sitename; ?> <?php echo 
date('Y'); ?></p>
		</footer>
```



View publication stats